د. کاوس قەفتان

# پێنج تابلۆی شێوا

و

# چەند چیرۆکێکی تر

k
Ktebi Pdf

# تامپـۆن

## - ١ -

لەبەر ڕووی خۆی لەناو شووشەی سەر مێزەکە بەدی کرد . وەکو یەکەمجار بێت وەها خۆی بەڕاستی ببینێ ، بە سەرسامییەوە ڕووانییە ئەو ڕووە گرژو مۆنو ناڕێکەی کە ئەگەر بیگوشیایە تەنیا ژەهری لێ ئەتکا ، ژەهرو هیچی‌تر . هەوڵیدا بە نیمچە پێکەنینێکی نیوە مردوو ، شەماڵێکی فێنک بەسەر چۆڵستانی ئەو ڕووەدا هەڵکات‌و کەمێک بیگەشێنێتەوە ، بەڵام هێندەی‌تر تێک‌ترشا ، بەجۆرێک ئەگەر گیانی بێ ببەخشیایە ئەبووە دڕندەیەکی فێ لێهاتوو مێزەکەی شەق‌وپەق ئەکرد .

مەگەر هەر دڵی ڕەش‌و گیانی ماراوی لەئاست گوڵی جوان‌و بە بۆن‌و بەراما کوێرو لووت‌گیراو بێت .

ئەمەی بەدەمدا هات‌و نەی‌ئەزانی کەی‌و لە کوێ‌و لە کێوە ئەمەی بیستووە ؟ بەو نیازەی ئەو وێنەیە وون‌بکات ، سەری

هەڵبڕی ، هاوڕێ دوژمنەکەی لـە بەردەمیا وەستابوو ، هەستی کرد ڕووی ڕۆژی لێ گیراو سێبەرێـکی تەڵخ دای پۆشی • لەسـەر مێزەکەش ئەو کتێبەی بەدیاری بۆ دانا کـە قـەت بڕوای نەئەکرد ڕۆژێك لـە ڕۆژان ڕووناکی ببینێ • هـەتا چـەند ڕۆژێـك لەوەوبەر کـە باسی ئەوەی بەرگوێ بکەوتایە گاڵتەی پێ ئەهات و بەپەشمەوە ئەیووت :

ـ قسەیە ، فشەیە ، با هەر لە ورگی خۆی بدات •

لـە دڵی خۆشیا ئەیووت : نایەتەدی ، بەڵـکە ئەمە خـوایە بمرێ و ئەو ئامانجەی نەیەتەدی ! یان با مـن بمرم و ئەو ڕۆژە نەبینم •

بە دەستی بووایە پەنجـەی هـەموو نووسەرێکی ئەقرتاند ، هەر بۆئەوەی خۆی لە مەیانا بێت •

خـۆی پێ نەگیراو بەڕاهـاتنەوە دەستی درێژ کرد ، بەونیازەی لەناو دەستیا ئەمدیوو ئەودیوی بـکات و چاوێکی پیـا بخشێنێ • بەڵام وەکو پەنجـەی بەر پشکۆیەك ئاگری دۆزەخ کـەوتبێ خێرا کشانییە دوواوە ، لەگەڵیشیا چەناگـەی بەجۆرێك داکـەوت لە لاشەیەك ئەچوو بە سێدارەدا شۆڕ بووبێتەوە •

لەناکـاو هەستا ، بەرەو دەرگـای ژوورەکـەی ڕۆیشـت و لەخۆیەوە دای خست ، دووایی کردییەوەو چووە بەر پەنجەرەکەو

خستیه سەر پشت • کەمێك سەیری دەرەوەی کردو دووایی گەڕایەوە لای مێزەکەی • پڕی کرد بە پەرداخەکەداو ماڵەومال ئاوی تێ کرد • نای بەدەمییەوە ، تەنیا یەك قومی لێ‌داو دای‌نایەوە • لە بەرخۆشییەوە ئەیووت : ئا •• ڕاستە هەیە •• ئەڵێن هەیە •

بەتوندی بەرەو کورسییەکەی پێچی کردەوە ، یەك دوو تەپڵەکی خست • لە عارەبانەیەکی غازی ئەکرد وەرگەڕابێت •

کە لەسەر مێزەکەی دانیشت هەستی‌کرد هیلاکییەکی ئێجگار زۆر ماسولکەکانی ئەهاڕێو چاوەکانیشی هەتا بێن بچووك ئەبنەوەو پێڵوەکانی بەسەریانا ئەلکێن‌و ئەو جیهانە گەورەیەی لا ئەبێتە پەڵەیەك ، خاڵێکی ڕەشی بچووك •

جاران چاوی هەڵئەگلۆفت هەر بۆئەوەی بڵێن چاوی هیلاك بووی نووسەرێکە • بەڵام ئیستە بۆ یەکەم‌جار هەستی کرد هیلاکی دەروونە چاوەکانی بەیەکا ئەنووسێنێو خەواڵوویان ئەکات • ئەمجارە کە سەری هەڵبڕی هاورێ دوژمنەکەی لەوی نەمابوو •

بەترسەوە دەستی درێژکردو کتێبەکەی گرت • وەك بێچووە پشیلەیەکی تۆپیوی گرتبێ ، بێ‌ئەوەی سەیری بکات خێرا تووڕی دایەچەکمەجەی مێزەکەیەوەو دای‌خستو کلیلەکەشی لە قووڵ‌ترین‌و تاریک‌ترین سووچی جانتا گەورەکەیدا حەشار دا •

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ووتی :

ــ ئا بەمجۆرە حوکمی نەمـانو مردنی بەسەردا ئەدەم • بەڵێ ئەم کتێبە نییە ، نەبووەو نابێت •

مۆمێـکی کز ، دڵی ڕەشی ڕووناک کردەوە • هەر ئەوسـاتە بریاری‌دا قەت بیر لـەو کتێبـە نەکانەوە • « مـادام نییەو نەبووەو نابێت ، ئیتر پێویست ناکات بیری لێ بکەمەوە » •

ئەمەی‌ووتو گیـانی نەخۆش بە پەنجەی خۆهەڵخەڵەتاندن ختووکەیەکی پیـادا هـات • مۆتەکەکەی سـەر سنگی وازی لێ هێناو بەجێی‌هێشت • کـە ئەم ڕایەی لەسـەردا چەسپا ، ئەوسـا بریاری‌دا سەرێک لە (مجه) بدات • بەدەم هەستانەوە ووتی :

ــ با سەرێک لـەو تەمەڵی تەوەزەلە بدەم بزانم چی ئەکات ؟

ویستی بیر لـە (مجه) بـکاتەوە • کەچێک لە بەردەرگـای ژوورەکـەی وەستا ، لەوبەرەوە لەسـەر دار تووە چرەکـە دوو چۆلەکەی نێر لەسەر مێیەک ئەوە نەبوو چاوی یەکتر هەڵنەکۆڵن • لەولاشـەوە (حاجی) فەڕاش ، لە بەردەم ژوورەکەی مجەدا لەسەر کورسییـە حـەیزەرانەکەی پان بووبۆوە • خۆشی نەیزانی بۆچی لەجیاتی ئەوەی بیر لە مجه بـکاتەوە ، بیری لە چیرۆکەکەی مام ڕێوی کردەوە •

ڕێوی فێڵباز شێرەکەی بەکوشتدا ، کەچی خۆشی بە دەستی

راوکەرێک کوژراو لەناوچوو • کێ ئەڵێ ئەو ڕاوکەرەش بە دەستی ڕاوکەرێکی‌تر ناکوژرێت ؟ گوایە ئەم ئادەمیزادەی هەزار بەردی داوە بەپشتی ئیبلیسدا لەسەر پێستی ڕێوییەک برایەکی خۆی ناکوژێت ؟

وەستا • بۆچی بیری لەم چیرۆکە کردەوە ؟ چۆن گەیشتە ئەم رایە ؟ بزەیەك لێوەکانی کشاند • ئا •• بەڵێ تەنیا پیاوی مەزن‌و لێ‌هاتوو وا بەخێرایی ئەگەنە ئەم جۆرە ڕایانە ! بزەکەی هێندەی‌تر لێوەکانی کشاند • مەزنەکانی مێژوو هەموویان خاوەنی کردەوەی سەیر بوون ! لەناکاو ئەوەی بەسەردا هات کە مرۆڤ هەتا بەرەو پێشەوە بڕوات‌و زیاتر پێ‌بگات خووڕەوشتی ئەداتە دوواوە •

زەردەخەنەکە بەجورێک کشا ، ئەوە نەبوو درز بە لالغاوەی نەدا • زۆری نەمابوو دەستی ئافەرین نەدا بە پشتی خۆیدا • بەس لەناکاو بیری کەوتەوە کە دوێنێ فلان‌کەس ئەم جۆرە قسانەی بۆ کرد • بزەکەی سەرلێوی فش‌بۆوە •

ڕقێکی بێ‌شومار ڕژایە دەمارەکانییەوە • بەتەوژم بەرەو ژوورەکەی (محه) ڕۆیشت • لەوە ئەچوو بەپەلە بگاتە ئەوو داخی خۆی بەو بڕژێنێ • لەبەر خۆشییەوە ئەیووت :

ـ پف ، تف ، هەزار تف •• هەی داوەشێیت‌و کرمەڕێژ بیت ، تەمەڵ ، تەوەزەل ، بێ‌کارە ، هەر پێنج شەش ساڵ جارێك

دەستی قـــەڵەم ئەگرێت وائەزانێ مـــاری گرتووە • چمکی لاپەڕەیەک بە قسەی قۆڕ پڕ ئەکاتەوە • هـەر مەشپرسە لە هەزار ئاۆی داوە قولەپێی تەڕ نەبووە •

هـەر خۆی هەستی کرد یەکەم جارە شتێکی وەهـا بەپێزی بەدەمـدا بێت • بۆیە خەریک بوو بووەستێو بەرەو ژوورەکـەی بگەڕێتەوە هـەتا پێش ئەوەی لەبیری بچێتەوە بیخاتە سـەر کاغـەز • بەڵام وەکو یادی کتێبە بەندکراوەکە بەتەڕوبڕی هاتبێتەوە بەرچاوی خێـــرا بڕیاری دا نەگەڕێتەوە ژوورەکـەی • هێنـدەی تر گوڕی خواردەوە ، سەری نەواند ، لەوەی ئەکرد بیـەوێ باڵ بـگرێ ، لەداخـا ، لەڕقا بفڕێت • گەیشتە بەردەم ژوورەکە ، بەگوڕ پێچی کردەوە ، لەوەدابوو بڵێ : ئەگەر مێشکێک هەبێت ئەوە ئەم مێشکەی منە • هێشتا لە ووشەی مێشکدا بوو کە قەوما •

هەستی بەس بـە تەقەیەک کرد • ئەو تەقەیە هی چی بوو ، لـە چی ئەکرد ؟ ئەوە قەت بۆی ڕوون نەبۆوە • هـەر ئەوەبوو سەرو ڕوویەکی تێ ترشاوی بەسەریەکا ترنجاو ••• ئا ••• ئا ••• لەوانەی لـەئاوێنـەی قەڵبدا ئەبینرێن •• نا •• لەوانەی گۆرەوی نایلۆن ئەکـەنە سەریان ، لە بەردەمیا قوت بۆوە ، سەرێـکی نیوە ڕووتاوی دی بە دەموچـاوییەوە نووسـا ، لــە مریشکێـــکی ئاوەڕووت کراو ئەچوو ، پەڕەکانی بەئاسمانا ئەچوون و مـەلەیان ئەکرد • بەئاسمانێکدا هەمووی بوڕکان بوو و بۆمبا یەك بەدووای

یەکدا ئەتەقییەوە • هەر ئەوەی بێ کرا بپرسێ : ئەمـــە چییــە ؟ کەونە ؟ دۆزەخە ! یان ••• ؟

## - ٢ -

ورگــە شلەکەی وەک مەمـکی پیرێژنێک بەسەر کەمەریا شۆڕبووبۆوە • دەستێکی بڕسی بەسەر ورگیا هێناو ووتی :

- بنووسم ؟ هە•• ! بۆ کێ بنووسم ؟ ئەرێ کـــەی من ئەوەندە کورتبینو گـەوج بووم بیر لـــەم کـــارە بێبایەخە بکەمەوە ؟ کەمێک وەستاو لەسەری ڕۆیشت :

- بیر لە شتێک بکەرەوە سوودی هەبێت ، تامی هەبێت ، خۆشی بە گیانو بە لەش بدات •

ڕووی کرایـــەوە ، کـــەشتی بیـرو هەستی ڕووی کردە ڕۆخێکی تر • ئەمشەو خۆی بۆ ماڵی هاوڕێیەکی (بانگ) کردووە • ئێ •• ئەمەیە شت •• باسی ئەمەم بۆ بکە ، هەر ئەمـەو تەنیـــا ئەمە بیرکردنەوەو خۆخەریککردن ئەهێنێ ، خۆزگە کوبـــەی موسڵ •• نا •• خۆزگـە کفتەی خۆمانیان ئەبوو • هەستاو نزیک پەنجەرەکـە بووەوە ، لەوبەرەوە ئـەو دوو چۆلەکـــە نێـرەی بەدیکرد چۆن یەکتریان دائەپاچی •

- ئا •• ئەمـــەم بەرێ ، تەنیا شت خۆبەختکردن لەپێناویا

بهێنێ ئەمەیە • خۆمان بە شت دائەنێین کەچێ ئەبێ لە چۆلەکەوە فێـر بین •

گـەڕایەوە شوێنەکەی خۆی • بە بێ‌تاقەتی‌یەوە دانیشت ، جگەرەیەکی داگیرساند ، بەجۆرێک مژی لێ ئەدا لەوەی ئەکرد لە دووکەڵەکەیدا دەرمانی سـەرو دەروونـە ڕووتاوەکەی تیـا بەدی‌کردبێت • دووکەڵی جگەرە لەناو تووکی لوتیا وون‌ئەبوو ، مێشێکی چـەقاوەسوو قارسی کـرد • وەکو ئەمـە (مچە)ی هێنابێتەوە یاد بە بۆڵەوە ووتی :

ـ ئەرێ ئەوە چییە ؟ ئەم زەلامـە خۆی بـە چی ئەزانێ ؟ بەخـوا گەوجە • وائەزانێ مەزنێتی‌و بلیمەتی لە دەبەنـگیدایە ، گـەورەیی‌و نەمری لـە زۆری‌دایە • هـەرچی زۆری نووسی گەورەو بەهرەدارە ! قسەی قۆڕ ، واتە زۆر بێ‌و بۆر بێ ! نا •• کوڕی باش ، کـەم بێ‌و بوخت بێ • وادیارە ئەمەی نەبیستووە ، یان بیستوویەتی ، بەڵام دڵنیام لەوەی تێی‌نەگەیشتووە • هـا •• ! مەرج‌بێ ئەمـە بکاتە پارچـە هۆنراوەیەک • ئاخ ئەوەندەی شتی بەبایەخ بەبیری ئەمدا دێت ! بەس داخی گران کاتی نییە بیانخـاتە سـەر کاغـەز • ئای لە بێ‌کاتی •• هـەزار نەعلەت لە بێ‌کاتی • جارێکی‌تر هەستایەوە ، کاغەزە سپییە پرش‌و بڵاوەکانی سـەر مێزەکەی گردکردەوەو لە بەرخۆشییەوە ئەیووت :

ـ زۆر نووسین بە چی ئەچێت ئەگـەر داهێنانی تێدا نەبێت ،

وازی لـه کاغەزەکان هێناو بێخەمانە چاوی بڕییە دیوارەکـە ، ئەوەندە درێژەی کێشا ئەوە نەبوو دیوارەکە نەسمێ .

ـ ئـەو گەوجە نووسینەکانی لە خۆی قەڵبترن . باشـتر وەهایە بێتە ڕاوچی ، ڕاوەماسی بـکات ، خۆ ئەگەر ترازاو کەوتە ئاوەکەوە ئەوە سـەر ئاو ئەکەوێت و تەڕیش نابێت .

ئەمـەی ووت و هەمهەمێـکی کردو ڕووی بـە پەردەیەکی سەنگینی درۆزنانە داپۆشی و لەسەری ڕۆیشت .

ـ ناڵێم مـن زۆر ئەنووسم . نا .. کەم .. ئێ زۆر کـەم ئەنووسم ، بەس شتیان تێدایە .. داهێنانیان تیایە .

یەک دوو ئحم ئحمی کرد . هەرچـەند درۆی بکردایە ، بە فشەو خۆهەڵکێشان بیری لـە خۆی بکردبایەوە ، وای ئەزانی بەو ئحمانە درۆکانی ئەسڕێتەوەو وسڵ دەرئەکات . سەری ڕاوەشاندو نووچنووچێکی کرد . دوو دانی لای ڕاستی سەرەوەی شکابوون ، سـەری زمـانی وەکو سەری کیسەڵ ئەهاتە دەرێ ، هەمیشە لـەوە ئەچوو بیەوێ جرت لێ بدات . هەرچەند لێیان ئەپرسی ئەو دوو دانە بۆچی شکاون ، هەموو جار وەلامێکی ئەدایەوە لە وەلامەکانی جارانی نەئەکرد . ڕاستیەکەشی ئەوەبوو لە هەڵپـەی خـواردندا ئێسقانی بەگۆشتەوە داکرماندبوو . ڕاستی ووتن لای ئەو بقە بوو .

هەستی کرد لەناو بێتاقەتی لەشی دائەهێزرێ . بەرەو دەرگاکە

بزوا ، بۆکوێ ؟ خۆشی نەیئەزانی • هـەر بچێتە دەرێ ، ئیتر بۆ کوێ ئەڕوا با بڕوات • با وەکو هەموو کاتێك قاچی سـەرقافلەی بێت • وەکو گوللە بەرەو دەرگاکە تێی تەقاند • ئا لێرەدا لەویشـ قەومـــا •

نەیزانی چی ڕووی‌دا ؟ هەستی تەنیـا بـــەوە کرد وەك کراسێکی سوورمەیان بەسەر چاویا دابێت ، هەزارەها ئەستێرەی وورد یاری‌یان تیادا ئەکرد • ڕوومەت‌و بەرسمێلی تەڕ بوون • تۆ بڵێی لە مالی هاورێیەکەی بێت‌و شۆرباى بەسەردا رژابێت ؟ کـــە دەستی‌برد بۆ ڕوومەتی ، بۆی دەرکەوت فرمێسکەو بەتەوژم بـە ڕوویدا دێتە خوارێ •

- ٣ -

بەڕاستی ئەم خەڵـکە سەیرن • لە شتی وەها ئەپرسن‌و شوێن ڕووداوی وەهـا ئەکـەون کـەم‌و زۆر گوێ پێ‌دان ناهێنێ • دوو ئوتۆمۆبیـل یەکتری ئەشێلن ، خانوویەك ئەڕووخێت ، لافـاو هەڵئەستێت ، منالێك سوالّ ئەکات ، کـەس گوێ‌نادات ، کەچی دوو زەلام (تاپۆن) ئەکـەن ، ئیتر ئەم خەڵکە ئەورووژێن کاریان دێتـە سـەر ئەوەی بێ‌ووچان سەری لێ بدەن‌و بۆژۆی بـکەن‌و تاقەتیان لەوە نەچێت ئەو ڕووداوەی جارەهای جار پێ بگێڕنەوە • بەڕاستی سەیرە ، مەگەر هەر خوانتەعالا خۆی بزانێ ئەم خەڵـکە بۆ وای لێ‌هاتووە •

حاجی فەڕاش ئەمـەی ئەووت‌و ئەووتەوە • نەوێ ڕاستی بێ ئەمـەشی پێ خۆش‌بوو و گـازەی سمێڵی ئەهـات • بۆ نا • جاران کەس ئاوڕی لێ نەئەدایەوە ، بەدەگمەن سڵاوێکی لالووتی لێ ئەکرا ، کەچی پاش ئەم ڕووداوە ، هەمووان لێی ئەپرسنەوەو چای بۆ ئەکرن‌و بگرە جگەرەشی بۆ دائەگیرسێنن‌و لێی ئەپرسن : ئادەی حاجی پێمان‌بڵێ چۆن ڕوویدا ؟

ـ ئەرێ ئەم هەرایە لەپای چی ؟ بەڕاستی خوێندن پیـاو ئەقڵ سووک ئەکات •

ئەمـەی لەبەرخۆیەوە ئەووت‌و دووایش لە دڵەوە ئەیووت:

ـ کاکە هەر مەپرسە ! بڕوا بکەن ئەم جیهانەم لەمسەرییەوە تا ئەوسـەری بڕیوە • بەس نییـە دووجـار حەجم کردووە • زۆر شتم دیوە • بەڵام لەمجۆرەم بەرچاو نەکەوتووە • بـەران ، سابرین ، گـا ، گامێش ، چڕایەیان ئەکەوێت شەڕە قۆچی وەهـا بـکەن • خاوەنی دوو مەحرەمم‌و شەش بەشەش تەڵاق ئەخـۆم باوکیشم شتی وەهـای نەدیوە • ڕووداوی وەها هەر ئەوە ئەهێنێ پشتاوپشت باس بکرێت‌و بگێردرێتەوە •

ئەمـەی ئەووت‌و تفێکی قووت‌ئەداو خۆی ئامـادە ئەکردو لەسەری ئەڕۆیشت :

ـ گوێ‌گرن ، چۆنم دی وەها بێ‌کەم‌و زیاد ئەیگێڕمەوە •

مامۆستا (محه) له ژووره‌که‌ی هاته‌ده‌رێ . چاوم لێ بوو که‌مێك وه‌ستا . له‌به‌رخۆیه‌وه سه‌ری ڕاوه‌شاند . له دڵی خۆمدا ووتم : وادیاره خه‌ریکی عیلمه . بۆ ناه تۆ بڵێی له مه‌لا شێره‌که‌ی مزگه‌وته‌که‌شمان که‌متر بێت ؟ خوایه تۆبه‌و هه‌زارجار تۆبه زاتی ئه‌وه بکه‌م به‌ده‌مما بێت که ... !

وازبێنن .. ڕایه‌م ناکه‌وێ شتی وه‌ها به‌ده‌مما بێت ! ده‌ی با ته‌واوی بکه‌م .

وه‌ك تێسکه‌ی تفه‌نگ به‌ره‌و ئێمه هات . مامۆستا (محه)ش وه‌کو بۆنی بریانی کردبێت ، که‌مێك وه‌ستاو ده‌ستێکی بۆ ژووره‌که‌ی مامۆستا (محه) درێژ کردو به پاشگه‌زبوونه‌وه ته‌واوی کرد :

ئه‌زانن که‌مێك نه‌وسنه‌و حه‌زی له خواردنه .

جارێکی‌تر وه‌ستاو ده‌ستی بۆ وورگی ڕاکێشاو به‌ده‌م لێوگه‌ستنه‌وه وه‌کو کفری کردبێت له‌ژێر لێوه‌وه ووتی :

– دوو حه‌جم کردووه ، خوایه لێم مه‌گره ، حه‌ز به بوختان ناکه‌م .

– ده‌ی بابێینه‌وه سه‌ر باسه‌که : مامۆستا محه‌ش له‌ناکاو له ژووره‌که‌ی هاته‌ده‌رێ . ئه‌گه‌ر بڵێم تانجی به‌خیلی پێ ئه‌برد ، ره‌نگه بڕوام پێ نه‌که‌ن . که ئه‌مه‌م دی هه‌ستم کرد کاره‌ساتێك خه‌ریکی ڕوودانه . ویستم هه‌ستم و ئاگاداریان بکه‌م ، به‌ڵام هه‌تا

من هەستام و دەمم کردەوە ، قەوما .. بەڵێ قەوماو دایان بەیەکدا .

لەسەر کورسییەکەی هەستاو هەوڵیدا بەدەستی نەخشەیەک بکێشێ و رووداوەکەی بێ ڕوون بکاتەوەو لەگەڵیشیا ئەیووت .

ـ قورئان بەهەقت، بەجۆرێک دایان بەیەکدا ، هەر مەپرسن ، باسی مەکەن ؟ ئەگەر کورسییەکەمم نەگرتایە ئەوە لەتاو لەرزین ئەکەوت . لە یەک دوو ژوورەوە خەڵکی سەریان دەرهێنـا . وایان ئەزانی فرۆکـە هاتووەو بەنزمی بەسەرمانا فڕیوە . ئەگـەر شاخی گڵەزەردەو ئەزمڕ بیاندایە بەیەکدا هەر ئەوەندە گرمـــەیان لێ هـەڵ ئەستا .

وەستاو هەناسەیەکی هەڵکێشا . چـاوی لە بەردەرگاکـە چەقاندبوو لەسـەری ڕۆیشت : هـەردووکیان ، مامۆستا محـــەو مامۆستا مجە ، بۆ داوەیەك وەستان ، ئەرێ وەڵلا باشترە بڵێـم چەقین . لـە دوو پشیلەی تووڕە ئەچوون ، بەجۆرێک لـە یەک مۆڕئـەبوونەوە ترسـام لـەوەی یەکتری پاکۆ بدەن . بەس بڕوا بکەن یەکتریان نەئەدی . نەک یەک تەلاق بەڵـکو هـــەزار تەلاق ئەخـۆم چـاویان لەیەک نەبوو ، چونکە فرمێسک وەک تافگەکەی بێخاڵ بەچاویانا ئەهاتە خوارێ . کاکە هەر مەپرسن .

ـ ٤ ـ

محە لـە ژوورەکەی بە وڕی دانیشتبوو ، وەی ئەزانی سەری

بووەتە میزەڵڵانو هەو ئەوە نییە نەفڕێت • سەری بەقورسی ڕائەوەشاند • دەمار گرتبووی بە مڵچەمڵچەوە ئەیووت :

– سەریشی ئەوەندە گەورە نییە • ئەگینا کاژەڵەی سەرەی وردو خاش ئەکرد • مچ •• مچ •• ! سوبحانەڵڵا ئەوە چیبوو ؟ ئەو سەرو کەللەیە لەجیاتی عیلم بەردوخشتو چیمەنتۆی تێدایە ، بۆیە وەها قورسبوو • من ئیتر لەمەودووا نانووسم • تووانای نووسینم نەماو گلەییشم لێ مەکەن •

**– ٥ –**

مچەش لە ژوورەکەی بەتوندی لاجانگەکانی ئەگوشیو ئەیووت :

– ئەوە سەرە ؟ جا کەی ئەو سەری هەبووە ؟ ئەوەندەی لە دەرەوە سافو لووسە لەناوێشەوە وەها ڕووتە • نەخێر ئەمە سەر نییە • ئەمە بەرداشەو تووکی لێ رواوە • باشبوو سەرمی لەناو شانما هەڵنەتەکاند • دەی باشەو با لەئیستەوە دڵی خۆی خۆش بکات • من لە ئەمڕۆوە داهێنانم نەما • بەڵێ نەماو هەزار حەیف نەما • دەستیبردو قەڵەمەکەی هەڵگرتو ئەو ڕستە بێهاوتایەی نووسی •

١٩٧٩/١/٢

# پێنج تابلۆی شێواو

- ١ -

کە چاوی کردەوە هێشتا تاریک‌و روون بوو • خانەنشین کردنی ناوەخت هەست‌و جۆشی لاوێتی کزنەکردبوو • گورج هەستاو دەستی بردو چاویلکەکەی هەڵگرت‌و لەچاوی کرد • چاویلکەکە وەک شوێنی خۆی باش بزانێت بێ‌لەقە لەسەر لووتە زلە لە کەللە شەکر چووەکەی داسەپی • کە چوو دەم‌وچاوی بشوات ئاو لەناو دەستشۆرەکەدا کۆبووبۆوە • ئەمە کەمێک سەرو دڵی گرت • هەرچەندە پەلەی بوو بەڵام دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر پاکی نەکاتەوە ئەوە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە • قۆڵی هەڵکرد• لەگەڵیشیا بەبۆڵەوە ئەیووت : زوو هەستام ، هەتا زوو بکەومەڕێ • هەر خوا بکا دووانەکەوم •

وەک زورنازەنێک گووپەکانی ئاوساند ، ئەوە نەبوو نەتەقێن• فووی ئەکردو لە دڵی خۆشیدا ئەیووت : مامۆستا کامەران

چاوەڕوانمە • دڵی ناسکە ، دوو ئەوەندەش قسە ڕەق و زمان درێژە •

هەموو لەشی نیشتە سەرئاوو • سەری قورس بوو و دڵەکزێ دای گرت • لەوکاتەدا ویستی چش بکات و واز بهێنێ ، جوڕنەکە کرایەوە • هەناسەیەکی سەرفرازی هەڵکێشاو بەرەو ئوتومبیلەکەی ڕۆیشت • کە لە گەڕاجەکەی هاتەدەرێ ، لە لای چەپیەوە گایەک و بڵدۆزەرێک وەستابوون • لەوەیان ئەکرد تەمەڵانە بەیەکەوە کاوێژ بکەن • کەوتەرێ • بیری لەوە ئەکردەوە چۆن مامۆستا کامەران خستیە سەر کەڵکەڵەی ئەم چوونە بۆ شار • هەرچەند سەریش لە شار ئەداتەوە ، ئەوەندە نەدیوو نەناسیاو ئەبینێ وای لێ دێت خۆی بەئاوارە دابنێت • کەچی هەر کە بریار ئەدات سەرێک لە شار بداتەوە ، هەموو گیانی ئەکەوێتە سەما • هەر لە تاسڵووجەشەوە کە ئەبینێ چۆن بەسنگ و دامێنی گوێژەوە نووساوە وەکو مەلۆتکەیەک بێت بە مەمکی دایکییەوە مەلاس بووبێت ، ئیتر خوێنی ئەکەوێتە کوڵان و بزەی شادی لێوەکانی ئەگرێتە باوەش و بگرە هەتا پەنجەکانیشی لەگەڵ سوکانەکەدا ئەکەونە گۆرانی ووتن •

بەڕێکەوت خۆی لە شێلانی سەرخۆشێک رزگارکرد ، کەوا دیاربوو مەست بوونی شەوی ڕابووردوو بەری نەدابێ • بەو گەرمایە ئاوێکی ساردی ڕشت • لە بەرخۆیەوە بە ڕقەوە ووتی :

ـ جاران بەدەگمەن سەرخۆشێك بە چاو ئەکرا ، کەچی ئەمڕۆ ، هەر باس مەکە • خەڵکەکە خراپ خوویان داوەتە خواردنەوە •

مامۆستا کامەران بە ڕوویەکی کەمێك گرژو بەتەوسەوە ووتی:

ـ دواکەوتی •

ـ دەستشۆرەکە گیرابوو •

چاوێکی گێلی پیا خشاندو پاش نەختێك ووتی :

ـ با منالەکان بەریان بدایە •

ـ منالەکان ؟ حەی ! خوا ئەزانێ هەتا ئەگەرامەوە ئاو ئەگەیشتە بنمیچەکە •

ـ وادیارە خراپ فێرت کردوون •

ئەمەی ووتو بە لایەکی چاوی تێی ڕووانی •

ـ نا بە چاوی تۆ لەچاو منداڵانی تر دا گەوهەرن گەوهەر ، بەڵام زەمانەکە گۆڕاوە ، زەمانەکە •

گەیشتنە دەری شار ، هەرچەند پێی بە بەنزیندا ئەنا ئوتۆمۆبیلەکە باڵی ئەگرت • بیری لەوە کردەوە چۆن جاران هەروا چەندساڵێك لەمەوبەر خەڵکی ئەو دەشتە چۆڵە کاکی بە کاکیەیان بەپێ یان بە کاروان ئەبڕی • لەم کاتەدا ڕۆژ لە کەل

هاتەدەرێ ، تیشکێکی لاوازی ڕژانە چاوی سروشتی خەوالو ، لەناکاو گەرمی کرد، ئەو تیشکە بێ تینەی ساتێك لەوەوپێش بەجورێك داغ بوو لەوە ئەچوو منالانی لاساری گەڕەك ئاوێنەیان دابێتەبەر •

- ٢ -

مامۆستا کامەران لەوە ئەچوو سەرخەو بشکێنێ ، غەبغەبەی تا سەر سنگی کشابوو ، وورگیشی تەنگی بە پێشی ئوتۆمۆبیلەکە هەلچنیبوو • بە پەنجەکانیشی یاری بە تەزبیحە دەنك ووردەکانی ئەکرد • هەواش بە گیڤەگیڤ لە پەنجەرە نیوە کراوەکەوە ئەهاتە ژوورێ • لەپڕ بە دەنگێکی بەرزەوە ووتی :

- تەمەنم پەنجا ساڵە ، لەوڕۆژەوەی هەستم بە بوونم کردووە بەشوێن کامەرانیدا ئەگەڕێم کەچی قەت دەستم نەکەوت • بڕواش ناکەم تازە دەستم کەوێت •

زۆر ڕقی لەم جۆرە بیرو قسەکردنانە ئەبۆوە ، بۆیە ویستی بلێ چش •

بەلام مامۆستا کامەران لەسەری ڕۆییو بوواری نەدا :

- لەبەرئەوە بڕیارمدا لە خێزانەکەم جیابمەوە •

ئاوڕێکی پڕ لە سەرسوڕماوی خێرای لێدایەوە ، بە چاوە

بچووکه زیره‌که شاراوه‌کانی پشت‌چاوێلکه ڕه‌شه‌که‌ی که‌مێک لێی وورد بۆوه • شتێکی تیا به‌دی‌کرد هه‌ستی قێزوبێزی لا جوولاند ، نه‌یزانی ئه‌و شته چییه ! ویستی بڵێ :

ـ قه‌ت به‌شوێن کامه‌رانیدا نه‌گه‌ڕاوم‌و عه‌ودالی نه‌بووم ، به‌لام ئه‌گه‌ر جارێکی‌تر له‌دایک‌ببمه‌وه ئه‌وه هه‌ر دایکی مناله‌کان ئه‌خوازمه‌وه • به‌لام یه‌ک پارچه شتێکی‌تری به‌ده‌مدا هات‌و بێ‌ئه‌وه‌ی خۆی پێ بگرێ ووتی : له‌کن خۆت ناویشت کامه‌رانه •

هه‌ستی‌کرد داچڵه‌کی ، غه‌بغه‌به‌که‌شی وه‌ک دووگی مه‌ڕ به‌سه‌ر سنگیا ئه‌هات‌و ئه‌چوو • به لچ‌له‌رزینه‌وه ووتی : وه‌ختی گاڵته نییه !

گژوگیا ڕووته‌ڵه‌کان کوێربووانه سه‌یری ڕۆژیان ئه‌کرد • بیریان له‌وه نه‌ئه‌کرده‌وه بنه خاوه‌نی ئه‌موستێک سێبه‌ر • گونده تاقانه‌کانیش له‌وه ئه‌چوون ئه‌ستێره‌ی وێڵ بن‌و به ده‌ستی هێزێکی دڵ‌ڕه‌ق له‌سه‌ر ئه‌و خاکه ڕووته پرش‌و بلاو کرابنه‌وه • خه‌ڵک‌و خوا تاک‌و ته‌راکه‌ش به که‌ساسی وه‌ستابوون‌و چاوه‌ڕوانی ئه‌وه‌بوون شوێنێک له ئۆتۆمۆبیلێکدا بدۆزنه‌وه •

هه‌ستی‌کرد ئۆتۆمۆبیله‌که ته‌واو نییه • له‌وه ئه‌چوو مامۆستا کامه‌رانیش به‌وه‌ی زانیبێ ، بۆیه به‌ته‌وسه‌وه ووتی :

ـ وادیاره ناته‌وێت زوو بگه‌ینه (مه‌نزڵ) •

- بەدەست من نییە ، وادیارە شتێک ڕوویداوە !

- ئەبووایە دوێنێ سەیرێکت بکردبایە •

- نەک سەیرێکم کرد بەڵکو باش سەیرم کرد • بەڵام کەی ڕووداو بەدەست ئێمەمانان بووە !

- هـای بێبەڵام کردی ، دەیسا بەوخوایە قەسـەم بەدەست خۆمـانە !

بە کەمچکلانییەوە ئاوڕی لێدایەوەو ویستی بڵێ : وائەزانی ئەمەش ژن تەڵاقدانە !

بەس هـەر ئەوەندەی چـاوی بـە غەبغەبە شـۆڕبۆوەکەی کـەوت ترسـا لەوەی ئـەو قسەیەی ئەوەندەی‌تر شۆڕی‌بکاتەوە • بۆیە دانی بەخۆیدا گرت •

ئوتۆمۆبیلەکـە وەکو لەجیـاتی بەنزین ئاو بخواتەوە ، بـە شەڕەشـەق تەکانی‌ئەدا • لـە نزیکترترین شوێن لای‌دایە لای فیتەرێک • هەر ئەوەندەفیتەرەکە ووتی : ئەمە وا زوو تەواو نابێت • مامۆستا کامەران بڕی‌کردبـە جانتا بچووکەکەیداو بەتووڕەییـەوە ووتی : ببوورە من ئەڕۆم •

لەدڵەوە ویستی بڵێ : دە بڕۆ ملت بشکێ •

بەڵام ئەمجارەش خۆی گرت‌و ووتی : فەرموو •

هەستی کرد هەواکەی دەوروپشتی پاک بۆتەوە • هەتا پێی کرا تێر هەڵی مژی •

## - ٣ -

فیتەرەکە لەناو مەکینەکەدا وون بووبوو ، سەری دابویە زریکە ، بێ ووچان ئاوە لیخنەکەی ناو تەرمۆسە کۆنەکەی هەڵئەداو لە بەرخۆشییەوە ئەیووت : جار نییە لێم نەکات بە قوزەڵقورت • گوێ درێژێکم بکرِی‌یایە باشتر نەبوو سالْ دەری دووانزەی مانگ دەستم تیادایەتی ، وارو وێخی پێ نەهێشتم •

کە ئاوڕی‌دایەوە، ڕوویەکی گەوجی ئێجگار بەخۆنازی بەدی کرد • کەللەی لە تۆپێك ئەچوو هێندە ناڕێك‌و ناقۆلا بێت ، هەتا ئەو منالانەش کە لەناو بێ‌دەرامەتی یاری بە تۆپی پەڕۆ ئەکەن ڕازی نەبن یاری بەو سەرو کەللەیەی ئەو بکەن • لەوە ئەچوو فیتەرەکەش ئەو کابرایەی بەدڵانەچووبێت ، بۆیە خێرا بەگرژییەوە ووتی : ئەمە پلاکی ئەوێت‌و پلاکیش دەست ناکەوێت !

ئەمیش بێ‌ئەوەی بیربکاتەوە ، خێرا چوو چوار پلاکی هێناو ووتی : بەڕێکەوت هەمەو بۆ ڕۆژی ڕەش دامناوە !

بەلای ئەمەوە ، ڕوژی ڕەشی هەموو کەسێك ، ڕۆژی ڕەشی ئەمیش بوو • بەڵام خێسە تووڕەکەی فیتەرەکە وای‌لێ‌کرد لێوی

خۆی بگەزێ • پیاوەگەش لەخۆشی‌یا چاوە گێلەگانی وەك گلۆپی ئوتۆمبیلە کەشخەکەی کەوتنە بریسك‌و هوورِ • دەستی گوشی‌و ووتی :

– من کۆنە شاعیرم • دەمێکە وازم لە شیعر هێناوە ، بەس ئەم کردەوەیەت وام‌لیٚ‌ئەکات بگەڕێمەوە سەری •

چاوە تیژەکانی زوو تێی‌گەیاند چ‌کەتنێکی بە خۆی کردو لە دڵی خۆشیدا ئەیووت : باشتر نەبوو ئەم پیاوەتییە نەکەم ؟ شیعر تاوانی چییە ؟

لە باڵەوە گرتی‌و بەزۆر لە لای خۆیەوە دای‌نیشاندو ووتی :

– ئەزانی بۆچی وازم لە شیعر هێنا ؟

سەرسوورماوییەکەی بەوەدا نەگەیشت بگاتە سەر لێوی • کابراکە بوواری نەداو تەواوی‌کرد :

– چونکە کەوتمە پرسین • بۆچی ؟ بۆ کێ بنووسم • بۆ سروشت ؟

گوایە سروشت ماوە ؟ تەواو گۆڕاوە • یان ووشك‌و نەپوتۆزاوییە یان سەوزو تەڕو باراناوییە • ووتیان چۆڵستان ئەکرێت بە بەهەشت کەچی هەتا بێت چۆڵستان زیادتر ئەبێت • ووتیان •• ووتیان •• بەڵام هیچی نەهاتەدی • سروشتەکە

بەجورێک تێکدراوە کەڵکی شیعر پیا هەڵدانی پێوە نەمــاوە • ڕەنگە بڕوام پێ نەکەیت ؟

بەداخەوە دەستیدا بەئەژنۆیاو تفێکی هۆقەیی تووڕدا •

ئەوە نەبوو شەق نەبات • هەر ئەمەی کــەم بوو • ویستی هەستێت ، بەڵام دەستی خستە سەر شانی‌و لەسەری ڕۆیشت :

– توخودا خۆت بڵێ قەیسی‌و ترێکەی ئەمڕۆ وەکو هینەکانی جارانن ؟ نا بەخوا • دەی کەواتە بۆچی شیعر بۆ مرۆف بنووسم ؟ ئاخ •••!

تفێکی هۆقەیی‌تری کرد •

– مرۆف •• براله ، تەنیــا تێ‌هەڵدان ئەهێنێ • دەی‌فەرموو یەک شوێنم پیشان‌بدە مرۆف بەخۆشی تیایا بژی ؟

پاکەتێــکی روسمانی دەرهێنا‌و جگەرەیەکی دایە • ســەری ڕاوەشــاندو ووتی :

– ناکێشم !

– بگرە •• ئەمە لەدانەی ئێرە نییە ، دوێنی لە دەرەوە بۆم هــاتووە !

– جــگەرەکێش نیم •

بە ئەوپەڕی گێلییەوە ووتی :

- سەیرە •• ! ئەی ئەم کاتە دوورو درێژە بە چی تەواو ئەکـــەیت ؟

بێ ئەوەی چـاوەڕوانی وەلامدانەوەی بـکات ، دەستێـکی خستەوە سەر شانیو ووتی :

- با بێینەوە ســەر باسەکەمـان • دەی پێم بڵێ لەســەرچی بنووسم •

ویستی هـەستێو پڕبەدەم بقیڕێنێ : نەعلەت لە توو نـــە نووسین ، ئاخ بۆ ووشە خەڵکی وەکو تۆ بەکاری بهێنێ •

بەڵام ئەمجـــارەش بە شەڕەشەق خۆی گرتو کـــابراش لەسەری ڕۆیشت :

- بۆ جرو جانەوەرو باڵندە بنووسم ؟ بۆ سیسارکە کەچەڵەو قـەلەباچـکـەو هـــەڵۆو مشکە کوێرەو بۆقو کیسەڵ بنووسم ؟ بلیمەتی خۆم لەم تەنـکایانەدا بەفیڕۆ بدەم ؟ نا •• برا بڕوا بـکە تاوانەو •• گوناهە •

دەستی لەســەر شانی لادا ، هـەستی بە سووکیەک کـرد گیانو لەشی داگرت • ئاوڕێـکی لـە فیتەرە سەرقاڵەکە دایەوە • لەولاشەوە سەگێـکی گـەڕی لاتی برس یاری بە چقڵی دارێک ئەکرد وەیئەزانی ئێسقانەو بەوە دڵخۆشی خۆی ئەدایەوە •

- جا ئێستە ئەپرسیت ، ئایا ژیان هەر ئەمانەن ؟

وەی‌زانی ڕزگاری بووە • بۆیە بە داچلەکینەوە ناوڕی لێ داسەوە !

پەنجەیەکی تووڕەی بۆ درێژ کرد بەونیسازەی وەڵامی بداتەوە ، بەڵام کابراکە ، کورتجانە هانەوە قسەو ووتی :

ـ دوور نیە ژیان وێنەو ڕوخساری جوانیشی هەبێ : بۆنموونە کەڵەشێر کە وەک مرۆڤ بەیەک مێ داناکەوێت ، یان وەکو مەڕ کە هەتا چەقۆ نەکاتە ملی نازانێ سەری ئەبڕن • ئیتر چی‌ماوە ؟ لەسەر مێش‌و مەگەزو مێشوولەو شەمشەمەکوێرە بنووسم ؟

سەیرێکی کابراکەی کرد • ڕوخسارێکی سەنگینی بە خۆی دابوو • هەستی کرد تووڕەییەکەی خەریکە ئەڕەوێتەوە • بۆ ماوەیەکی کورت نەی‌زانی لە ژیاندا ئەژی یان سەیری سێرکێک ئەکات • بێ‌ئەوەی بیەوێ بۆ کابراکە خنایەوە • کابراکەش خێرا ووتی :

ـ لەبەر ئەمانە وازم لە شیعر نووسین هێناو چوومە مەیانی فەلسەفە !

زەردەخەنەکەی سەر لێوی وەک بەر هەورە تریشقە کەوتبێ سووتا •

ختووکەیەکی خۆش دەمارەکانی لەشی بزوواند • خێرا ووتی :

ـ دەست خۆش ••

ـ لە ئەرستۆوە تا دووا فەیلەسووفی ئەم زەمانەم پاکۆدا •

ـ خوا یاریدەت بدات •

ـ نا •• پێویستیم بە یاریدە نەبوو • لــە ماوەیەکی کورتدا گەیشتمە ئەنجام • بزانە تەنیا من ••!

لێرەدا بەشانازییەوە دەستی دا بە سنگیاو تەواوی کرد :

ـ گەیشتمە ئەنجام • راستیم بۆ دەرکەوت • ئەزانی بۆ ؟

بەوەدا نەگەیشت بلێ نا ! قسەکەی تەواوکرد •

ـ چونکە ئەوان ، پیسایی خواردنیان تاقی نەکردبۆوە ، بەڵام من تاقیم کردەوە •

تا ئەمساتە ، بڕیاری وابوو هەر کە گەڕایەوە ئوتۆمۆبیلەکــە بفرۆشێ و خۆی لــەم جۆرە سەرئێشانە ڕزگــار بــکات • بەڵام ئێستە ئامــادەیە ئەملاو ئەولای ئوتۆموبیلەکــە مــاچ بکات و دەست بەسەریا بهێنێ !

ـ بەڵێ برام ••! کابراکە لەسەری ڕۆیشت •

ـ ســەرت سووڕ نەمێنێ • ڕاستە بۆنی هــەیە ، بەڵام کێ ئەڵێ تامی نییە ؟ ســەیرم مەکـــە ، ئەمڕۆ لە پیسایی پاکترین ئاو دروست ئەکرێت • جا لەپاش تاقی کردنەوەیەکی زۆر •••!

- برا هەستە •• تەواوبوو •

فیتەرەکە بەم سێ چوار ووشەیە ڕزگاری کرد •

خێرا هەستا • بێ ئەوەی گوێ بداتە تەواوکردنی قسەکانی بەرەو ئوتۆموبیلەکەی ڕای کرد • لە پەنجەرەکەیەوە دەستی بۆ دەرهێنا • وەك گوللە بەناڵەوە دەرچوو • لەدوورەوە لەوە ئەچوو گایەکی ئیسپانی بێت لەگەڵ هەوادا شەڕەقۆچ بکات •

- ٤ -

وەکو ئوتۆمۆبیلەکەی تینووی شاخو هەردو فێنکایی بێت سنگی بەرەو پێش ئەناو ڕای ئەکرد • بیری لەو شاعیرو فەیلەسووفە ئەکردەوە ، بەڵام لە کەللەزلەکەی بەولاوە هیچی تری نەهاتە بەرچاو • زۆر دوور نەکەوتبۆوە گرمە گرمێك لە ئۆتۆمۆبیلەکەی هەستا • شڵەژاو دەمار گرتی • بەڕقەوە وەستاو دابەزیو سەرەکەی هەڵدایەوە • بەدەم دەستبردنە ناوەوە سەری تەواو شۆڕکردبۆوە ، ئاسنی داغ بوو بەدەستیا چزا ، لەتاوا لەجیاتی ئەوەی سەر بەرزبکاتەوە نزمی کردەوەو لووتی نووسا بە ئاسنی جۆش دراوەدا • ئۆفێکی لێ هەستا • کە ڕاستبۆوە هەستی هەلاکیەکی کتوپڕ تەواو سستی کرد • پیکاپێک بەرەو ڕووی هات ، دەستی بۆ ڕاوەشاندو پاڕانەوەش لەڕووی ئەتکا • کە

وەستا ، داوای لێ کـــرد ڕای بکێشێ • شۆفەری پیکاپەکە بە سەردییەکەوە تێی ڕووانیو لەوەش ساردتر ووتی :

ـ دە دینـــار •

لەوە ئەچوو داوای دە فلس بکات •

ـ دە دینار ؟ خوا بناسە ، هەمووی دوو هەنگاوە ، خۆ خۆت ڕای ناکێشی •

دەمی بسووتایەو ئەمەی نەووتایە • شۆفەرەکە سوورهەڵگەڕاو شیرانی : کـەواتە فـەرموو خۆت ڕای بکێشە • وائەزانی ووڵاخی عارەبانەم ؟ بەتەڵاقم ئەگـەر نەمزانیایە دەمت تەتەڵـەی کردووەو نیازت پاکە بۆت دائەبەزیم شلکۆتی مەرگم ئەکردی •

دەمی قرووقەپ داخست ، زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە ، لەتاوا ئازاری پەنجەو دەستی لەبیرچووەوە •

ـ کاکە ببوورە ، ڕاستفەرمووی جاروبار دەم تەتەڵە ئەکات •• خـوا دەم بـگرێت •

ـ خوا بـکا یان نا •• من ئەوە نازانم • هەزار دنیارم بدەیتێ ( ڕاتناکێشم ) •

ئەمــەی ووتو پێی نا بــە بەنزیناو لێوەکانیشی ئە جرووڵانەوە • لێوی لەتاو کرۆشتن کەلەپاچە بووبوون • ئازاری پەنجەو ســەری

لووتی ورووژمیان بۆ هێنایەوە بەرچاویان لێڵ کرد • تەکانیدا بچێت لە ئاوێنەی ئوتۆمۆبیلەکەدا سەیرێکی لووتی بکات ، بەلام پیکاپێکی تری بەدی کرد • شۆفەرەکە هەر ئەوەندەی ناوی ڕاکێشانی بیست خێرا ووتی : پانزە دینار •

بە حەپەساوییەوە سەیری کردو ووتی : هەر ئێستە پێش تۆ داوای دە دیناریان کرد •

شۆفەرەکە بە لالووتێکەوە ووتی : ئەی بۆ ڕازی نەبوویت ؟ وا دیارە ئاگات لە دنیا نییە • تۆ کوێندەریت ؟

هەستی کرد بەڕاستی لەوە ئەکات خەڵکی وولاتێکی تر بێت • بە حەپەساوییەکی گەوجانەوە ، ڕووانییە شوفەرو پیکاپو دەشتو دەرەکە •

ـ ئەگەر بموتایە بیست دینار ، ئەوسا چەقەنەت بۆ پانزەکە لێ ئەدا •

ـ ئەمەش فەیلەسووفێکی تر ! کێ ئەڵێ ڕاست ناکات !

بە سستیو لەشێکی داهێزراوەوە چووە ناو ئوتۆمۆبیلەکەی • سەیرێکی خۆی لە ئاوێنەکەدا کرد • سەری سوور هەڵگەڕابوو • خەریکی ئەوە بوو بێتە بلق • دڵخۆشی خۆی بەوە دایەوە : بەس نییە ڕەش نەبوو •

# - ٥ -

منالێکی دە ساڵانە بەکزی لە بەردەم فیتەرخانەکەدا دانیشتبوو • وەستاکەش لەسەر قەنەفەیەکی کۆنی شڕ پان‌بووبۆوە • جگەرەی ئەکێشا ، تاقەتی نەبوو هەتا جگەرەکەش بتەکێنێ • لەوە ئەچوو منەت بەسەر هەواکەی دەوروبەریا بکات • وەکو گوێی لە سلاوە هیلاک‌بووەکەی نەبووبێت ، بە ئەوپەڕی ووشکی‌و ڕەقییەوە ووتی:

– دەستم بەتاڵ نییە !

هیلاکی‌و گەرما ، ئازاری پەنجەی داپلۆخاوو سەری لووتی سووتاو هێزی لێ بڕیبوو • ئامادە بوو ئەو پاڵکەوتنەی وەستاکە بە مووچەی مانگێکی بکڕێت • دانی بەخۆیدا گرت‌و بە چاوێکی پڕ لە سەرزەنشتەوە سەیرێکی وەستاکەی کرد • بەڵام وەستا بەتووڕەییەوە ووتی :

– گوایە مافی ئەوەم نییە ساتێک پاڵبدەمەوە ؟ حەوانەوە هەر بۆ ئێوەمانانە •

– من‌و پاڵکەوتن‌و حەوانەوە ؟ چەندت ئەوێ فەرموو بەس یارمەتیم بدە !

– ئاخ •••! چەندت ئەوێت ؟ ناوی پارە مەهێنە • پارە لای من ئاوە • بە یەک ڕۆژ مووچەکەت ئەخەمە ئەم گیرفانەوە •

مووچەکـــەی ئـــەم ! ویستی بێبـــکەنێ • بەڵام لێـوە ووشکەوەبووەکانی ڕێـگایان نەدا • بە زمانێک هەوڵی دا شەکری پێوە بـکات وەڵامی دایەوە :

ـ ئەگـەر مووچەکەم بخەیتە گیرفانتەوە ئەوە زەرەرتە • خوا بـکا دوو سێ ئەوەندەت دەست کەوێت •

وەی زانی ئەم وەلامە جێی خۆی ئەگرێتو ئەو لەشە سستەی وەستاکە ئەخاتە بزووتن • بەڵام وەستاکە لەژێر لێوەوە ووتی :

ـ پێویستیم بە نزای تۆ نییە !

ئەمـــەی ووتو ڕووی لێ وەرگێـڕاو لـــە بەرخۆشییەوە تەواوی کرد :

ـ سامانی هەموو قاروونم بدەیتێ بەم گەرمایە ئیش ناکـەم • برۆ یەک دوو سەعاتی تر وەرەوە •

لەوبەرەوە چایخانەیەکی لاتی بەدی کرد • لەسـەر یەکەم قەنەفە پاڵی لێدایەوە • ئەو نیمچە سێبەرەی بە بەهەشت هـــاتە بەرچـاو • بەڵام هـەر دانیشت مێش کـەوتە گیانی ، نەی ئەزانی مێشەکـانی سەر لووتی یان پەنجەکەی یان ڕووی دەربـــکات • بۆژۆیان کرد • دووایی سســت بوو و قاچـــەکانی ڕاکێشـا ، پێڵووەکـــانی خەریـکی نیشتن بوون ، پیش ئەوەی سەرخـــەو دای بگرێت ، لەولایەوە چەند لاوێکی خەت نەداوی بەدی کرد لـــە

دووکەڵی جگەرەکانیانا نوقم بووبوونو سستی دای گرتبوون ، هەر لەوبەریشییەوە لەتەک باخێکدا ئوتۆمۆبیلێکی نازدار وەستابوو ، خاوەنەکەی خەریکی سووارکردنی دوو کیژ بوو تازە مەمکیان کردبوو • لەوەدابوو بڵێ : بوچی دووان ! کە خەوی لێ کەوت •

وەستاکە بۆڕی دووکەڵدانی ئوتۆمۆبیلەکەی لەحیم کرد • پلاتینە سووتاوەکەشی گۆڕی • بە ئەوپەڕی خۆهەڵکێشانەوە ووتی: ئەگەر دوو فیل لەمسەرو لەوسەرەوە ڕای بکێشن لەیەک نابێتەوە •

ئەمەی ووتو دەستی بۆ سمێڵی برد ، لە غوریللایەکی فووتێ کراوی نایلۆن ئەچوو • دڵنیا بوو لەوەی نەک دوو مریشک بەڵکو تاسەیەکی توند لەیەکیان جیائەکاتەوەو جارێکی تر پەکی ئەکەوێتەوە •

وەستا پارەکەی لە ناو دەستیا گرمۆڵە کردو بەزەحمەت ئاخنییە گیرفانە چەورەکەیەوە • بۆ ماوەیەک تێی ڕووانیو دووایی پرسی : ئەرێ کاکە •• ببوورە ئەوە سەری لووتت بۆچی سووتاوە ؟ دەستی هەڵبڕی سێبەرێک بۆ لووتی دروست بکات ، بەڵام لەڕاستیدا ویستی بیشارێتەوە • لەناکاو بۆی هات ، بێ سێ و دوو ووتی : ویستم بە ڕۆژ جگەرەکەم داگیرسێنم بەلام دەستم تەتەڵەی کرد •

زۆری پێ خۆش بوو ، وەستاکەی بە دەمێکی یەک بست کراوەوە بەجێ هێشت • هەستی کرد ئازاری پەنجەو لووتی بڕا •

بەهێواشیو لەسەرخۆ لێی ئەخوڕی • هەرچەند فشەکانی وەستاکەی بیر ئەکەوتەوە ، هەستی ترس و لێقەومان زیاتر دای ئەگرت • نیمچە دەنگێک ، نووزەیەک لە ئوتۆمۆبیلەکەوە بهاتایە لەرزی لێ ئەهات • گیرفانی عەتاڵو بەتاڵ سەری لووتو دەستی سووتاوی لەبیر بردبۆوە •

کە گەیشتە ماڵەوە ، وای زانی گەشتێکی سەرکەوتووی تەواو کردووە ، بگرە هەستی کرد لە قومارێکی گەورەدا بردوویەتەوە • لە بەردەرگای ماڵەوە خێزانی بەحەپەساییەوە تێی ڕووانیو پرسی : ئەوە چییە وا زوو هاتیتەوە ؟

بۆ یەکەمجار ویستی گاڵتەیەک بکات ، بە یەکێک ڕابوێری ، جا با ئەوکەسە ژنەکەی بێت •

ـ نا نەچوومەوە شار ، ویستم گەشتێک بەم دەوروپشتەدا بکەم •

ژنەکەی بەجۆرێک سەیری کرد ، هەستی کرد خۆی شایانی پێ ڕابواردنە •

کە خۆی فڕێدایە سەر قەروێڵەکە وێنەی فەیلەسووفی شاعیرو شوفەری پیکاپەکانو فیتەرەکانی لە یەک تابلۆی ڕووندا هاتە بەرچاو •

**مایسی ١٩٨٠**

# هونەرمەنــد

## - ١ -

بــە لاکۆڵانەکــەدا ئەڕۆیشت ، جــاروبار بەلەنجەوە سەری بەرزئەکردەوە ، ماوەیەک پێی لێ هــەڵبری ، دووایی هێــواشی کردەوە • هەرچەند بەوشێوەیە سەری بەرزئەکردەوە وای ئەزانی سەری هونەر بڵند ئەکات •

کاک جوامێری هونەرمەند مامناوەندێکی تێکسمڕاو بوو ، بڕوابەخۆکردن بە چاوەکانیاو لە ڕۆیشتنیدا ئاشکرا دیاربوو • ئەیویست خۆی بخــاتە ئــەو سێبەرە دوو بستــەی بندیواری کۆڵانەکــە • بەڵام هــەر یەک دوو هەنــگاوی ئەبڕی چــەند کەسێک لە سێبەرەکەدا وەستابوونو ناچار ئەچووەوە بەرهــەتاوە داغەکە • وای ئەزانی بەئەنقەست وەستاون هەر بۆئەوەی ئەم لەژێر هەتاوەکــەدا بسووتێ • بە زەمانێک بڕی کرد لە شیرینی ، بــەڵام ڕووی دەروونە تووڕەکەی ئاشکرا ئەکرد ، لە یەکێکی پرسی :

- کاکە ئەوە خێرە وا وەستاون ؟

بەتووڕەییەوە لێی مۆڕبوونەوە ، یەکێکیان وەڵامی دایەوە :

- پیاوێک لەو ماڵە مردووە !

تەریق بۆوە • هەرچەندە ڕۆژ نزیکی ئاوابوون بوو ، بەڵام گەرماکەی لەوەدا نەبوو • خۆشاردنەوە لە تیشکە بەتینەکەی ئامانجی هەموو کەسێکی وەک ئەو تێکسمڕاو بوو • ئەوساتە لە هەموو ساتێکی‌تر زیاتر بۆی دەرکەوت شارەکە چەند گەرمو بۆخەدارو تۆزاوی‌و چەندیش بێ‌سێبەرە • لە بەرخۆیەوە ووتی :

- هەی دەمخۆش پوورە فاتم ، بەخوا ڕاستت‌کرد •

چەند ڕۆژێک لەوەوبەر شەڕو هەرا بۆ جاری دەیەم لە ماڵە دراوسێیەکەیانەوە بەرزبۆوە • پوورە فاتم کە بۆ چەند ڕۆژێک بۆ سەردان هاتبوو بە ڕوویەکی پڕ لەداخ‌و تاڵەوە ووتی :

ئەم دونیایە چۆن وا خێرا گۆڕا • هیچ شتێک لەجێی خۆی نەماوە ، بەردی هەموو شتێک هەڵکەنراوەو هەیهات شوێنی خۆی بگرێتەوە • وادیارە هەتا بێتیش خراپ‌تر ئەبێت !

- چۆن ؟

- چۆنی بۆ چییە ؟ ئەیەڕۆ جاران کێ ڕایەی‌ئەکەوت دەنگی بەرزبکاتەوە ، ئەوەی دەنگی بهاتایە ئابڕووی ئەچوو • بۆچی خواردنەکەش وەکو جارانە ؟ بەو غەوسە ئاوو هەواکەش خۆی

نییە ! جاران بە بێپانکە ، زۆر زۆر بە پانکەشرێك هاوینمان ئەبردەسەر کەچی ئیستە بەم پانکە گرمەگرمکەرەش هەر زووخاو ئەرێژین .

بە زمانێك هەرچەند هەڵدانی تێدا بوو ، بەڵام بەڕاستی بوو ووتی :

– لەسایەی تۆوە ئەم چەند ڕۆژە خواردنەکەی جاران ئەخۆین .

سەری لەوە سووڕمابوو چۆن ئافرەتێك بە چەند جارێك سەرلەپایتەختدان وەها بەووردیو بە یەك دوو ووشە چوارچێوەی ژیانە گۆڕاوەکەی کێشا .

دەمخۆش پوورە فاتم . چۆن وا زوو بۆیچوویت .

ئەمەی بە زمانێکی پڕ لە ئافەرینەوە ووت :

– دیسانەوە چۆن ؟ هەی چاوە کوێر بیت . لەڕێی ڕادیۆوە ، لەڕێی تەلەفیزیۆنەوە !

کەمێك وەستاو تەواوی کرد : لەڕێی خەڵکیشەوە .

بەتوانجەوە ڕووانییە جوامێرو پەنجەیەکی بۆ ڕاکێشاو ووتی : تۆش .

– من ؟ بە سەرسامیو بڕوانەکردنێکی تەواوەوە ئەمەی لە

دەم هاتەدەرێ !

- بەڵێ تۆش ! کوڕم جاران پیاوان بەیانیان ئەچوونە دەرێ ، عەسران ئەچوونە دەرەوە ، شەوانیش ئەچوونە دەرەوە • کـەچی تۆ ! ڕاوەستە قسەکەم پێ مەبڕەو بیەڵە تەواوی بکەم • کەچی تۆ ، بەیانیان ژنەکـەت لەسـەر سەرتە ، عەسران لەسـەر کۆڵتە ، شەوانیش بە بان سنگتەوەیەو هەمیشە کلکێ و سێبەرتە • کوڕم ، وانابێ ، پیاو جاروبار پێویستی بە تەنیایی هەیە •

ویستی بە زەردەخەنەیەکی سـارد ، تەریقیو شـەرمەزار بوونەکەی داپۆشێت • هەرچەندە دڵنیا بوو لەوەی ڕاستئەکـاتو تەواو بۆی چووە ، بەڵام هـەستی بە تووڕەییەک کـرد دەروونی ئەهەژێنێ • بەوەی باش بوو پووری ژنەکەی بوو ، ئەگینا هەر ئەو ڕۆژە ئەکرایە ئەودیو دەرگـاو ڕەوانەی شار ئەکرایەوە • هـەر ئەو ئێوارەیە کە خێزانی ووتی : با بچین بۆماڵی خاڵم !

پوورە فاتم خێرا ووتی : منیش دێم •

ئەمـەی ووتو بەجۆرێک تێیڕووانی لـەوە ئەچوو بڵێ : ئەگەر ووڵاخێت با منیش جارێک سوارت بم •

وادیاربوو ئەو توانجو نوقورچ گرتنە لە دوو سەرەوە کـاری خۆی کرد • لە ماوەی سێ ساڵدا لەوڕۆژەوەی ژنی هێناوە ، ئـەم ئێوارەیە ، یەکێکە لـەو ئێوارە تاقانانەی تیا ئەچێتە دەرێ • بـە

ڕوویەک هەستی پیاوەتی کەمێک گرژی کردبوو وەلامی ژنەکەی دایەوە : نا •• ئەمشەو ئەچمەدەرێو بای باڵێکی خۆم ئەدەم • بێ ئەوەی بە بۆڵە جەرگی بخوات یەکسەر ووتی : باشە •

– پوورە فاتم ڕاستی کرد ، پێویستیم بە تەنیاییو خەڵك بینین هەیە •

ئەمەی بەدەم ڕۆشتنەوە بە خۆی ووتو هەستی بە بەرەڵلایی کرد •

## - ٢ -

لە بەردەمی گازینۆکەلووتی بوو بە لووتی مامۆستا هیواوە • دەمێك بوو نەیدیبوو ، هێندە لاواز بووبوو بە شەڕەشەق ناسییەوە•

– ئەوە دیسان لاوازبوویتەوە ؟ وادیارە نەخۆش کەوتوویتەوە !

– ئێ !

– ئەمە پیشەتە ، سەرکردنە سەر خواردنو قەڵەوبوون ، دوانیش نەخۆشیو خۆلەڕکردن !

– نا •• ئەمجارە هی خواردن نییە ! هی میکرۆبە !

– میکرۆبی چی کابرا ! ئەتەوێ پێمڕابوێری ! با بڕوێن دانیشین •

بەدەم تەزبیحاتو جگەرەکێشانەوە ، هێوا لە جوامێر وورد ئەبۆوە • بەهێواشیو لەسەرخۆییەوە ووتی : بێووچان لووتت ئەخورێنی ، من تۆ بناسم شتێکت لەسەردایە • وابزانم ڕاست تۆی چووم •

– سەرە ڕووتاوەکەت هەرگیز نیشانەی زیرەکییە ، ئەرێ وەڵا کاکی‌برا شتێکی زۆر سەیرم پێیە • لێم بووە بە خولیا •

بەو بەرەبەری ئێوارەیە گازینۆکە جمەی ئەهات • چیمەنەکە وەکو بەڕەی کۆنی لێ هاتبوو ، درەختەکانیش لەوە ئەچوون وەکو ئەمان ئاو دەربدەن • لەوکاتەدا بۆیەکە هات • بە ئەوپەڕی ناسکییەوە پێی‌ووت :

– ئەگەر زەحمەت نییە جارێ دوو پیپسیمان بۆ بهێنە !
– نییە !
وەلامەکەی هێندە ووشکو ڕەق بوو دای‌چڵەکاند !
هەر بەو ناسکییەوە ووتی : دە کەواتە دوو کۆکا •
– ئەڵێم نییە !
– ئەویش نییە • قەیناکە دوو ماستاو !
بەتووڕەییەوە ووتی : نییە ، ئەڵێم نییە !
بەسەرسامییەوە ڕووانییە بۆیەکە • ڕووە گرژەکەی حەپەسانی •

ویستی دەمبکاتەوە ، بەڵام هیوا بواری نەداو بەگاڵتەوە ووتی :

- باشتر وەهایە بڵێیت هیچمان بۆ بێنە !

بۆیەکە پێ‌ئەکەنی‌و وەکو پەلەی بێت بەخێرایی ووتی : هەر بیرە هەیە •

- باشە ، دوو بیرەی فەریدەمان بۆ بهێنە !

- نییە !

- شەهرەزاد •

تووڕەیی دایگرت‌و بەرقەوە ووتی :

- دەی سا چی ئەهێنی بیهێنە !

رووی‌کردە هیواو بەرقەوە ووتی : هەزار ئافەرین لە پوورە فاتم ، بەو نەخوێندەوارییەی خۆیەوە ، هەستی بەم گۆڕانە کردووە ، کەچی منی خوێندەواری هونەرمەند تازە دەرکی پێ‌ئەکەم • تف • لای خۆم هونەرمەندم •

- یەکێک دوو سێ ساڵ لە ماڵ نەیەتەدەرێ ئیتر چاوی بۆ چییە ؟

هیوا ئەمەی لەژێر لێوەوە ووت • دووکەڵی جگەرەکەش لەبەر بێ‌هەوایی جووڵەی نەئەکرد •

- ڕاست‌ئەکەیت بە گەورەیی خوا ڕاست ئەکەیت •

هەستی کرد ئەو ڕووداوەی لێی قەوما بەشێکە لەم گۆڕانە •
بۆیــــە رووی کردە هیــواو ووتی : با بەکورتی بۆت بـگێڕمەوە
باشترە !

بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەلامی هیوا بکات خێرا ووتی :

ـ لەناکــــاو لە ناوەڕاستی شەقامەکـــەدا زرمەیەك لـــە
ئوتۆمۆبیلەکەم هەستا •

ـ زرمە لەو کۆنە یەك کەوتەیەی پار کڕیت •

خێسەیەکی لێ کرد : نەك پار بەڵکو پێرار کڕیم • زۆر
کۆنیش نەبوو • تکاشت لێ ئەکـەم قسەکەم پێ مەبڕە ، ئەگینـــا
بۆتی ناگێڕمەوە • باشە ، ووتم زرمەی لێ هەستاو سووکانم لـــە
دەست دەرچوو • بەکورتی سوواری شۆسەکە بووم •

ـ واتە چوویتە ســەر شۆسەکە !

ـ با وابێ ، خـوا نەیـکردایەو بەرەو شۆسەکە نەچوومایە
گەلێکم ئەشێلا •

ـ بۆ شۆسەکە خراپترە چونکە خەڵکی بەوێدا دێن و دەچن •

ـ ئەتەوێ وازبێنم !

ـ نا •• نا •• ببوورە •

ـ ئەزانی بەپێچەوانەوەیە •

کەمێک سەری لووتی خوراندو لەسەری ڕۆیشت : سەرم لێ شێوا ، نەمئەزانی چی بکەم • گەرماکەش تەواو تەنگاوی کردبووم • ئاو بە لووتما چۆڕاوگەی بەستبوو • تۆ ئەزانی من بە زستانانیش ئاو دەرئەدەم • کەسێکیش نەبوو ئاوڕم لێ بداتەوەو فریام بکەوێت • هەرکەسێکم ئەدی ، پەنام ئەبردە بەر هەر یەکێک وەکو گول بم بێ ئاوڕدانەوە ئەیووت : نازانم •

نەمئەزانی چی بکەم • بەجۆرێک شڵەژابووم ، هەر خۆم بەزەییم بەخۆمدا ئەهاتەوە • ئا لەو کاتەدا •

کەمێک وەستاو هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو تەواوی کرد : ئا لەو کاتەدا وەک لە ئاسمانەوە فریام کەوتبن ، لاوێکی قۆزی باریکەلەی لەفریشتەچوو بە زەردەخەنەو زمانێکی شیرینەوە دەستی خستە سەر شانم ووتی : ڕێگام بدە یارمەتیت بدەم •

وەستاو دەستیبرد قومێک لە بیرەکەی بدات • بەس هەر ئەوەندەی لێوی تەڕ بوو لەتاو تاڵیو گەرمەی تفی کردەوە • بێ ئەوەی گوێ بداتێ لەسەری ڕۆیشت :

- بڕوابکە هیلاکیم لەبیرچووەوە ، بگرە هەستم کرد گەرما قارسم ناکاتو ئاو دەرنادەم • وەک جاران بڕوام بە خەڵکیو بە مرۆڤ تازە بۆوە •

خێرا قۆڵی هەڵکردو چووە ژێر ئۆتۆمۆبیلەکە • ویستم

منیش لەگەڵیا بچمە ژێری و یارمەتی بدەم • بەڵام بە ئەوپەڕی نەرمیەوە ووتی : ئەمە ئیشی تۆ نییە •

بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت دەستی بردەوە بۆ بیرەکە ، هەر ئەوەندەی بەر لێوی کەوت بێ قێزبوونەوە داینایەوەو لەسەری ڕۆیشت :

- ئەم بیرەیە بۆ نەخواردنەوە دروست کراوە • تۆ بیخۆرەوە ، مەگەر بەس تاڵی ئەم بیرەیە میکرۆبەکەی تۆ بکوژێت•

هیوا بەساردیەوە ووتی : تەواوی کە •

- باشە • ماوەیەکی درێژ لەژێر ئوتۆمۆبیلەکەدا مایەوە • لەو ماوەیەدا چوار پێنج جار چووم شەربەتم خواردەوە ، هەرچەند پێشم ئەووت با ئاو یان شەربەتێکت بۆ بهێنم ، بە دەنگێکی هیلاك نەبووەوە ، لەژێر ئەو ئوتۆمۆبیلە داغبووەدا ، لەو گەرمایەدا بەنەرمییەوە وەلامی ئەدامەوە کە هیچی ناوێ •

بڕوابکە من بوومایە بەڕوویا هەڵئەشاخام •

هیوا بەتەوسەوە ووتی : گومان لەوەدا نییە •

بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو نقورچلێ گرتنە لەسەری ڕۆیشت :

- پاش ماوەیەکی درێژ هاتەدەرێ • زەردەخەنەیەکی شیرین لەسەر لێوەکانی نیشتبوون • بەهێواشی ، وەکو هەر هیلاکبوونی بەخۆیەوە نەدیبێ ووتی :

ـ هەر ئەوەندەم بێ کرا ئوتۆمۆبیلەکە بگەیێنمە گەراج • فەرموو لەگەڵما سەوار بە •

بە شەرمەزارییەوە ووتم : برا نامەوێ لەوە زیاتر ئەزیەتت بدەم •• با خۆم لیێ خوڕم •

ـ نا •• ئەترسم لە ڕێگا جارێکی‌تر ڕاوەستیت !

زەڕە هیلاکی پێوە دیار نەبوو •

دەستی‌برد بۆ بیرەکەی ، بەڵام هەرکەمێک بەرزی کردەوە خێرا لەشوێن خۆی دایناوەوەو لەسەری ڕۆیشت •

ـ لەناو ئوتۆمۆبیلەکە بە بێدەنگی دانیشتبووم • بیرم لەوە ئەکردەوەو ئەمویست بڕوا بەوە بکەم کە لەم زەمانەدا هێشتا لەم جۆرە کەسانە ماون • هەر ئەوساتە بەدەم لێخوڕینەوە خۆی پێناسیم • ئەوەندە تێگەیشتم کە لەبەر خوێندن وازی لە فیتەری هێناوەو جاروبار لای ئەم یان لای ئەو فیتەر ئەوەندە ئیش ئەکات ژیانی مسۆگەر بکات • بڕوابکە هێندەی‌تر چوو بەدڵماو نرخی لام بەرزتر بۆوە • منیش خۆم پێ ناساند • هەر کە ناوی بیست خێرا بەرێزەوە ووتی : ناوتم بیستووە • زۆر شادمانم بەوەی ناسیمیت‌و توانیم یارمەتیت بدەم •

وەستاو بەدووودڵییەوە دەستی بۆ بیرەکەی برد ، بردی بۆ دەمی‌و وەکو دەرمان بخواتەوە چاوی داخست‌و هەمووی

هەڵدا • پڕمەیەکی لێ هاتو بەدەم ووردە کۆکینەوە ووتی :

– ئەوە نەبوو باڵنەگرم • لە دڵی خۆما ئەمووت ، وا ئـەو ڕۆژە هات هونەرمەند بناسرێتو ناوی هەبێ •

گەیشتینە گـەڕاج • چوومـە لای ئـەو فیتەرەی لەکۆنەوە ئەیناسم ، واتە لەمێژەوە پزیشکی ئۆتوءۆبیلەکەمە • هـەر کـە سەیری کرد داوای چـەند شتێکی لێ کردم بیکڕمو ڕۆژی داهاتوو لەگـەڵ خۆما بۆی بەرم لەبەرئەوەی ئەیزانی من سەر لەو کـارە دەرناکەم بۆی کردمە لیستەیەکو ••••!

هیوا قسەکەی پێ بڕیو ووتی : ناتەوێ نان بخۆیت ؟

– نا •• نامـەوێ ، من وەک ئەزانی ئێواران نان ناخـۆم • بەڵە قسەکەم تەواو بکەم •

کـە وەستاکەو ئەوم بـە یەک ناساندو بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە ، بەئافـەرینەوە دەستیدا بەپشتیـاو ووتی : ئافـەرین ، هەرکاتێک حەزئەکەیتو چەندت ئەوێت فەرموو وەرە لای من •

بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە وەلامیدایەوە : با خوێنـدن تەواو بـکەم •

ئـەوە نەبوو دەستنەکەمە ملیو تێر ماچی بکەم • کـە هاتینـەدەرێ ، ژمارەی تەلەفۆنێکو ئەدرێسی ماڵێـکی دامێو لەگەڵیشیا بە نیمچە تەریقیەکەوە ووتی : ڕەنگە سبەینێ سەرێک

بدەمەوە .

سەری گەرم بووبوو . هێشتا خواردنەوەی لە بەردەمدا مابوو کەچی داوای کرد خواردنەوەی تری بۆ بهێنن . لەپڕ وەکو تاقەتی چووبێت ، چاوی لە هیوا وەرگێڕاو وەکو بۆ درەختەکان بدوێ ووتی :

- بۆ سبەینێ نەختێک درەنگ هەستام . هەتا چووم و شتومەکەکانیشم کڕی تەواو دوواکەوتم . بە باوەشی پڕەوە چوومە لای فیتەرەکەم ، هەر کە دیمی بەسەرسامییەوە ووتی : ماوەیەک لەمەوبەر خزمەکەت هات و ووتی : داهۆستا جوامێر پێی ناکرێت بێت . من لەجیاتی ئەو ئەچم شتەکان ئەکڕم بەس پارەم هەڵنەگرتووە ! منیش چی پێویست بوو دامێ . بەڵام تائێستا نەگەراوەتەوە !

لێرەدا وەستاو بەرقەوە دەستی برد بۆ پەرداخەکەی و هەناسەیەکی هەڵکێشاو تەواوی کرد : دڵم داخورپا . حەزم نەئەکرد دان بەو هەستەدا بنێم کە لە دەروونما خەریکی سەرهەڵدان بوو . ئازارەکە هەر لەوەدا نەبوو هەڵخەڵەتێنراوم ، هەر لەوەشدا نەبوو بەردی بناغەی بڕواکردنمی لەقاند ، لەوەشدا بوو چەند کەوتۆتە سەرم . بۆیە بەرقەوە لە وەستاکەم پرسی : چەندت دایە ؟

- سەدو بیست دینار .

دڵم بەجۆرێك داخورپا وەمزانی کەوتە ژێر سکمەوە • ئەوە نەبوو قەڵەمی ئەژنۆم نەشکێ • هەتا پێم کرا کەوتمە تف کردن لە خۆمو لە هونەرو لە هونەرمەند •

لەو کاتەدا بیرەکەیان بۆ هێنا ، لە ملەوە گرتی ، بێ ئەوەی سەیری هیوا بکات نای بەسەرییەوەو تا تەواوی نەکردو چۆڕی لێ نەبڕی بەرەڵای نەکرد • بەدەم لێو سڕینەوە ووتی :

– نە ئەو ڕۆژەو نە رۆژی دووایی‌و تا ئەم ساتەش ڕوویم نەدییەوە • چاوم بە چاوی نەکەوتەوە • ژمارەی ئەو تەلەفونەی دایمێ هی خەستەخانەیەك دەرچوو ، ئەدرێسی ماڵەکەش هی دووکانێك بوو دەمێك بوو بەرجادە کەوتبوو •

**مەسیف**

**ئابی / ١٩٨٠**

# پەری ناو جەنگەلەکە

هێشتا سەعات نۆی بەیانی بوو کە (خاڵە) گەیشتە لای نیمچە کۆگاکەی عەزە تەرەقە • هەرچەندە یەک چاوی هەبوو و ئەبوو ناوی عەزە تاکچاوی لێ بنرایە ، بەڵام عەزە تەرەقەی پێ برا • چۆن ؟ بۆ ؟ لەسەرچی ئەم ناوەی لێ نرا ؟ ئەوە کەس نازانێ ! هەرچەندە سەعات نۆ بوو کەچی شەقامەکە جمەی ئەهات • ئەتووت غولغولەی رۆمە • خەڵکیو ئوتۆمۆبیل تێکەڵ بە یەک بووبوون • شۆسەو جادە لە یەک جیانەئەکرانەوە • دەنگی هۆڕنیش مردووی زیندوو ئەکردەوە • لەناو شیرەی هۆڕن خەڵکەکە پەنایان ئەبردە بەر شۆسەکان • دوو درەختە ڕووتەڵەکەی بەردەم کۆگاکەی عەزەش لەوەیان ئەکرد شەرە قۆچ بکەن •

ـ عەزە ، ئەرێ ئەمە چییە ؟ نۆی بەیانییە کەچی ئەڵێی جەجاڵ هەستاوە •

تاکە چاوەکە بەجۆرێک تێیڕووانی لەوە ئەچوو نیشۆن داگیرسابێ ٠

– وازبێنە ئەمەش هەر باشە ، خوا خراپتر نەدات ٠ وەرە دانیشە ، قنگێک بدەرەوە ٠ بۆ وا نەبێ ! خەڵکەکە هەمووی ڕژاوەتە ئێرە !

چاوێکی لێ داگرتو بەتەوسەوە ووتی :

– بۆ تۆ خێری خوایە ، لەتاو فرۆشتن تاتپەرژێ سەرت بخورێنی !

– ها ٠٠ دەستت بە ٠٠٠! لاتی وەها دێت لەتاو پارەی ناو گیرفانی شانی خووار بووە ، ئەڵێی کۆنەحەماڵی ئینجیسارەو فەردە تووتنی لەسەر شانە ٠ کەچی لەسەر نرخی پاکەتێک ئەوە نییە ئەم تاقە چاوەشم دەرنەهێنێ ٠

هەناسەیەکی قووڵی پڕ زووخاوی هەڵکێشاو ووتی :

– خۆزگەم بە پار ٠

– بڵێ خۆزگەم بە دوێنێ !

سێبەری دوو درەختە سەقەتو نەخۆشەکە لەوەئەچوو کورتی هێنابێت ٠

– هەتا سێبەری درەختەکانیش لە هی جاران ناکات ٠

دەی ، پاکەتێکی بەغدام بدەرێ ٠

ــ بڕوا بکە هەتا بۆ تۆش نەماوە •
هاوڕێو دۆستی منالّیی خۆشیو ناخۆشی بوون •
ــ دەیسا مەرج بێ بگەڕێمەوە سەر زەلەکە •
ــ کوڕە مالّکاول زەل ماوە • پایپ بکێشە !
ــ کاکە ، پاکەتێک ڕۆژەانم بدەرێ •
هەردووکیان لە یەک ساتدا ئاوڕیان دایەوە •

سەروبێچە چلّکنەکەی لـە هاوڕێی گیانیبەگیانیی کەوشـە لاستیکە ڕەشەکەی ئەکرد •

ــ شتی وەهـام نییە •
ــ ئەو پاکەتە شینەیە •
ــ ناوی بەوجۆرە نییە •
بەتووڕەییەوە پیا هەلّشاخا : وابێ یان نا بمدەرێ •
ــ نایفرۆشم •

دەستی بەجۆرێک لەڕوویا ڕاوەشاندو تاقە چاوەکەی وەهـا داگیرسا ، کڕیارەکـە ناچار بوو خێـرا دوورکەوێتەوە • بەقوولّی بە هەستێکی شێواوەوە لە یەک ووردبوونەوە •

ــ باشە مەرج بێ پایپ بکێشم ، بەس خوامکرد بەگژتا بیخەمـە کوێمـەوە ؟

بە جووتە دایانە قاقای پێکەنین • خالّە سەیرێکی شەقامەکەی کرد ، سەگێکی خوێڕی بە شەڕەشەق خۆی لە پلیشانەوە ڕزگـار

کرد • ئاوڕێکی لە عەزە دایەوە • بەڵام عەزە خۆی نەبوو ، لەوە ئەچوو نەیبینێ ! ڕووی بەجۆرێک گۆڕابوو ، شێوەی هاوڕێ گیانی‌بەگیانییە لاوەکەی جارانی هێنایەوە یاد • یەک دوو جار چاوی چەپی بەئاشکرا فڕی • لەپڕ عەزە ووتی :

– چی قەوماوە ؟

خاڵە داچڵەکی‌و ووتی : وەمزانی دوور فڕیوی !

– هەزار جار دوور بفڕم بەس ئەوەندەی چاو بڕبکات بینیم چاوی چەپت ئەفڕێ • هەست ئەکەم شتێک ڕووی‌داوە !

ماتەمینییەکی کتوپڕ ڕووە ساکارەکەی خاڵەی داگرت •

– ئەمە دووهەم جارە ئەنێرێ بەشوێنما ، جاری یەکەم لە قوتابخانە کۆنەکەی‌و ئیستەش پاش ئەوەی چووە قوتابخانە نوێیەکە • ئەڵێ پەرژین قوتابخانەکەی شێواندووەو ناچارە دەری‌بکات •

– ها •• مودیرەفەنی ؟

– بەڵێ ئەو ، جەنابی مودیرەفەنی •

دەستێکی پرمانای کێشا بەسنگیاو تەواوی‌کرد :

– عەزە ، ڕەنگە خوێندەوار نەبم بەڵام باش ئەزانی پیاوم • وایە ؟

– وایە •

ئەمەی ووت‌و سنگی هێنایە پێشەوە !

ـ دەم‌خۆش ، بزانە کوڕەکەشم ، پارچەیەکە لە خۆم • ئەمە لە خۆمـەوەو بەخۆڕایی نالێم • عـەزە نەخوێندەوارم • • بـەلام مەردم ، بە گۆڕی دایـکم کەم‌و زیادی نییە •

ـ ناوی دایکت مەهێنە ، تا جنێودانم نەیەت •

ـ مەیـکە بە گاڵتـە ، پەرژین کوڕی منەو دزی‌کردنی لێ ناوەشێتەوە •

ـ چی ؟

ئەم چییەی بەجۆرێـک لـە دەم هاتەدەرێ لەوەی ئەکرد شوێنی سـەد چی گرتبێتەوە • لەگەڵیشیا ووتی : هـەی کردم بە •••! پەرژین دز بێت ؟

ـ عەزە جـاران پیـاوی باش بوو ، بەڵام •• خۆت ئەزانی نامەوێ بەخۆڕایی تاوان‌باری بکەم •• واتەزانێ بووە بە شت ، لەسەر سەرم بەڵام بۆچی ئەیەوێ تەشقەڵەم پێ بکات •

عەزە کەمێک داماو دەستێکی بە تاکـە چاوەکـەیدا هێنـاو بەشینـەیەوە ووتی : کێ ئەڵێ ؟ ڕەنگە لەبەرئـەوە بێت باشـ ئەیناسیت •

بەجۆرێک دەستی دا بە مێزەکەدا لەوە ئەچوو شتێکی بیر کەوتبێتەوە ، بە زمانێکی داڵغاوییەوە ووتی : ڕاست ئەکەیت ،کۆنە

کوڕی گەرەکین •

- بلێ ڕێوی یەکێ کونین •

ئەمەی ووتو بەماناوە لێی ووردبۆوە • لەوەی ئەکرد داوای لێ بکات پەڕەیەکی ڕابووردوو هەڵبداتەوە • بەڵام خاڵە ، بە سەرزەنشتەوە ووتی : جا هەر لەبەرئەوە ؟

وەکو بیەوێ ئەو باسە دیزە بە دەرخۆنە بکات لەسەری ڕۆیشت :

- عەزە ئەزانی هەر ڕووتەڵەکەی جارانم • لەو سەرە ژیام ، بەڵام هەر ڕووتەڵەکەی جارانم • تۆ من باش ئەناسی • لەبەرئەوەی کوڕی گەڕەکم بوو ، ئامادەم بەڕەکەی ژێر خۆمی بۆ بفرۆشم ! کەچی ئەو بێت کوڕەکەم لەکەدار بکاتو بە دزی دابنێ ؟ های•• های • تاقە چاوەکە جارێکی‌تر لێی ووردبۆوە •

- خاڵە ، ئەمە هەر بەسەر تۆدا نەهاتووە ! وادیارە ئاگات لە دنیا نییە ! کوڕەکەی مام شەریفیشی بە دەرکردن دا • بەس بەخێر گەڕا بۆی ، ئیستە پارە وەک کا وایە لای ، خوێندنو پێڵاوەکەم • کوڕەکەی سەعە بەرماڵیشی دەرکرد • هەمووان دانی لێ جیڕ ئەکەنەوە •

- ئەمانەم نەئەزانی ! بە من چی ؟

- بڕۆ بۆ لای ، دوو چاوت هەیە زەقیان بکەرەوە • (بۆشی)

دەربهێنەو بیدەرە دەستی • باشە ! هەی کردم بە •••!

ئەمەی ووتو بە توورەییەوە تاکە چاوەکەی سڕی •

خاڵە بەرەو قوتابخانەکە کشا ، هەستی کرد ئەویش بووەتە دوو کــەس ، دوو بەش ، دوو جیهان !

## - ٢ -

مچە لووتە بەجۆرێك لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو لەوەی ئەکرد پیـا داکوترابێتو لەگــەڵخۆیدا بیباتە گۆڕەوە • چاوە لە چاوی مار چووەکانی لە دوو خاڵی وورد ئەچوون بەسەر لووتە زلەکەیەوە هەڵواسرابن • کە خاڵە هاتەژوورێ ، بە چاوێك تێی ڕووانی لەوەی ئەکرد سەیری شوێنێکی لەو دوورتر بکات • پاش ماوەیەك بێدەنگی بەووشکییەوە ووتی : دانیشە !

ئەمــەی ووتو پەنجــەیەکی فیزاوی بۆ دوورترین کورسی ژوورەکە درێژ کرد • بە دوودڵییەوە دانیشتو لەگەڵیشیا لەژێر لێوەوە ئەیووت : مچ •• مچ !

ئەیویست بڵێ مچە لووتە ، یان هیچ نەبێ وەکو جــاران بڵێ مچە ، مچــە، بەڵام بە شەڕەشەق خۆی گرتو تووانی بڵێ : ماهۆستا مستەفا •

بەڵام ڕووە گرژو سوورهەڵگەڕاوەکەی مچە لووتە ، بۆی

دەرخست کار لە کار ترازاوەو هەستی کردووە ویستوویەتی چی بڵێ ! چاوێکی شڵەژاوی بە ژوورەکەدا گێڕا • دیوارەکان یەک پارچە بە تەختە سوواغ درابوون • مۆبیلەکان ئەوەندە نەرم بوون ، لەوە ئەچوون لە تووکی قوو دروست کرابن • بگرە هەتا ئەو کورسیەی ئەو لەسەری دانیشت لەوە ئەچوو هەرە گەنگەیان بێت ختووکەی ئەدا •

دووایی چاوی لەسەر لووتە لە باینجان چووەکە گیرسایەوە • مامۆستا وەکو بیەوێ خۆی یان لووتی لەو تێڕوانینە تیژە رزگار بکات ، خۆی وەرگێڕاو سەیرێکی سەعاتەکەی تەنیشتی سەر دیوارەکەی کرد • هەستێکی غەریبیێتی خاڵەی داگرت • وای زانی لە شارەکەی خۆیدا نییە • ئەوەی هاتەوە یاد چۆن لەگەڵ مامیا کە فەڕاشی موتەسەڕیف بوو ، بەرێکەوت چووە ژووری موتەسەڕیف • ژوورەکەی ئەو لەچاو ئەمەی ئیستەی مامۆستادا کونە گورگێک بوو بۆ خۆی • لەوەدابوو لەژێر لێوەوە وەکو بە عەزە تاک چاو بڵێ : ئەم لووتە بێ هاوتایە لە ژووری وەها گەورەدا نەبێ جێگای نابێتەوە ! لەمەدا بوو کە مامۆستا ووتی : سوپاسی خوا بکە کۆنە کوڕی گەڕەکین ، ئەگینا بانگم نەئەکردی •

لەبەر بۆی دەرکەوت ئەم بانگ کردنەی تەنیا بۆ بینینی مامۆستاو ژوورەکەیەتی • هەر ئەوساتەش لە هەموو ساتێکی تر زیاتر برِوای هێنا پەرژینی کوڕی بێ تاوانە • تاکە چاوەکەی

عەزەی هاتە بەرچاو ، خوێنی کەوتە جمانو بە دەنگێکی بەرزی بێ گەردەوە ووتی : سوپاسی یەزدان ئەکەم چەند ساڵە بەپاکی نامووس کۆئەکەمەوە • خوا خۆی بەو ئاسمانەوە ئەزانێ قەت لەکەدار نەبووم • کە ئەمەی ووت چاوی بۆ بنمیچەکە بەرزکردەوە • پانکەکە وەستابوو • کەچی هەوایەکی سارد ژوورەکەی کردبوو بە سەرسەرە • بە چاوە تیژەکانی لە مامۆستا ووردبۆوە • دڵخۆشی دایگرت • کە دی ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی برد •

– ئەگەر ئەوە نەبووایە ، ئێستە لەسەر جادە ئەبوو •

– جەنابی مودیر ، سەرجادە نانی لەم ژوورە زیاتر تێدایە •

بەجۆرێک لێوەکانی لەیەکدا لەوە ئەچوو جرت لێبدا • خۆشی نەیزانی بۆچی ، گەرمتر لە ئاگر ، تیژتر لە دەمی دەبان ئەمەی لە دەم هاتەدەرێ ؟ مامۆستا گورج بەتەوسەوە وەڵامی دایەوە :

– دوور نییە ، بەس چۆن نانێک ؟ نانی دزی تامی نانی ڕاستەقینەی نییە !

داچڵەکی ، هەستی کرد ژوورەکە تەنگ ئەبێتەوە ، خەریکە ئەبێتە کۆڵانەکەی جارانیان • بە دەنگێکی هێواشی گڕەوە ووتی :

– تووخودا ئەمە بە من ئەڵێیت ؟

مامۆستا کەمێک شڵەژا • بەڵام خۆی گرتو بە کەمێک

تووڕەییەوە ووتی : برا تێگەیشتن ، ئەمڕۆ ڕۆژی تێگەیشتنە • قسەی زل بخەرە ئەولاوە •

خولێکی لەسەر کورسییەکەی بە خۆی داو بەشانازییەوە دەستێکی بەسەریا هێناو ووتی :

– پەروەردەکردنی تەواو بناغەی هەموو پێشکەوتنێکە • ڕاستە کۆنە دراوسێو هاوڕێی منالین ، بەس ئەمانە لەکاتی وەهادا لای مـن پارە ناکاتو بە فلسێک نایکڕم • کوڕەکەت تاوانباری ئەوەیە پارەی دزیوە ، بۆئەوەی تانەی خەڵکیم نەیەتە سەرو گلەییم لێ نەکەن لیژنەیەکم پێک‌هێنا •

گرمەیەک ، ئەوە نەبوو هەردوو گوێچکەی نەتەقێنێ • هەستی کرد ناوسکی ئەهەژێو دەمی بووەتە پەلاس •

– ئەمە ئەرزو ئەمە گەز • بە گۆڕی دایکم ئەگـەر دز دەرچێت لە بەردەمی خۆتا سەری ئەبڕم •

وەستایانە ، وەکو بـەوە ڕاهاتبێ ، گورج هێواش دەستی ڕاوەشاندو ووتی : پێویست بەمە ناکات !

وەستاو بەهێواشی لەبەرخۆیەوە تەواوی‌کرد : نەگبەتی لەوەدایە لە سروشتی پەروەردەکردن ناگەن !

وەک ئەکتەرێکی شارەزا پەنجەی بۆ درێژ کردو ووتی : ئەزانی پەروەردەی ڕاستەقینە چییە ؟ پە •••!

ـ پف ٠٠! کام لیژنه ؟

خاڵه قسه‌که‌ی بێ بڕی ٠

ـ لیژنه‌یه‌ک قسه‌ت ببڕێت !

کـه ناوی ئه‌ندامانی لیژنه‌که‌ی بیست به‌خۆشییه‌وه هه‌ستا ٠ لـه یه‌ک دانه په‌نجه‌ره‌وه ، په‌رده‌که که‌مێک لاچووبوو ٠ شاخه‌کان به پووشی زه‌رد هه‌ڵـگه‌ڕاوو ده‌وه‌نی تینوو ڕه‌زی ووشکه‌وه بووه‌وه سه‌یریان ئه‌کرد ٠ له‌وه ئه‌چوو ئه‌وانیش وه‌ک ئه‌م لـه ژوورێـکی وه‌هادا به تاوانبار کردن پرسیاریان لێ بکرێت ٠ یه‌کسه‌ر ووتی :

باشــــه ٠

## - ٣ -

گـازه‌یه‌ک لێوه‌کانی کشـانـد ٠ به‌ڵام وه‌ک له‌ســــه‌ر شووشه‌یه‌کی به‌ر به‌رد که‌وتوو کشابێت خێرا وردو خاش بوو ٠ بۆ یه‌که‌مجار هه‌ستی به دوودڵی کرد ٠ به‌س کـه ئـه‌و ده‌سته‌ی به‌رزکرده‌وه ، کـه گـولله سه‌قه‌تی کردبوو ، ناوچه‌وانی سڕی ، دوودڵی نه‌مـاو هه‌ستی‌کرد ده‌روونی سه‌ما ئه‌کات ٠ سه‌یرێـکی مامۆستای کرد ٠ ته‌نیـا لووتی به‌دی‌کرد ، ئه‌هـاتو ئه‌چـوو و ئه‌له‌رزی‌و ئه‌هـه‌ژی ، له تۆپێک ئه‌چـــوو بۆ گۆڵ بـگه‌ڕێت ٠ زه‌رده‌خه‌نه‌یه‌کی ناسازیش لێوه باریکه‌کانی به‌چرچی کشاندبوو ٠ هه‌موو گیانی هانی‌ئه‌دا هه‌ستێ‌و په‌لاماری **مامۆستا بدات** ٠ لـه‌بر

ئاوڕی لە پەنجەرەکە دایەوە • شاخەکانی دیبەوە ، ئەسکینیەکێ دڵو دەروونی داپۆشی • مامۆستا بەشانازیو بڕواوە ووتی :

ـ خۆت قارس مەکە ، لەدوێنێوە لیژنەکە ئیش ئەکات ، هەر ئێستە یان ساتێکی تر ئەنجامەکەمان بۆ ئەهێنن •

زەردەخەنەیەکی پڕمانا لێوەکانی کشاندو ووتی :

ـ پەروەردەکردن یاری منالان نیە ! لە وولاتان •••!

لەو کاتەدا مامۆستایەکی چاوێلکە لە چاو هاتە ژوورێو قسەکەی پێ بڕی • بێ ئەوەی گوێ بداتێ ، بەخۆشییەوە خنایەوەو ووتی :

ـ ئەمە یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەکە • وادیارە ئەنجامی بڕیاری لیژنەکەی پێیە !

ئەمەی ووت بە زەردەخەنەیەکی پڕ گاڵتەوە ڕووی کردە خاڵەو ووتی : ئەمیش باوکی پەرژینە ! لەبەرئەوەی کۆنە کوڕی گەڕەکە بانگم کرد هەتا خۆی ئاگاداری بڕیارەکە بێت •

مامۆستا بە حەپەساوییەوە سەیری هەردووکیانی کرد • لەوە ئەچوو بۆ شتێک بگەڕێ • لەتاو پەژارەبوون چاوێلکەکەی داکرتو کەوتە سڕینو پاک کردنەوەی •

ـ دەی ئەنجامی بڕیاری لیژنەکەمان بێ بڵێ •

ماموٚستاکە بە بێدەنگی دایەوە • هەوڵی ئەدا دەمی بکاتەوەو بدوێ ، بەڵام قەتیس مابوو • دوواییی لەناکاو دەنگی لێ هەڵبڕی و ووتی :

– جێی داخەو زوٚر جێی داخە !

– راستە •• جێی داخە !

پێکەنینەکەی هەموو ڕووی گرتەوە •

– جێی داخە •• دزەکە کوڕەکەی جەنابتانە !

پێکەنینەکە لەسەر لێوی مردو بوٚ یەکەمجار لووتی ماموٚستا زوٚر بچووک ئەینوواند •

# ئێـوارەیـەك

## - ١ -

عیادەکە هۆلێکی تەنگ‌و دوو ژووری لەو تەنگ‌تر بوو • لەسەر یەکێکیان نووسرابوو : پزیشك ، لەولاشییەوە بە خەتێـکی گـەورە نووسرابوو ( دوو دینـار ) • لەوبەریشـەوە وێنەیەك هەڵواســـرابوو تــەپ‌وتۆزو چڵك روخساری پێ‌نەهێشتبوو ، لەوەئەچوو کەللەی زەلامێـك بێت بزەارێـکی گـەورەی پیا داکوترابێت • بۆگەنی ئاودەست‌خانەکەش سـەری کاسـ‌و گـێژ ئەکرد • لەولاشەوە یەك دوو قەنەفە دانرابوون ئەوەندە کۆن‌و شـکاوو دڕاو بوون هـەر بۆئەوە باش بوون کەسـ لەســـەریان دانەنیشێت • تەپ‌وتۆز لە هـەموو شوێنێکی هۆڵەکەدا بەجۆرێك نیشتبوو تاریك‌تر ئەینواندو جێ بێ لەگـەڵ هـەموو هەنـگاو هەڵهێنانێکدا ئاشکرا دیار بوو • لەلای دەرگاکــەوە فەڕاشــە سمێڵ‌زلەکە بە بێ‌تاقەتی قاچی خستبووە سـەر قاچ ، برۆ تەڵخـە ئەستوورەکـانی ، ئەوەنــدەی‌تر چـاوە بچووکــە زیرەك‌و فێلاوییەکانی قووڵتر نیشان‌ئەدا •

کە نەخۆشەکـــە هاتە ژووریّ ، هێنـــدە بەســـاردیو کەمتەرخەمییەوە سەیری کرد ، ناچاربوو بپرسێت : ئێرە عیادەی دکـتۆر فلانە ؟

ئا • !

وەکو ئەو وەلامە کورتـەشی بەلاوە زۆر بووبێت ، گورج رووی لیّ وەرگێڕایەوە • گڵوپی سەردیوارەکە لەتاو تەپوتۆز وەنەوزی ئەدا • نەخۆشەکە وەکو بەهەشتی دۆزیبێتەوە خێـــرا دانیشت • لەوە ئەچوو ڕێگایەکی درێژی بەپــیّ بڕیبیّ •

ـ قــەڵەباڵغیو دەنگەدەنــگی دراوسیو هۆڕنی هۆقـــەلیو فڕەفڕی ئوتۆمۆبیل ، نایەڵن ساتێک بنووم • برا بڕوا بکە •••!

ـ من هەر گویّ نادەمیّ تێرو پڕ ئەنووم •

فەڕاشەکە قسەکەی بیّبڕیو تاقەتی ئەوەشی نەبوو سەری بۆ هەڵبڕیّ • بە حەپەساوییەوە سەیرێکی کردو ووتی :

ـ بەختی خۆت • خۆزگـــەم بە تۆ • وادیارە ناوچـــەکەتان بیّدەنگە •

ـ بیّدەنگ ؟ گوایە ناوچەی بیّدەنگ ماوە ؟ لای ئێمـــە باعەباعی مەڕو بزنیش تا بەرەبەیان نابڕێتەوە •

ـ وادیارە خەوت خۆشە ! ئۆف !

ئەمەی ووتو بەگلەییەوە هەردوو دەستی بەرز کردەوە ، لەوە ئەچوو خەوخۆشی لای ئەو باشترین دیاری یەزدان بێت • بۆ یەکەمجار ئاوڕی لێدایەوە • وەکو لە تەرازووی بدات بۆ ماوەیەکی کورت لێی ووردبۆوە • بە هەمان ساردییەوە ووتی :

ـ نەخێر ، هیچ خەو خۆش نیم • بەس ئەوەیە لەجیاتی سەرم ، قاچم ئەخەمە سەر سەرین • گوێچکەشم بە لۆکە ئەئاخنمو دەمم ئەبەستمو چاوێلکەیەکی ڕەشیش لە چاو ئەکەم •

کە دی چۆن سەرسامی نەخۆشەکەی داگرت ، زەردەخەنەیەکی پڕ گاڵتەو قۆشماوی لێوەکانی کشماندو بە روونکردنەوەوە ووتی :

ـ قاچم بۆیە ئەخەمە سەر سەرینەکە هەتا خۆم لەوە دڵنیا بکەم کە هەن سەرو قاچیان وەک یەکە • دەمیشم ئەبەستم هەتا لە لووتەوە هەناسە بدەم • چونکە ئەگەر لووت هەناسەی پێ نەدرێت کاری چییەو بۆچی دروست کراوە •

نەخۆشەکە بە ئەبڵەقبوونەوە تێیڕوانی • ماوەیەک بە چاوترو کاندنەوە وەستا، لەوە ئەچوو بۆ پرسیارێك بگەرێتو دووایی دۆزیبێتەوە •

ـ هەمووی رەوایەو لەسەر سەرم ، بەس پێمنالێی بۆچی چاوێلکە لە چاو ئەکەیت ؟

ئەمەی ووتو بەگلەییەوە هەردوو دەستی بەرزکردەوە ، لەوە ئەچوو خەوخۆشی لای ئەو باشترین دیاری یەزدان بێت • بۆ یەکەمجار ئاوڕی لێدایەوە • وەکو لە تەرازووی بدات بۆ ماوەیەکی کورت لێی ووردبۆوە • بە هەمان ساردییەوە ووتی :

ـ نەخێر ، هیچ خەو خۆش نیم • بەس ئەوەیە لەجیاتی سەرم ، قاچم ئەخەمە سەر سەرین • گوێچکەشم بە لۆکە ئەئاخنمو دەمم ئەبەستمو چاوێلکەیەکی ڕەشیش لە چاو ئەکەم •

کە دی چۆن سەرسامی نەخۆشەکەی داگرت ، زەردەخەنەیەکی پڕ گاڵتەو قۆشماوی لێوەکانی کشماندو بە روونکردنەوەوە ووتی :

ـ قاچم بۆیە ئەخەمە سەر سەرینەکە هەتا خۆم لەوە دڵنیا بکەم کە هەن سەرو قاچیان وەك یەکە • دەمیشم ئەبەستم هەتا لە لووتەوە هەناسە بدەم • چونکە ئەگەر لووت هەناسەی پێ نەدرێت کاری چییەو بۆچی دروست کراوە •

نەخۆشەکە بە ئەبڵەقبوونەوە تێیڕوانی • ماوەیەك بە چاوترو کاندنەوە وەستا ، لەوە ئەچوو بۆ پرسیارێك بگەرێتو دووایی دۆزییێتەوە •

ـ هەمووی رەوایەو لەسەر سەرم ، بەس پێم ناڵێی بۆچی چاوێلکە لە چاو ئەکەیت ؟

بزەی سـەر لێوی فەراشەکە زیاتر کشا ، گەیشتە کاکیلەی ، هەموو دانەکانی دەرکەوتن ، رێـک ، لـەوە ئەچوون بـە دەست دانرابن . بە هێواش‌و زۆر لەسەرخۆ ، وەک ووشەکان بجوێ ووتی :

ـ تا لەخەوما کەس نەبینم !

نەخۆشەکە دا چڵەکی ، وەی‌زانی لەگەڵ شێتێکدا ئەدوێ . کەمێک خۆی کۆکردەوەو بەتەوسەوە ووتی : قسە خۆش !

ـ من قسەخۆشم ؟ هـەر وازبێنە کاکە ! ئەی ئەگەر گوێت لە قسە بەپێزەکانی جەنابی پزیشک بێت چی‌ئەڵێیت ؟

ـ ئەویش وەک تۆ سوحبەتچی‌و قسەخۆشە ؟

ـ کاکە هـەر وازبێنە ! یەک سەعـات قسەی خۆشت بۆ ئەکات‌و ئینجا دێتە سەر ئەوەی بفەرموێ دایکەنە !

ـ چی ؟

ئەمەی وەک گوللە تۆپ لە دەم هاتەدەرێ ! بێ‌ئەوە خـۆی تێک‌بدات ، لەسەری رۆیشت :

ـ بڵێ کراس‌و فانیلەکەت دابکەنە !

هێشتا دووا ووشەی تەواو نەکردبوو کە نەخۆشەکە هەستا . جێ‌شوێنی دانیشتنەکەی لەسەر قەنەفەکە تەواو دیار بوو .

- بۆ کوێ !

- بۆماڵەوە ! نەخۆش نیم • چاکبوومەوە •

## - ٢ -

چووبۆوە ژێری • برۆ ئەستوورەکانی بەپرسیارەوە بەرزئەبوونەوەو بەداخەوە نزمئەبوونەوە . ئەو ڕۆژانەی هاتەوە یاد کە لەگەڵ جەنابی پزیشکدا منداڵ بوون و لە یەک قوتابخانەدا یارییان ئەکرد • مامۆستا خۆشەویستەکەی ، دەستیئەدا بەپشتیاو پەنجەی بەناو قژە چڵکنە بژەکەیدا ئەهێناو ئەیووت : لە هەموویان زیرەکتری ، کوڕم هەژاری بکەرە پیلکەو بەسەریا سەرکەوە •

هەرچەند بیری لەو مامۆستایەی ئەکردەوە ، یەکسەر چاوی بۆ ئەو وێنەیەی سەر دیواری هۆڵەکە بەرزئەکردەوە • وایئەزانی ئەو کەللەیە سەری مامۆستاکەیەو بزماری پیا داکوتراوە • بۆیە ئەم جارەش چاوی بۆ هەڵبڕی • هەر لەوکاتەدا هەستیکرد دەرگاکە ئەکرێتەوە • خێرا دەستیبردو پڕیکرد بە شرینقەیەکداو پێش ئەوەی نەخۆشەکە دانیشێت ئاگری لە ژێردا داگیرساند •

- وادیارە شرینقە بۆ نەخۆشەکەی لای پزیشک ئامادە ئەکەیت •

نەخۆشەکە بەدەم دانیشتنەوە ئەمەی بە هەناسە سوارییەوە ووت •

- ئـەگەر هـەزار پـەیژە دروست بکات ئەبێ بۆ ئەوە بێت بەرەوخوارەوە پیایا بچێتە خوارەوە •

- ها •• ئەوە ئەڵێی چی ؟

داچڵەکی • کەمێک خۆی وەرگەڕاند بێ ئەوەی سـەیری بـکات ووتی :

- ببورە • بیرم لە شتێکی تر ئەکردەوە !

- وادیارە پزیشکێکی باشـە لەوانە ناکـات یەک دەرزی ئەکات بە دە کەسدا •

ئاوڕی لێ دایەوە ، لە تای تەرازووی چاوەقووڵە زیرەکەکانیا دای نا •

- نیازت لە جەنابی پزیشکە •

- ئا •• بەڵێ ••!

- هەرچی بێتە لای دەرزییەکی پیادا ئەکات •

- یانی چی ؟ چۆن ؟

پەژارەیی ڕووی داگرت !

- بەس چۆن دەرزییەک ؟ قورئان بە هەقت هەمووی ئەباتە ناوەوە ، وازناهێنێ تا ئەگاتە سەر ئێسک •

- شتی وەها نەبووەو نابێت ! نەخۆشی هەیە دەرزی ناوێ !

- نا •• ئامۆزا ، ئەم دەرزی خۆی هەر ئەوەشێنێ !

ـ ئاخــــر نابێ ! کاکــه نابێ ! من زەغتم هەیەو زەغتیشی دەرزی ناوێ !

کــەمێک تێیڕووانیو وەکــو نهێنیـــەکی بــۆ دەربخــات بەچرپەوە ووتی :

ـ دوێنی کــــابرایەک هــات • زەغتی زۆر بـــەرز بوو • دەرزیەکی پیا کرد ، قریشکەی ئەو قوڕبەسەرە گەیشتە کەشکەلانی فــەلەک •

نەخۆشەکە بۆ یەکەمجار رووی کرایەوە بەخۆشییەوە ووتی :

ـ دوور نییە •• بەس من زەغتم نزمە !

دڵخۆشی نەخۆشەکە هێندە ساکار ئەینواند ، کــانی قێزو بەزەیی بەیەکــەوە لا تەقاند • زۆر بە لەسەرخۆییــەوە وەڵامی دایەوە :

ـ دەیسا بە گەورەیی خوا ئەمجارە دوو دەرزیت پیا ئەکات •

نەخۆشەکە راپەڕیو گورج خۆی گەیاندە دەرگاکە •

کە بەتەنیا مایەوە ، سەرێکی بۆ وێنەکە بەرزکردەوە •

[ ئەم تەمەڵی تەوەزەللە ناهێنێ وولاخیشی پێ بسپێردرێت ]• مامۆستا خۆشەویستەکەی هەمووجار ئەمەی بە جەنابی پزیشک بە منالی ئەووت •

بەهێواشی لەسەر کورسیەکەی دانیشت • هەتا پێی کرا قاچی لێ ڕاکێشا • ئەگەر پێی بکرابایە سەد ئەوەندەی تر ، هەزار ملیون ئەوەندەی تر ڕای ئەکێشا تا ئەگەیشتە سەر رووی ئەوانەی•••

- ٣ -

ناوچەوانی بەجۆرێک هێنابووە یەک ، ئەوە نەبوو قژی لە لووتی نەئیشێ • کە بۆ جاری سێیەم دەرگاکە کرایەوە ، بە ئەوپەڕی بێ تاقەتییەوە ئاوڕی دایەوە • حەزی ئەکرد کەس نەبینێ ، ئەیویست ببێتە بەشێک لە دیوارە تۆزاوییە چڵکنەکە • نەخۆشێکی بەدی کرد ، وەک دوومەڵ لە سمتی هاتبێت وەها بە ئاخ وئۆفەوە دانیشت • دەستی برد شاقوولێکی بچووکی هەڵگرت ( ئەم جۆرە شاقوولانە بۆ تاقی کردنەوەی وورگ و جگەر بەکاردێت ) •

نەخۆشەکە بە ئۆفێکەوە ووتی : وادیارە خانوو دروست ئەکەیت ؟

- پف !

بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە ئەمەی بەقێزەوە ووت و دووایی لەسەری رۆیشت : ئێمەمانانو خانو دروست کردن کوجا مەرحەبا ؟

هەر خوا بکات لە ژێرخانەکە دەرمان نەکەن •

- کەواتە بۆ جەنابی پزیشکە !

بەنەوسەوە لالێوی داتەکایە خوارێ •

ـ ئەو ؟ یەکێ دوو باڵەخانەی هەیە •

ـ ئەی کەواتە ئەم شاقووڵەت بۆ چیە ؟

بەحەپەساویی‌و لێبوردنەوە ، نەخۆشەکە پرسی •

ـ بۆ جەنابی پزیشک • هەر نەخۆشێک بێتە لای لەدەمیەوە رایەڵی ئەکاتە ناو سکییەوە •

نەخۆشەکە بە ئەوپەڕی حەپەساوی‌و ترسەوە ، تێی‌روانی‌و ووتی :

ـ بەڵام نەخۆشی وەها هەیە ئەمەی ناوێ • پێویستی بەمە نییە !

ئەمەی ووت‌و پەنجەی بۆ شاقووڵەکە ڕاکێشا •

ـ ئەمەی بۆت ئەگێڕمەوە بە جەنابی پزیشکی مەڵێ •

دەنگی تەواو نزم‌کردەوەو تەواوی‌کرد :

ـ هەر بۆ ئەم نەخۆشەی ئێستە لەژوورەوەیە ، بۆئەوەی شاقووڵەکەی‌تر بخەینە ناو سکییەوە ، ناچار بووین لەدەرەوە زەلامێک بهێنین • بە جووتە گرتمان‌و جەنابی پزیشکیش خستییە ناو دەمییەوە • یاخوا هەر دوژمن بەو قوڕبەسەرە بێت ، باسی هێڵنج‌و پژمین‌و چۆڕاوگەی لیک مەکە • ئاو بە دەم‌و لووتیا ئەهاتە خوارێ ، ئەوە نەبوو چاوەکانی نەیەنەدەرێ • لەتاوا

لەهۆش‌خۆی‌چوو ، ڕەنگە ئیستە هاتبێتەوە سەر خۆی •

نەخۆشەکـــە بەزەحمـــەت خۆی جوولاندو بـــە دوودڵی‌و ترسەوە ووتی :

ـ ئەمە بۆ من نییە •• چونکە من مایەسیریمە !

فەراشەکە دەستێکی بە لووتیا هێناو کەمێک گرتی‌و سەیرێکی ناو دەستخانەکەی کردو ووتی :

ـ مایەسیری ؟ مایەسیریتە ؟ یەزدان پاڵپشتت بێت •

کەمێک وەستاو بە چـاو تێ‌بڕینەوە تەواوی‌کرد : ئەوســا لەخواریشەوە بۆت رایەڵ ئەکات •

نەخۆشەکە بێ‌ئەوەی ئاخ‌وئۆفی لێ بێت وەک کێچ ڕاپەڕی‌و بەرەو دەرگاکە رای‌کرد •

پاش مـاوەیەک ، پزیشکەکە لـە ژوورەکەی هاتەدەرێ • باوێشکـێکی بـێ‌تاقەتی سەر لێوی پۆشی‌و ووتی : ئەگـەر وەهـا بڕوات نابووت ئەبم ، تۆبڵێی نەخۆش نەمـــابێ • ئەگـــەر وابێ پای‌دۆست بـکەم باشترە •

ئەمەی ووت‌و بە ڕوخسارە گەوجەکەیەوە چووە دەرێ •

فەڕاشەکە بەگورجی راست‌بۆوە • لەبەرخۆشیەوە ئەیووت :

ـ نابووت ئەبی نابی چش • دایخە •• دەی ئـەم عیـادەیەت

داخەو مۆری بکە • مەرجبێ لەشوێن ناوەکەی تۆ ناوی خـۆم هەڵواسم •

بۆ •• نا ! ئەتوانم وەک تۆ دەرمان بۆ نەخۆشەکان بنووسم • خۆ ئەگەر مردیشن ئەوە یەزدان لەو دنیا لێیان ئەبووڕێت •

سەیرێکی وێنەو کەللەکەی کرد ، دەستی برد چراکـان بکوژێنێتەوە بەڵام لەناکاو وەستاو بەرەو دەرگاکە رۆیشت •

١٩٨٠/١١/٢٦

## سەد فلسەکەی ئاسمان

**- ١ -**

لەو شوێنەی وەستابوو ، بەردێکی بچووک بەجۆرێک خۆی بە بنی پێیەوە نووساندبوو ، لەوە ئەچوو ئەویش لەبرسانا بیەوێ قەپاڵی لێ بگرێت . هەستی ئەکرد ماسوولکەکانی ، ئێسکەکانی ، ئەپووکێنەوە . ئاگای لە ئازاری بەردەکەی بن پێی نەبوو ، دەمێکە لەگەڵ ئازاردا جووتن و هاورێی گیانی بەگیانین . دانیشت ، سمتە رەقەڵەکەی هەتا لەسەر تووکی قووش ئاهی پیادا نەئەهاتەوە . پشتی نا بە دیوارە کۆنە رووخاوەکەدا ، ئەوەی بەر جادە کەوتبوو نەختێکی مابۆوە . دەستێکی لە چەرم چووی بە ناوچەوانە ووشک و چرچەکەیدا هێنا .

- جاران .. ئا لە بن ئەم دیوارەدا مووشێن و میزراحێن و چاڵچاڵێنی ئەکرد .

کە ووشەی جارانی بەدەمدا هات ، وەیزانی ئەوەندە دوورە ،

خەریکە لەیادیشدا وێنەو شوێنەواری نامێنێ‌و ئەسڕێتەوە • کەچی هەر ئەو ساتە رۆژانی منالێتی وەها روون هاتە بەرچاو وەی‌زانی هەمووی چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕیوە •

رۆژەکەی گەرم بوو ، وا دیار بوو رەشەبای بەدوواوە بوو • کە پالی دایەوەو پشتی دا بە دیوارە کَلەکەوەو پێوەی نووسا، هەستی کرد فێنکایەیەکی خەم‌رەوێن بە دەروونیا بلاو ئەبێتەوە •

ـ ئەمڕۆ هەرچی ئەگریت خانووەکەی لە چیمەنتۆ دروست ئەکات‌و گلەییش لە گەرما ئەکات • کەچی جاران گەرما هەر ناوی نەبوو ، بە هەوای باوەشێنێک سەرمایان ئەبوو •

ووشەی جاران چەقانی •

جاران •••• جاران !

ئەمەی بەکسپەوە یەک دوو جار ووتەوە • جاران •• ، وەک پەپوولەیەکی بالشکاو بێ‌و لەسەر گولێکی هەلپروزاو بە یەککەوتەیی گیرسابێتەوە ، ئەم نەختە یادە ، ئەو چمکە لەپەل‌وپۆکەوتووەی جاران ، ئازاری نەخۆشی‌و لەش داهێزراوی‌و برسێتی بۆ ماوەیەک لەبیر بردەوە •

نیوەی لەشی بە سێبەری دیوارە کۆنە بەرجادە کەوتووەکە داپۆشرابوو ، هەستی‌کرد بووە بە دوو پارچەوە • لەوبەرییەوە گوێ‌درێژیکی بێ‌ئاگای بەختیار کەللەی لەناو پووشە زەرد

هەڵکەراوەکاندا وونکردبوو • جاروبار گوێیە درێژەکانی وەک رادار بن قوت ئەکردەوە • بەئاستەم خرمەخرمی پووش کرماندنەکەی ئەهاتە گوێ ، وەها بەلەزەتەوە پاکۆی ئەدان لەوەئەچوو لەسەر سفرەی توێکڵەشووتی بێت •

ـ خۆزگەم بەم کوێدرێژە !

هەستی کرد بەخیلی پێ ئەبات • دەمێکە تێر سکی بەخۆیەوە نەدیوە • ئاوێکی ساردی رشتو بەهیلاکییەوە چاوەکانی داخستو لەبەر خۆیەوە ووتی : ئای کە برسیمە •

کە چاوی کردەوە ، شاخە رووتەکە لە بەردەمیا قوت بووبۆوە • لەوەئەچوو لە کرنۆشبردنا بێتو خەریکی نوێژو سوجدەبردن بێت • نەیزانی ئەو سوجدەیە بۆ ئاسمانە یان بۆ خاکەکەی بەردەمێتی ؟ چاوەکانی داخستەوە، هەوڵیدا بیربکاتەوە ، بەڵام هیلاکی لەشو دەروونی پەردەیەکی سپیان بەسەر چاویا هێنا •

ـ بەدرێژایی ژیانم نەخۆشو لاواز بووم • کە زەبری لێ سەندم لەناکاو لێخرام • نەدانگانەم هەیەو نەتوواناى کارکردنیشم هەیە • ئەمەی بە دیوارە کۆنەکە ووت ، هەستیکرد ئەمیش وەک ئەو بەر جادە کەوتووە •

کەمێک هاتەوە سەر خۆی ، ئەوسا هەستیکرد تەنیایی بە

هـارین ئەبهارێت • نیمچە شەماڵێکی لەبارچوو هەڵی کرد • هـەتا پێی کرا ناوگەڵی بۆ کردەوە • زۆڵە شەماڵێکی شاخەکە بوو • بـە دەستی بووایە لـەشی شەق‌وپەق بـکات‌و رێـگا بەو شەماڵە بـەو فێنـکاییە بدات بەئارەزووی خۆی پیاسـە بەناو هەموو دەمارەکانیا بکات • یادی شەماڵەکە ، جارێکی‌تر ، جارانی هێنایەوە یاد •

جـاران ئەم شەماڵە ، وەک هاورێ‌و دۆست‌و دراوسێیەکی دڵسۆز بێت ، زوو زوو سەری لێ ئەدان • کەچی ئێستە بەدەگمەن روویان تێ ئەکات‌و بەدەگمەن‌تریش وەها فێنکە •

رۆژیش ئەکشاو ئەکشا • سێبەرەکەش هـەتا ئەهات کورتی ئەهێنـــاو رای‌ئەکرد • هـەتاوی گـەرم گـەیشتە سەری‌و یەک پارچەدای‌پۆشی • ویستی هەستێت ، بەڵام پێی‌نەکرا • هەستی‌کرد دیوارەکە نەما ، بـگرە هەتا شاخەکەش بووە پەڵەیەکی ڕەش ، لـە هـەور ئەچوو لـە هەوریش نەئەچوو • ناوسکی وەک لۆرییەکی کۆنی سیخناخ بێ‌و بـە هەورازێـکدا سەرکەوێت وەهـا ئەیناڵاند ، رۆژیش لە بەرچاویا بووە نانەواخانەیەک لەواشەی دروست‌ئەکرد •

- ٣ -

ـ هەرچەند درەنگ دێتەوە دڵەخورپێم بێ ئەکەوێت •

دایـکی مناڵەکـان ئەمـەی بەگلەییەوە ووت‌و چـاوەکانیشی

پرسیاریان لێ ئەباری • لە ژووریشەوە کچە تاقانە چوار ساڵانەکەی هاواری کرد

– بابە چیت بۆ کڕیوم ؟

– بنوو •• ئەڵێم بنوو •

دایکە ئەمەی بە نازلێنانێکی تووڕەوە ووت :

– وازبێنە با ماچێکی بکەم •

– بابە وەرە ماچم بکە •

– ئای دیسانەوە ؟ بەڵە بنوێت •

چاوە رەشە پرشنگدارەکانی گاڵتەیان بە روژی نیوەڕو ئەکرد • بەهێواشی دەستی بە رووومەتەکانیا هێنا• ئەوسا هەستی کرد، نەخۆش نیەو بگرە دەرەقەتی مردن دێت • هەتا پێی کرا دەستی بەناو پرچە لە پەشمەکێ چووەکەیدا هێنا • حەزی ئەکرد ببێتە تاوێکو لەگەڵ تاوەکانی تردا گەمە بکات • ( هەبوو • • نەبوو ••• کەس لە خوا گەورەتر نەبوو • • کچێکی نازداری جوان هەبوو ••• ) •

– وەکو من ؟ ئەمەی بە دەنگێکی خەواڵووەوە ووت •

– بەڵێ کچم وەکو تۆ •

هەر ئەوەندەی دەستی پێ کرد خەو دای پۆشیو بەدەم خەویشەوە ئەیووت : بووکێنکم بۆ بکڕە •• تا پاسکیلێکم بۆ بکڕە •

پەنجەکانی لەناو پرچیا وونکرد • لە رووە بێگەردە لـــە فریشتە چووەکەی ووردبۆوە • ئەوسا زانی فریشتە چییەو کێیە !

تاسەیەکی کتوپڕ سەرتا دامێن دایگرت ، بەماتەمینی چاوی بڕییە دیوارەکـــە ئەیویست بیبڕێت • • وای ئەزانی لـــەودیو دیوارەکەوە چارەنووس‌و دوواڕۆژ خۆیان شاردۆتەوە •

کە گەڕایەوە لای خێزانی ، چاوەکانی پرسیاریان لێ ئەباری • چـاوی وەرگێرا •• نەی‌ئەویست وەلامی ئەو پرسیارانە لــە روویا بخوێنێتەوە • هەرچەندی کرد پێی‌نەکرا پێی‌بلێ کە نەخۆشییەکەی کوشندەیە •

- ٣ -

کـە چـاوی کردەوە پەنجەکانی گڵیـــان ئەدۆزی ، پشتی سەریشی خەریـکی پشکنینی دیوارە کۆنەکـە بوو • چـاوەکانیشی گەوجانە بۆ شاخ‌و گوێدرێژەکە ئەگـــەران ، سـکی ئاوسابوو ، سستییەکی بێڕادە دایپۆشیبوو • خەڵکەکە بە بەرچاویا ئەهـــاتن‌و ئەچوون لــە دیواری تەپیویان ئەکرد • ویستی جارێـکی‌تر یادی مـاڵ‌و منالەکەی بهێنێتەوە یاد • بەس خـۆی گرت‌و بەداخێـکی تەڵخەوە ووتی : نا بەســە • ئەوانیش وەك زۆر شتی‌تر لەناکاوا بڕانەوەو نەمان • وازبێنە ئازاری ئەم ساتەت سەرو زیادە •

لەپڕ پیاوێکی کەتە بەهەڵەداوان بە بەردەمیا تێپەڕی • وورگی ئەوەندە زل بوو بە شەرەشەق بە بەردەمییەوە وەستابوو ، لەوە ئەچوو بە خواردنی سوپایەک تێر نەبێت • بڕوای نەئەکرد بکاتەوە ، بەڵام جارانی بە خرۆشاوی هاتەوە بەرچاو ، ئەوسا بڕوات • هەر بۆئەوەی خۆی بخلافێنێ هەوڵیدا بیری لێ بکاتەوە ، بەڵام جارانی بە خرۆشاوی هاتەوە بەرچاو ، ئەوسا هەستی کرد شاخەکان بەربوونەتە یەکتر ، گردەکانیش شوێن پیاوە قەڵەوەکە کەوتوون ، پێخاوس ، رەش‌ورووت ، دەستیان درێژکردووەو سواڵ ئەکەن •

ـ ئای خۆزگە لەپشت کێوی قاف ئەبووم •

هێشتا خواستەکەی تەواو نەکردبوو ، دەنگی شتێکی کەوتوو هاتە گوێی • تەنیا دەنگی دوو سێ شت دڵو هەناوی مرۆف رائەچڵەکێنێ • یەکێک لەوانە دەنگی پارەیە • کە کەوت دەنگی لەرینە ناسکەکەی لە ئاوازی پارەکەوتن ئەچوو • وەها خۆی راستکردەوە ، گازەرای پشتی دایە زریکە • چاوێکی کرد بە هەزار ، بگرە هەموو لەشی بووە چاو • چاوێکی برسی هار ئەگەڕاو ئەگەڕا • لەناکاو دوو سێ هەنگاو لەولاوە ، سەد فلسییەکی بەدیکرد • بێناز کەوتبوو • چاوەڕێی یەکێک بوو ببێتە خاوەنی • لە یەک کەفلەکووندا ، لەشە نەخۆشە سستەکە باڵی لێ رووا • بە یەک قەڵەمباز گەیشتە سەری‌و لەبەر خۆشییەوە ئەیووت : ئاسمان پارە ئەرژێنێ •

پەنجەکانی بوونە نینۆکی هەڵۆ . لەوەدابوو پڕی پیادا بکات ، هەستی‌کرد شتێکی زبری تیژ بە پەنجەکانیا چەقی . پەنجەی کورتی خڕ ، وەک نینۆکی شێرێک بێت‌و لە نێچیرێک گیرابێت ، پەنجەکانیان ئەهاڕی . پیاوە کەتەکە بەسەریا نوشتابۆوە ، لەتاو ورگە زلەکەی‌و پەشۆکاوی خوێنی هەموو لەشی ڕژابووە ڕوویەوە ، وەکو دەستێک ملی گرتبێ چاوەکانی دەرپۆقیبوون . بە دەنگێکی گڕی خنکاوەوە ئەیووت : دەستت لادە . . دەستت هەڵبڕە .

لێشاوی هەناسە سوواربووەکەی لە دووکەڵی حەمامی ئەکرد . کە ئەو هەناسەیە بەروویا چوو هەستی بە تەنگەنەفەسی کرد . ڕوویەکی بێ‌تاقەت‌و تووڕەی بۆ پیاوە کەتەکە هەڵبڕی . ویستی بڵێ : هی منەو شەرم‌بکە . بەڵام لە چەند لایەکەوە دەنگ بەرزبۆوە : ئەوە چی قەوماوە گەورەم ؟ دەستی کردەوە ، لەوە ئەچوو سەد فلسییەکە بەگلەییەوە سەیری بکات . پیاوە کەتەکە بەپەرۆشەوە هەڵی‌گرت‌و بەهەڵەداوان کەوتەوە ڕێ : تیری چاو لە هەموو لایەکەوە بەلەشیا ئەچزا . چووەوە بن دیوارەکەو کەوتەوە بیرکردنەوە لە جاران .

**بەغدا . شوباتی ١٩٨١**

**تێبینی :**

هێشتا قوتابی سانەوی بووم چیرۆکێکی وەهام خوێندەوە ، لاموابێ هی گۆرکی بوو . دووایش مەم پەنجا فلسەکەی بڵاوکردەوە . کە ئەمەم نووسی ئەوانەم لەبیرنەبوو .

# خەمنەخۆر

کە بەسەر شەقامەکەدا ئەڕۆیشت ، هەستی ئەکرد بالآ بەرزە لاوازەکەی مایەی سەرنج راکێشان نییە • رەنگە راست بۆی چووبێت ، چونکە بالآبەرزی لاوازی وەك ئەو هێندە زۆرن لە ژماردن نایەن • بەس هەستی بەوە نەکردبوو کە چاوە بچووکە تیژو قووڵەکانی ، سەرنجی هەموو ئەوانەیان رائەکێشا کە بۆ ساتێك لەگەڵیا دائەنیشتن •

ئەورۆژەی بەو شەقامەدا تێپەڕی شوباتی ١٩٨١ بوو • کاتیش دەوروبەری سەعات دەی بەیانی بوو • هەورو باڵەخانە بەرزەکان بەری رۆژیان گرتبوو • بەتەمای ئەوەبوو چاوی بە چەند کەسێك بکەوێت لە پرسیار کردنو وەلامەکانیان شتێك دروست بکات خامە بێ تاقەتەکەی گورج بکاتەوە •

ـ ئەم بەغدایە وای لێ هاتووە لە سلێمانیو هەولێرو کەرکووك ئەکات ، پیاسە بە هەر شوێنێکیدا بکەیت ئەبێ هەر خەریکی

سڵاوکردنو وەڵامدانەوەی سڵاوی ئـەمو ئـەو بیت • بەغـدا بووە بە ••••!

بۆی تـەواو نەکرا • زرمـەی لەیەکدانی دوو شتی قورس ناچاریکرد قسەکەی ببڕیو بوەستێتو ئاوڕبداتەوە • هەر چەند هەنـگاوێک لە لای راستییەوە ، لەسـەر شۆسەکە عارەبانەیەکی پڕ ، لەگـەڵ پیکاپێکدا ، رەنـگی ژمارەکەی شینێکی کـاڵ بوو ، بەتوورەییەوە دەستیان لە ملی یەکتری کردبوو • خەڵکی وەکو خوا بۆیدابن گردبوونەوە • لە ماوەی یەک چرکـەدا پەنجا کـەس زیاتر کەوتنە قسەکردن • لەناو ئەو هەموو حەشاماتەدا تەنیا سەرو کەللەی ووڵاخەکەی بەدیکرد • هیلاکیو بێتاقەتیو زراوتۆقـان لە رووی ئەتـکا • هەستی بەزەیی دایگرت • رووی ووڵاخـەکە شتێکی هێنایەوە یاد • کەمێک وەستاو کەوتە بیرکردنەوە :

– ئەم رووە لە چی ئەکات ؟ لە کێ ئەکات ؟

نەهاتەوە یادی • کەوتەوە رێ • لەناکاو بیری کەوتەوە •

– ئا •• بەڵێ •• هەفتەیەک لەمەوبەر ، لۆرییەکی بە ووڵاخ ئاخنراو ، دوور نییە ، ووڵاخە بێخاوەنەکانی مەسیف بن ، لەپێش ئەمەوە ئەڕۆیشت • یەکێک لـەو ووڵاخانە وەک هەناسەی سووار بووبێت ، لەتاوا سەری دەرهێنابووە دەرەوە • گەوجانە ئەیڕوانییە ئـەو هـەموو خەڵکو خوایەی سەرشەقامەکانو ئەوانەی لـەناو پاسەکاندا بەسـەر یەکـدا ترشابوون • ئیستەش ئامادەیە سـوێند

بخوات لەوە ئەچوو پێ بکەنێ • سەیر ئەوەیە رووی ئەو وولاخە رووێەکی تری هێنایەوە یاد • ئای خوایە کە ئەو دوو رووە لەیەک ئەچوون ، لەوەی ئەکرد برای شیرەخۆرە بن • هەرچەندی کردو کۆشا ئەو رووەی نەهاتەوە یاد •

ئیستەش رووی ئەم وولاخە ، جارێکی تر خستییەوە دەریای بیرکردنەوەو هەوڵدان تا رووی ئەو ناسیاوە بدۆزێتەوە کە لەو وولاخەی ئەکرد •

کەوتەوە رۆشتن و جاروباریش ئەوەستاو مێشکی خۆی ئەگوشی • بەڵام سوودی نەبوو • کە قارس بوو ، وازی هێناو کەوتە بیرکردنەوە لەوەی چۆن و لە کێ دە دینار قەرز بکات • هەر ئەم بەیانییە ، هێشتا سەرەتای دەوام بوو لە ژوورەکەی ، واتە لە ژوورەکەیان بەخۆڕایی دە دیناری دۆڕاند •

- ٢ -

هەر لە بەرەبەیانەوە خەوی لێ بوو بە دۆزەخ • هەستاو خۆی گۆڕی•دڵخۆشی خۆی بەوە ئەدایەوە ئەمڕۆ زووتر لە جاران ئەگاتە دایرە • کەچی درەنگ گەیشت و لەتاو قەڵەباڵغی ناو پاسەکامیش دوو قۆپچەی چاکەتەکەی نایە بان • لە ژوورە بچووکەکەدا دووانی تریشی لەگەڵدا بوو • بەس یەکێکیان لەخۆیەوە وون بوو • ئەوی تریشیان وێڵ بوو • بۆیە بەتەنیا مابۆوە • کە چووە ژوورێ مامۆستا فەرامۆش بەسەردان هاتبوو ، لای تاقە پەنجەرە بچووکەکەوە دانیشتبوو • لەوەی ئەکرد هەتا

پەنجەرەکەش حەز بە کردنەوە بکات تا رزگاری بێت لە چەرپە دووکەڵەکەی مامۆستا فەرامۆش • کۆنە هاوڕێ بوون • ناوی پاشکۆی فەیلەسووفی لێنابوو • رووە سەنگینەکەی هەر ئەو ناولێنانەی ئەهێنا • وورگی بەجۆرێک بەپێشدا هاتبوو ئەوە نەبوو لە دیوارەکە نەچەسپێ • بێ ئەوەی سڵاوی لێ بکات ووتی :

ـ بەخۆڕاییی ناوی فەیسەلووف ، ببوورە فەیلەسووفت لە خۆت نەناوە !

ئەگەر برادەرێکی نزیک نەبوومایە ئەمەم نەئەووت •
زەردەخەنەیەکی بێمانا لێوەکانی کشاندو وەڵامی دایەوە :
ـ بەخێرهاتن هەر وەها ئەبێت •

ئەمەی ووتو هەردوو کونە لووتی داخستو بەسەر بەرسمێڵیدا شۆڕی کردنەوە •

وێنەکەی بەجۆرێک هاتە بەرچاو لە هیچ نەکات • هەستێک دای گرت هانیدا خێرا ژوورەکە بەجێبهێڵێ •

ـ خزم ، وا باوە فەیلەسووفو پروفێسوران ، ئەبێ لاواز بن، کەچی تۆ خرتو قەڵەوی ، ئەبێ چاویان لە خواردن نەبێت ، کەچی تۆ شەوو رۆژ کاوێژ بە خواردن ئەکەیت •

بە هێواشیو بە ئەوپەڕی ساردییەوە دووکەڵێ جگەرەکەی کرد بە روویاو بە زمانێکی خاوەوە ووتی : ئەم قسانەت نەیگەیانیتە هیچ •

خورپەیەکی ناکا دڵی داچڵەکاند • بۆ یەکەم جار کەوتە بیرکردنەوە لەوەی زیرەکی قەت پارەی نەکردووە • کەمێک چاوەکانی داخستو پڕبەدڵ هەوای دووکەڵاوی هەڵمژی • لەگەڵیشیا لە ورگی وورد ئەبۆوەو چاوی بۆ پشتێنەکەی ئەگێڕا ، بەڵام نەیدی •

- چرچو لۆچی ورگت بەرادەیەک بەسەریەکدا ترنجاون پشتێنەکەتیان وون کردووە •

جارێکیتر پێکەنینەکە لێوەکانی کشاند • ئەمجارە دانەکانی دەرکەوتن بەرادەیەک رەش و کرمێ هاتنە بەرچاوی ، هەستی قێز کردنەوە دای گرت • لەبەرخۆیەوە ووتی : خوای گەورە ، ئەگەر ئەم هەموو دووکەڵەی ئەیکاتە خۆی ، لە ئەنجامی بیرکردنەوەو خۆخەریک کردندا بووایە •• ئەوە لەسەر سەرم ، بەڵام •••!

قسەکەی بە خۆی بچڕاندو لەژێر لێوەوە ، بە چاوێکی نیوە داخراوەوە ووتی : فەرموو ئەوە دە دینارو پشتێنەکەتم پیشان بدە •

هەستاو بەهێواشیو بێ پەلە دەستی بردو پشتێنەکەی کردەوەو ووتی :

- ئەوەتا •

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو ووتی : ئافەرین • بردتەوە • بەدەم دەستبردن بۆ گیرفانیەوە هەناسەیەکی تری هەڵکێشاو

لەسەری رویشت : زمان بووەستێ سەر رەحەتە •

لەجیاتی ئەوەی دەست بۆ زمانی بەرێ ، دەستی بۆ سەری درێژ کرد •

## - ٣ -

کە گەیشتە دەستگاکە ، بیری هەر لەوە ئەکردەوە چۆن دە دینارێک پەیدا بکات •

هێشتا چایەکەی نەبردبوو بۆ دەمی کە لەناکاو هاتە ژوورێ • قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبوو • یەکێک بوو لەو تاقەکەسانەی حەزی ئەکرد شانازی بە خۆیو بە شەهادەکەیەوە بکات • ووشەی پرۆفیسور وای لێ ئەکرد باڵ بگرێت • تاقە کەس بوو کە ناوی ئەو دەستگایەی بیستایە وەک مەترەلیۆز جنێو لە دەمی ئەتەقییەوە•

هەر کە چاوی پێ کەوت ، نەی زانی بۆچی ئەو پرسیارە لە مێشکیا خۆی قوت کردەوە : ئەم رووە لە چی ئەکات ؟

لەم سێو دووەدا بوو کە بیستی ئەڵێ : ئەوە بۆ دانیشتوون ؟

سەری لەم پرسیارە سووڕما ، بەخوا سەیرە • تو خودا ئەمە پرسیارە ؟

بۆچی دانەنیشین ، بۆچی ئەبێ لە شوێنی کارکردنمانا بەپێوە راوەستین ؟

ئەمانەی بەسەردا ئەهات و لەگەڵیشیا بێ ووچان لێی ووردئەبۆوە. لەناکاو خـۆی بێ نەگیـراو دەمی کردەوە ووتی : بەدبـەختی لەوەدایە ...!

پرۆفیسۆر پڕ بەدەم نەڕانی و قسەکـەی پێ بڕی : کوڕم ئاگات لە دەمی خۆت بێ . ئەوە بزانە بەد ووشەیەکی بێگانەیە .

هەستی کرد هەموو گیانی بەکڵپەیەک دائەگیرسێت . چاوە تیژەکانی تێ بڕی و پرسی : ئەی بەخت چییە ؟ ئەویش بێگانەیە ؟

ـ بیەڵە قسە بکەم !

پروفیسۆر نەڕانی و بەتوورەییەوە تەواوی کرد .

ـ جارێ پێم بڵێ تۆ کێیت ؟ بیـەڵە قسـە بکەم ! بەراستی سـەیرە . پێم نالێی تۆ کێیت تا دەم لە دەمتـەوە بدەم ؟ کوڕم باش بزانە من کێوم ، کێوێکم هەموو کەس ناتووانێ خۆی لـە قـەرەم بدات . لووت لە لووتم بدات . کـە بەووردی سـەیری لووتی کرد بینی باش نەسڕاوە .

ـ تێ بـگە کوڕم ، بەدەکە لـە فارسییەوە هاتووە . بەڵام بەختەکە لە بەخ و ختەوە داکەوتووە . ئەگـەر نەختێک شارەزای زمانەکەی خۆت بیت ئەزانی ئێمە بە پشیلە ئەڵێین خت .

هـەستی کرد دوو کـەڵلەی نێرە پشیلە لـە بەردەمیا راست بوونەوە . بڕیاری دا ـ هەرچەند لە پروفیسۆر زیاتر وورد

ئەبۆوە ، ئەو بڕیارە زیاتر لە دەروونیا ئەچەسپا ــ قەت خـۆی بە ووشـەی کوردییەوە خەریک نەکـات • لـەم ووردبوونەوەیدا ، جارێکی تر پرسیارەکە وەک ساچمە سەری سمییەوە !

ــ ئەم زەلامە لە کێ ئەکات ؟ لە چی ئەکات ؟

لەم داڵغەو پرسیارکردنەیدا بوو کە پروفیسۆر ووتی :

ــ ئەوە باش بزانە من بەرێوبەری گشتی ئـەم دەستگایە بـە فلسێک ناکڕم ، نەخوێندەوارو نەفامێکی وەکو ئەو بە خاکی بـەر پێلاوەکانم دانانێم •

بـە خت ، خت ، پشیلە ، لـەناو سەریا گیڤەگیڤیان بوو • هەستی هیلاک بوون دای گرت • لـــە کێ ئەکـات ؟ لـــە کێ ئەکات ؟

لەبڕ بەرچاوی روون بۆوە ! سستیەکی شادمانی دای گرت •

ــ ئای دۆزیمەوە ! دۆزیمەوە ! ووڵاخی ناو لۆرییەکـــە • خۆیەتی •• دۆزیمەوە •• ئۆخەی •

کـە ئەمەی بەســەردا هات ، ئاگـای لـەوە نەبوو لەتاوانا هـەستاوەو لەبـــەر خۆیەوە ئەدوێ و دەســـت بـەملاو بەولادا ئەهاوێژێ •

ــ دانیشە •• کوڕم دانیشە ، ئێرە شانۆ نییە • جارێـکی تر ئەڵێم بە نالی پێلاوی دانانێم •

ناڵی پێڵاو •• ناڵی پێڵاو ! دەروونی بە قاقایەکی فێڵێ‌ھاتوو تەقیەوە •

– بە گۆڕی نەنکم دۆزیمەوە ! خۆیەتی •• خۆیەتی •

ھەر لەوکاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوەو بەڕێوەبەری گشتی خۆی‌کرد بەژووردا •

پرۆفیسور وەك کێچ راپەری •وێنەکەی ھەرگیز لە مێشکیا وون‌نابێت !

– ئای بەخێربێیت •ویستم بێمە لات بەس ترسام لەوەی سەرت قاڵ بێت •

– پیاوەتی خۆتانە •

– باش بوو ھاتی •• ھەر ئیستە باسی جەنابتانم ئەکرد •

– برا بچووکم •

– نا •• ئەستەغفیروڵڵا •• فەرموو دانیشە •• گەورەمان کە• ئەمووت کەس نییە لە جەنابتان زیاترو باشتر شیاوی ئەم شوێنە بێ • ژمارەی تەلەفۆنەکەت نازانم ••تکایە ژمارەی تەلەفۆنی سکرتێرەکەتم بدەرێ •

ھەستا ، دڵی وەك گونی ھەلاج لێی‌ئەدا • لەناویشەوە دەروونی ئەکوڵاو دەرفەتی دەرچوونی نەبوو • ھەستی ئاوارەیی‌و

شەرمەزاریپەکی سەیر دای گرت • هەر ئەوەی پێ کرا بڵێ :

ـ ببوورن ئەبێ بڕۆم •

ـ دانیشە •• نەختێکی تریش دانیشە !

کە چووە دەرێ هەستی کرد دڵی تێکەڵ دێتو سکی ئەچێت•

**بەغدا ـ ئەیلوولی ١٩٨١**

## گەشتەکەی ئەحمەدەفەنــدی

بە لەشێکی داهێزراوو دەستێکی هیلاکەوە کەل‌وپەلەکانی لــە تاکسییەکە داگرت • هەر ئەوەندەی لە مووبەقەکە دایەنان خێــرا بەئاهێکەوە خۆی فڕیدایە سەر نزیکترین کورسی • مناڵەکانیش یەکسەر چوونە باخچە دووبستەکەو کەوتنە یاری‌کردن • لەتاو هیلاکی ئەوەی لەیادکرد ، رۆژێك لەرۆژان خۆشی مناڵ بوو و لە یاری کردن نەئەکەوتو ئۆقرەی نەئەگرت • بۆیــە بە دەنگێــکی بۆڕی تووڕەوە قیڕاندی :

— بەسە قڕەقڕ •• دەی وەرنە ژوورێ •

ئەمەی ووتو گوێی‌نەدایە ئەوەی بەگوێیان کرد یان نا • ئەم هاوارە تووڕەیەی قەوانێك بوو هەموو رۆژ جارەهای جــار لێــی ئەداو تاقەتی لە لێدانەوەی نەئەچوو•بە جۆرێك پێی‌راهاتبوو ئەگەر زوو زوو بەدەمیا نەهاتایە ، وەی‌ئەزانی شتێکی لێ وون‌بووە •

خێزانی هاتە ژووریٚ ، چاوێکی ناڕەزایــی بــە مووبەقەکەدا گــێڕا :

ـ هەرچەندە لە ماڵی باوکٚو دایکی خۆم بووم ، کەچی لەم کونە گورگەی خۆماندا هەست بە حەوانەوەی راستەقینە ئەکەم • بە دەمێکی سستەوە بەڵام لە کانگای دڵەوە ووتی :

ـ بەخوا راست ئەکەیت •

ـ ســــەفەرەکە خــۆش بوو ، سەیرکە مناڵەکــــان چـــۆن گەشاونەتەوە •

چاوە رەشە گەشەکانی لەناو رووە هیلاکٚبووەکەیدا داگیرسا • ئەو داگیرسانە رووی نەرم کردو جوانییەکی تایبەتی بێهاوتای پــێ بەخشی • هەستی کرد هیلاکییەکەی نەما • حەزی کرد هەستێو تێرو پڕ ئەو چاوو رووە بلێسێتەوە • وەکٚ ژنەکەی ئەو ئارەزوویەی لە چاویا خوێندبێتەوە ، دەستی برد بۆ لێوەکانیو بەنەرمی پاڵیخستەوە • هەر ئەوەی بۆ مایەوە بلێ :

ـ دایە هەزار رەحمەت لە گۆڕەکەت کە ئەمەت بۆ دۆزیمەوە• ئەڵێن ژیانــی خێزانــی کامەرانو سەرکــەوتوو ئەبێ لــە رێی خۆشەویستییەوە بێت ! ئاخ •• ترحێو •

خێزانی خــێرا ئاوڕی لە باخچــەکە دایــەوە ، وەکو بیــەوێ مناڵەکان لەوە ئاگادار بکات دەنگە دەنگ نەکەنو لەگەڵیشیا ووتی :

- هیلاک دیاری ، هەر ئیستە جێگاکەت بۆ چاک ئەکەم ، برۆ باڵ بدەرەوە •

- نا •• ئێرەم باشترە •

پاش نەختێک وەستان بە ئەوپەڕی ئاگاداریەوە ووتی :

— ئەوەش بزانە کەم نەکەوتە سەرم •

بە نیگایەکی سەرسووڕمایەوە تێیڕووانی • ئەو نیگایەی لە یەکەم شەوەوە وای لێکرد دڵی پیا بچێو خۆشی بوێ •

- تۆش حەوایتەوە ، سەیرێکی خۆت بکە ، پیاوێکی تری • پارە هەموو شتێک نییە !

- راستە ! بەس پارەی ئەمسەرو ئەوسەری تاکسی هەڵیئەکاندم •

ئەمەی ووتو هەردوو دەستی دا بە ئەژنۆ هیلاک بووەکانیاو دووایی بەبەزەییەوە خشاندنی بە گیرفانی راستو چەپی پانتۆڵەکەیدا •

- گوێمەدەرێ •• خوا گەورەیە • پێم ناڵێی چیت ئەکرد ئەگەر منیش وەکو ئەم خەڵکو خوایە وولاتان بینیمان لێت داوا بکردایە ؟ وەی بڵێ چیت ئەکرد ؟

بەگلەییەوە تێیڕوانی • بەس بزە سادە هیلاکەکەی سەر لێوی رازو گلەیی بۆ نەهێشتەوە • بۆیە دەستێکی بێدەسەڵاتی

بەرزکردەوەو ووتی :

ـ هەموو شتێك لەسەر سەرم ، بەس ئەمە نا •• ئەمە نا !

دەستێکی دۆستانەی دا بەشانیاو ووتی :

ـ دەی هەستەو مووبەقەکەم بۆ چۆڵ بکە • چاوێکیش لەو جەربەزانە سووربکەرەوەو ئاگاداریان بکە هەتا دالەکە پاك نەکەنەوە نەکەن بێنە ژووریٚ • باشە !

سەهۆلی هیلاکی بە گەرمایی دەستو پەنجەکانی تووانەوە •

لەوەدابوو هەستێ ، کە لە زەنگی دەرگای دەرەوە درا • بەسستییەوە راست بۆوە • لە بەردەرگا زەلامێك وەستابوو • سلاوێکی گەرمی لێ کرد • لەوەدابوو داوای لێ بکات بێتە ژووریٚو بەرداخێك ئاوی سارد بخواتەوە ، کە پیاوەکە بە رووییەکی گرژو تووڕەوەو زۆر بەکورتی ووتی :

ـ مۆری بکە •

کاغەزێکی خستە بەر لووتی • بە دڵشکاوییەوە دەستی بەرزکردەوەو کاغەزەکەی لادا • ئەوسا بەتەواوەتی زەلامەکەی دی • خریلەیەکی ناوشان تەسکی قاچ کورتی باریك بوو • سەری زۆر سەیر بوو ، لەوە ئەچوو سێ سووچ بێت • لەباتی ئەوەی ئەو ناتەواوییە بە فۆزێکی پڕو چڕ داپۆشێت ، هاتبوو سفر سەری تاشیبوو ، بەوەش زیاتر سەرنجی خەڵکی رائەکێشا • کە کەوتە

قسەکردنیشی چاوێکی بەرزئەبۆوەو چاوەکەی تریشی ئەهاتە خوارێ ، لە تەرازوویەکی ئەکرد لایەکی قورس و لایەکەی تریشی سووک بێت • دانەکانی لەوەیان ئەکرد بە لێوەکانیەوە نووسابن • هەستی کرد حەز بە شایەتمان هێنان ئەکات ، یان بیسمیلایەک بکات • ئەم سەرنج لێدانە زەلامەکەی هێندەی تر شێگیر کرد • بۆیە هەر کە پرسی ئەم کاغەزە چییەو چی مۆر بکەم ؟ نەڕانی بەسەریا :

– ئەمە ئەمەی چیتە ! دەی مۆری بکە •

بەحەپەساوییەوە تێیڕووانی • کابرا تەواو وورووژا ، بە دەنگێکی لە تووڕەیی تاساودا ووتی :

– پیری ئاوتان فڕێداوەتە سەر جادە • نا •• سەیرم مەکە، باش ئەزانی ئەمە قەدەغەیە •

– هەفتەیەک زیاترە لێرە نین • هەر ئێستە هاتینەوە ، هەر ئێستە •

– بیانوو پارە ناکات • دەی مۆری بکە •

– برا بیانووی چی • فەرموو ئەوە دراوسێیەکان لێیان بپرسە •

– ئەم قسانە پیشەی تاوانبارانە •• دەی مۆری بکە •

ناچار چاوێکی بە پارچە کاغەزەکەدا خشاند • نووسرابوو : « ئەبێ فلان ڕۆژ لە فلان کاتدا عەبدوولای کوڕی ئەحمەد کوڕی

سەعید بێتە دادگا » •

ئاهێکی پیادا هاتەوە • بە زەردەخەنەیەکەوە کاغەزەکەی دایەوەو ووتی :

ـ ئەمە من نیم فەرمووو بە گەڕەکەکەدا بگەڕێ تا ئەم ناوە ئەدۆزیتەوە •

وەک ئەو زەردەخەنەیە پیاوەکەی قارس کردبێت ، شێتانە پیایا هەڵشاخا :

ـ نە کۆنە کوێخامو نە موختاری گەڕەکیشم • بە من ووتراوە ئەم ماڵە • دەی مۆری بکە •

تەواو حەپەسا ، هەستی بە هیلاکییەک کرد لەشی داهێزراند •

ـ ووتم ئەمە ناوی من نییە !

لەوە ئەچوو هەتا حەپەساو بوونەکەشی بە جنێو دانابێ ، بۆیە بەحیرسەوە توند قاچیدا بەزەویدا ، بۆ نەگبەتی بەر ئاسنی قاچ پاککردنەوەی بەر دەرگاکە کەوت • بە ئاهێکی پڕ لە ئازارەوە قاچی بەرزکردەوە ، ئەوسا پێڵاوە هەرزانەکەیو لێواری پانتۆڵە داڕزاوەکەی بەدیکرد • هەستی هاوجۆرییەکی راستەقینە دایگرت • ویستی لە دڵەوە بۆی بخنێتەوەو بانگی بکاتە ماڵەوە • بەڵام زریکەی شێتانەی پیاوەکە دایچڵەکاند •

ـ ئەڵێم مۆری بکە •• کاتم بەفیڕۆ مەدە ! ئەگینا •••!

ـ برام من نیم • من ناوێکی‌ترم هەیە •• من کەسێکی ترم • فەرموو سەیری پێناسەکە بکە •

ـ ووتم مۆری کە •

تووڕەیی دەموچاوی کردبوو بە تەنەکەی تێکشکاو ، تەرازووی چاوەکانی وەها بەرزو نزم وەستابوو لەوەی‌ئەکرد لە تایەکیا جیهانی تیا دانرابێت‌و تایەکەی‌تریشی بە بەتاڵی مابێتەوە • خێرا دەستی برد بۆ گیرفانی‌و پێناسەکەی پیشان‌دا •

ـ فەرموو ، ناوم ئەحمەد کوڕی ئیسماعیلە •

وەی‌زانی سارد ئەبێتەوە ، بەڵام بەپێچەوانەوە ، جارێکی‌تر پێی دا بەزەویدا ، بەس ئەمجارە لە ئاسنەکەی دوورخستەوە •

ـ ووتم مۆری بکە •

پەنجەیەکی هەرەشاوی بەرەو چاوی راکێشاو لەسەری رۆیشت :

ـ ئەگەر مۆری نەکەیت سزاکەت ئەبێ بە دوو سزا •

شا دەمارە دێرینەکەی ئەو شاخانە دای‌گرت‌و سەری گەرم بوو • بە تووڕەییەوە پەنجەی گرت‌و لای‌دا • چاوێکی لێ بزکردەوەو ووتی :

ـ کوڕە ئاگات لە دەمی خۆت بێت • منیش وەک تۆ مووچەخۆرم ، بەس قەت رێگا بە خۆم نادەم بەمجۆرە لەگەڵ

خەڵکیدا بدوێم •

- کەواتە بوو بە سێ سزا • هەڕەشەم لێ ئەکەیت ؟ ئەیبینی •

بیری لەوە کردەوە ، دوو سبەی ئەچێ بۆ دادگاو لەوێ هەموو شت روون ئەبێتەوە • ئیتر بۆچی خۆی تووشی سەرئێشە بکات • کاغەزەکەی وەرگرتو مۆری کرد •

ئوتۆمۆبیلێکی دووا مۆدەی لەرەخشی چوو بەخێرایی بە شەقامە قیرتاو نەکراوەکەدا تێپەڕی • هەردووکیانی بە تەپوتۆزێکی تەڵخ داپۆشی • کە تەپوتۆزەکە نیشتەوە ، پیاوەکە لەوێ نەمابوو •

- ٢ -

دادگا پڕ ، دەرزیت هەڵدایە سەر ئەرز نەئەکەوت • لەدوورەوە سەری خەڵکەکە جمەیان ئەهات ، لە لۆرییەکی بە مەڕو ماڵات سیخناخ کراو ئەچوو • هەواکە یەقی ئەدایەوە • بەیانی زوو چوو هەتا خێرا رزگاری بێت بەڵام نزیک نیوەڕۆ سرەی هاتە سەر • حاکم لەپشت مێزەکەیەوە پاڵی لێدابۆوە ، جێگای چواری وەک ئەوێ تیا ئەبۆوە • ژووره فراوانەکە پڕبوو لە مۆبیلەی هەڵبژێردراو ، هەوایەکی سارد کردبووی بە سەرسەڕ • تینوێتی لەبیرچووەوە • حاکم لەگەڵ میوانەکەیدا نوقمی گفتوگۆیەکی

گەرم بووبوو • سەرقاڵی هەروەها ئەبێت •

- دەی با رازی بێتو هەموو رۆژێك بەمژوورەیەوە بێتــە لای ئێمە • خۆزگە رازی ئەبوو •

ئەمەی لەوکاتەدا بەسەردا هات کە کاغەزەکەی ئەمی چووە بەر دەم • بێ ئەوەی سـەیری بـکات مۆری کرد • پۆلیسەکـەش بێ ووچان تێی ئەخوڕیو پاڵی پێوە ئەنا وەکو بیەوێ بیخاتە کۆشی حاکمەکەوە • حـاکم بـە دەستێـکی نەیزانی هی راستی یان هی چەپێتی ، کاغەزەکەی لاداو بە زمانێکی تاقەتچووەوە ووتی :

- بچۆ ژوورەکەی ئەودیوو دە دینار بدە •

بۆ ماوەیەك وەستا ، وەی زانی لەگەڵ ئەوی نییە • بەس کە پۆلیسەکە دای بە قەپرغەیا ، ئەوسا زانی لەگەڵ ئەوێتی • ئـــەوە نەبوو قەڵەمی ئەژنۆی نەشــکێ • ئەوەی پەکی خستو ناودەمی ووشك کرد بێ دادیەکە نەبوو • دەمێكبوو هەستی بەوە کردبوو چرای دادپەروەری لەم سەرزەمینەدا یان نەوتی کــەم بووە ، یان پلیتەکـەی کۆنو خوراو بووەو لەبەرئەوە تیشکەکەی هــەرگیز کزبووە • بەس دە دینارەکە •• دە دینارەکە • مەگــەر هەر ئەمو کەسانی وەك ئەم بزانن دە دینار ماناى چییە !

هەستی کرد کاشییە رەقەکانی ژێر پێی بوونە لمو خەریـکە بەناویانا رۆئەچێت • بە دەنگێکی خنکاوەوە ووتی :

- گەورەم هیچ نەبێ بپرسە من کێم ؟

حاکم بەجۆرێک دەستی بەرەو سەری بەرزکردەوە لەوە ئەچوو خۆی لە بەردباران بپارێزێت و بە زمانێکی خاوی هیلاکەوە ووتی :

- ئەگەر لە هەموو یەکێک بپرسم تۆ کێیت ؟ ئەبێ هەموو رۆژێک کاکیلەیەکی نوێ بۆ خۆم بکڕم •

ئەمەی ووت و بەسەنگینییەوە لێوەکانی داترنجاند • میوانەکەی دایە قاقای پێکەنین • پۆلیسەکەش لەپشتەوە بەجۆرێک خۆی پیا هەڵواسیبوو بێووچان تێی ئەخوڕی ، لەوەی ئەکرد ئافرەتێکی خۆفرۆشی دۆزیبێتەوەو بەرەو ماڵەوە راپیچی بکات •

- رێگام بدەن خۆمتان پێ بناسێنم •

- ها •• فەرموو ئەدیسۆنە رێی وونکردووە •

قسەکەی خۆی زۆر لا جوان بوو • میوانەکەی دایەوە قاقای پێکەنین • فوویەکی بەسەر مێزەکەدا کردو لەسەری روێشت:

- فەرموو برۆ بۆ ژوورەکەی ئەودیو •

- جەناب هیچم ناوێ ، بەس سەیرێکی ناوی ئەو کاغەزەی بەردەمتان و پێناسەکەی من بکە • ئەوسا بۆتان دەرئەکەوێت من ئەوکەسە نیم کە بۆ ئێرە بانگ کراوە •

چی ؟ سەیرکە کوڕم •• ئحم •• ئحم •• ئەوەندەش پیر نیم بە تۆ بڵێــم کوڕم •• هــا •• ســەرم مەیەشێنەو دەی بۆ ژوورەکەی ئەودیو •• بۆ ئەودیو •• دە دینارەکە بدەو با نەبێتــە بیســت •

– بەس من ئەو پیاوە نیم •

دەستی‌دا بەسنگیاو دووایی بردی بۆ قژی‌و لەسەری رویشت :

– من یەکێکی‌ترم •• سەیری پێناسەکەم بکە • • یەک جار سەیرێکی پێناسەکەم بکە •

دەست‌و پەنجەی رەقی لە پۆلا چووی پۆلیسەکە ئاڵۆقــەی داو دەمی بۆ داخست •

هەستی‌کرد گوێچـکەکانی هــەتا دێن درێژ ئەبن‌و درێژتر ئــەبن •

- ٣ -

سرەکــە زۆر درێژ بوو • بێ‌ووچــان سەیری سەعاتەکــەی ئەکرد ، لە دایرە بەڵێی‌دا زوو بگەڕێتەوە • سەرئێشەی ئەوێشی ماوە • گوایە بڕوای پێ ئەکەن ؟ هــەیە گوێ لــەم بەسەرهاتەی بگرێت‌و باوڕی پێ بــکات ؟ بانــکەکە لەوەی ئەکرد لە شلکاودا بسوڕێتەوە • هەناسەی سوار بووبوو • کــە سرەی هاتەسەر ئەوسا

بیری لەوە کردەوە دە دیناری پێیە یان نا • لە گیرفان پشکنیندا بوو کە سرەی هاتەسەر •

– دە دینــار •

موحاسیبەکە بەقرەوە هاواری کرد • دەمێك بوو جگەرەکە لەسەر پەنجەی کوژابۆوە • بەڵام نەئەپەرژا فرێی بدات •

– ئەگەر لات قورس نییە سەیرێکی ناوی سەر کاغەزەکەو ناوی پێناسەکەم بکە •

هێشتا تاوە دەزوویەکی هیوای لا مابوو ، دڵی خـۆی بەوە خۆش ئەکرد • کـە موحاسیبەکە سەری بۆ هەڵبڕی‌و چـــاوە هیلاکەکانی دی تەریقی دایگرت‌و دڵنیا بوو لەوەی کــار لــە کــار ترازاوە •

– دە •

ئەمەی ووت‌و دەستی بە جگەرە مردووەکەوە دا بە مێزەکەدا•

کەوتە گیرفان پشکنین • لەوانە نەبوو وەرەقەی سووری لـە گیرفاندا بێت • بە دینارو نیودینارو دووایی چارەکـە دینارو پاش ئەوە بە ووردە شتێکی کۆکردەوە • لەپشتەوە هاوار لە گیرفـــان ئاوساوەکانەوە هەستا •

– ئەوە چیە ؟ گوایە دە دینارێکی پێ نییە •

یەکێک بۆی بداتو با سرەکـە کورت‌تر بێتەوە ! هـەموو لەشی نیشتبووە ســەر ئاو ، ئاوڕی لەوەی دووایــەوە دایەوەو بەشەرمەوە ووتی :

ـ سەد فلسی ناتەواوە •

ـ کاکە •• با هەووی لەسەر من بێت •

ـ نا •• پێویست ناکات •• من خۆم تەواوی ئەکەم •

موحاسیبەکە بەدەنگێکی گڕەوە ئەمەی ووت •

کە هانەدەرێ ، هەوا تەپو تۆزاوییەکەی دەرەوە ، بۆ ئەو بە بەهەشت ئەچوو •

لەســەر شەقامەکـە وەستابوو ، یەک دانە فلسی پێ نەبوو • بڕیاری‌دا بە پێ بگەڕێتەوە دایرە • کـەوتەرێ ، لەبەرخۆیــەوە ئەیووت :

ـ لەوێ قەرز ئەکەم •• وەک جاران قەرز ئەکەم •
ئەگەڕاو ئەگەڕا ، قەرز لە کێ بکات •

١٩٨١/٨/٢٩

# گوێدرێژیش باسی هەیە

## - ١ -

هەتا توولەرێیەکەش ، لە ڕێگاکەی جاران ، لە هینەکەی دوێنێی نەئەکرد • ئەوەندە چاڵو چۆڵی تێدا بوو تەنانەت گوێدرێژەکەش لەتاو ئەو هەموو هەڵبەزو دابەزو خلیسکانانە تاقەتی چووبوو ، وورگی ئەهەژیو پەڕەی لووتی فش کردبوو • بارەکەشی گران نەبوو ، نا •• بگرە هێندە سووک بوو ، ڕێگاکە نەبووایە لە نەرمەغار نەئەکەوت ، لای خاوەنەکەشی ئەوەندە خۆشەویست بوو بەدەگمەن ئەچووە سەر پشتی • لەو هەردە چۆڵەدا بەهێواشیو لەسەرخۆ لەپشتییەوە ئەڕۆیشتو قووڵ چووبووە ژێریو لەبەرخۆیەوە بەوورتەوە ئەیووت :

- هەر ئەمم بۆ ماوەتەوە • لەم بەولاوە کەسیترم نەماوە • بۆیە هەرچەند ئەچەقێت لە نەرمە نەقیزەیەک زیاتر هیچیتر ناخوات • خوا ئەزانێ فەرهادی کوڕم ئەوەندە نازدار نەبوو •

ویستی لابداتە ئەو ڕێگایەی بەرەو گوندی چەرمەتوو ئەچوو ، بەڵام لەپڕ بیری کەوتەوە کە دەمێکە چەرمەتوو سەرو شوێنی نەماوە •

— چەرمەتوو ! ناوێکی سەیرە ، بەڵام پڕ بەپێستی بوو • ئای لە دارتووەکەی ! لە پیرە چنارێکی دێرین زەبەللاحتر بوو • هەر دەنکە توویەکی بە خورمایەکی پڕی ئەستوور ئەچوو ، کەچی بۆ نەگبەتی ئەوەندە رەق بوو دان ئەسووا هەتا لەتی ئەکرد •

خۆی پێ نەگیراو وەستاو ماوەیەک ڕووانییە ئەو شوێنەی لەدوورەوە پاشماوەکەی چەرمەتوو بوو •

— چەرمەتوو لەکوێی ؟ لەوە ئەکەیت ووشەیەکی بچووک بووبیت بە لاستیکێکی زبری رەق سڕرابیتەوە !

لەناکاو لێشاوی بیرەوەری رژایە ناو سەرییەوە ، ئەوە نەبوو شەقی نەکات • « مامۆستا هەتا چەند ووشەیەکی فێرکرد ئەوەندەی تێسرەواندو بە لاستیک ووشەکانی پێ سڕییەوە ، لاستیکو ووشەی لا بێزرا » •

دەستێکی بۆ سەروپێچەکەی بردو بەوورتەوە ووتی : دایکی منالەکانیش هەزار رەحمەت لە گۆڕی خەڵکی چەرمەتوو بوو •

موچرکو تەزوویەکی تیژ لەشیان بڕی • داخو خەفەتێکی رەش دەروونیان تەنی • بۆ یەکەمجار نەقیزەیەکی قایمی لە

گوێدرێژەکە وەشاند • بەجۆرێک ئاوڕی لێدایەوە لەوە ئەچوو کلەیی لێ بکات •

– بڕۆ •• هەتا پێت ئەکرێ بێ هەڵگرە !

گوێدرێژەکە وەکو ئازاری نەقیزەکەی لەبیرچووبێتەوە ، جارێکی تر لەناکاو وەستا • نەقیزەیەکی تری خوارد •

– بڕۆ ، مەوەستەو بڕۆ • چییە ؟ نیازت هەیە سەر لە کانیسارد بدەیت ؟ لێت ناگرم • تۆم لەوێ کڕی • لەوێ تۆم لە مەلا حەوتدەم کڕی • خوا ئاگادارە باش هەڵیخەڵەتانم • بەڵام ئیستە ئەزانم تازانجم بوو ، دەی بڕۆ ، گەوجە بڕۆ ، کانیساردیش نوغرۆ بوو ، ئەویش نوقمی ژێر زەمین بوو و شوێنەواری نەما • گوێدرێژەکەی پێش خۆی دا • سەروشت ماتو بێدەنگ بوو لەوەی ئەکرد بترسێ وورتەی لێوە بێت •

پیاوێکی کورتە باڵای گژ گل بوو ، لە پشت گوێدرێژەکەیەوە تەنیا سەری دیار بوو • بەڵام سەرو سیمای بەو پرچە بژبووە چڵکنەو بە ریشە داش و برنجە درێژ بووەکەی و بەو دەمو لێوە توندو قایم داخراوانەیەوە ، لە فەیلەسووفێکی لاتی لێقەوماوی بێسەروشوێنی ئەو شاخو هەردەی ئەکرد •

– بڕۆ •• بەرەو شار دڵ بنێو راست بڕۆ • وادیارە بیریان ئەکەیت !

یادیان ئەکەیتەوە ! هاە• ! وامئەزانی گوێدرێژ نەفـامو گـەوجو بێوەفایە ! وادیارە وا نییە • ئێ •• دەی ! کەواتە تۆش وەکو من شتت لەبیرە • بەس جیاوازی لەوەدایە من بەزۆر لەبیر خۆمی ئەبەمەوە • ئەگەر وا نەکەم ئەی چی بکەم ؟

وەك لـە قسەکانی ترسابێت ، ئاوڕێکی پڕ لە سلەمینەوەی دایەوە لـە شـاخو هەردی گوێگرانو کەڕ بەولاوە هیچیتری بەدینەکرد •

بەو بەرەبەیانە ، لەنزیك شـار ، تاقـە درەختێـکی لات باوێشکی ئەدا • لە پیاوێکی پیری ئەکرد دەمو دانی شکابێت •

- ٢ -

لە لای شەقامە رووتەکە بە جووتە وەستابوون • قوڕو لیتـاو بێبەزەییانە ئەڕژانە کەوشە دڕاوەکەیەوە • وادیاربوو شەقامەکـە تازە قیرتاو کرابێت • گـەلای دەمەو پایزی وەریو تێـکەڵ بـە لیتاوەکـە بووبوو • حـەزینەئەکرد بیر لە هیچ بکاتەوە • ئەوەی فرۆشتی بەشی دوو سێ پاروو ئەکات •

ـ لەوە زیاترم بۆچییە ؟ کەس نییە بەخێوی بکەم •

هـەر ئەوساتە ، رووی کچە هـەرە بچووکەکەی هـاتە بەرچاو ، ئەوەندە روونو بێگەرد بوو هەستیکرد لەناو کۆشـیا

دانیشتووەو خەریکە گـەرمی ئەکاتەوە • پەنجە زبرە تەزیوەکانی وەک چاوەڕێی ئەوە بن بەسـەر بڕچـە نەرمو نۆڵەکەیدا بێن ، نەرم‌بوون • خێـــرا دانیشتو کۆشی بۆ ئامـــادە کرد • ئەژنۆ ڕەقەڵەکەشی سـەری لە شەڕواڵەکەیەوە دەرهێنابوو ، بێشەرمانە سـەیری جیهانی ئەکرد • لە کانـگای دڵەوە دەستی‌برد بیگرێتو تێر بەخۆیەوە بنووسێنێ ، بەڵام ئەوساتە ساردییەکی بێ‌ئەنـدازە لەش‌و گیانی داگرتو کەوتە دەرزی‌ئاژن کردنیان • سست بوو ، هـەتا سروشتەکەی دەورەبەریشی لـەوەی ئەکرد خۆڵو دۆیان بەسەردا کردبێت •

ـ هەستە •• کوڕە حەمە پیاو بە هەستە •

بەزۆر خۆی ڕاست کردەوە • قرچەی ئەژنۆکانی لە دەنگی دوو بەرداشیان ئەکرد بەرقەوە بەشەڕەوە خۆیان‌دابێ بەیەکدا •

هێشتا تەواو ڕاست نەبووبۆوە کە قیڕەیەکی هاتە گوێ •

ـ هەستە •• ئەڵێم هەستە ! دەی کوێر بیت ، چاوت لێ نییە گوێدرێژەکەت قیرتاوەکەی شێلا •

بە داچڵەکینەوە ئاوڕی دایەوە ، پۆلیسێکی تەنگەئەستوور سێبـەری بۆ کردبوو • وەک‌مرۆڤێـکی ڕاهـاتوو بەمجۆرە تێ‌خوڕینانە بە ساردییەوە سەیری کردو پرسی : فەرموو •

ـ هەی گەلحۆ ، نابینی گوێدرێژەکەت قیرەکەی شێلاوە ؟

سێ ساڵی بەندیخـانەو دوو سـاڵی ئاوارە بوون ، فێری دان بەخۆداگـرتنی نەکردبوو • هـەستی کرد خـوێنی ئەکوڵێت • ئێسکو گۆشتو ماسوولکەکانی ئەجمێنو خەریکن قەفەسەکە ئەشـکێنن • بەزۆر خـۆی گرتو بە دەنگێـکی بۆڕەوە ووتی :

قیرەکە بەوە نەفەوتا •

لـە شانەوە گرتیو رای تەکاند • مراخانییە کۆنەکەی لەناو دەستی پۆلیسەکەدا لە ئاخو ئۆفدا بوو • گوێدرێژەکەش لەشوێن خۆی چەقیبوو •

ـ دەی پێشم کەوە •

ئەمەی ووتو بەجۆرێک پاڵی پێوەنا ، ئەگەر خۆی نەگرتایە لە قوڕاوەکەدا مەلەی ئەکرد •

ـ هەر ئەمەم کەم بوو •

لە ژێر لێوەوە ئەمەی ووتو دەستی بۆ ملی گوێدرێژەکە درێژ کـرد •

ـ ئەوە ئەڵێی چی ؟

پۆلیسەکە بەجۆرێـک نەڕانی لەوە ئەچوو هـەتا وورتەش بقە بێتو لێی بسڵەمێتەوە •

ـ هیچ ، براله هیچم نەووت • خەریکی ووشەخواردنەوە بووم • بەس پێم بڵێ بۆ کوێم ئەبەیت ؟ بۆ دادگا ؟ بڕوا بکە هەتـا

بیستبێتم نەماوە بیبات .

بۆ یەکەمجار سەری هەڵبڕی و سەیرێکی چاوەکانی پۆلیسەکەی کرد . لە دوو کڵۆ خەڵووزی کوژاوە ئەچوون .

– پێشمکەوە .

– بەسەرچاو ! بەس ، با گوێدرێژەکە پێش خۆمان بدەین . هەستی کرد بەرگەکەی جارانی دێتەوە بەر . بڕوا بەخۆکردنێکی کتوپڕ هەمەوو گیانی داگرت . چاوەکانی کەوتنە بریسکەو هووڕ . کـە بەوچاوانە رووانییە پۆلیسەکە ، ناچاری کرد ڕوو وەرگێڕێ .

هەرسێکیان چوونە سـەر شەقامە قیرتاوەکە . گوێدرێژەکە لەپێشەوە بەخۆشییەوە ناڵەکانی ئەدا بە قیرەکەدا ، دووای ئـەو حەمەو پاش ئەویش پۆلیسەکە . بزەیەک لێوە ووشکە چرچەکانی کردەوە ، دەمێک بوو بزەی وەهایان بەخۆیانەوە نەدیبوو .

– ٣ –

– کابرا .. ناوت چییە ؟

حاکمەکـە بەجۆرێک قیڕانی ، حەمـە وەیزانی دوژمنـی باوەکوشتەیەتی .

– قوربان حەمە سێکەری خزمەتکارت .

رووه حەپەساوی یەکەی حاکم ئەوە نەبوو وای لێ بکات بداتە قاقای پێکەنین • بەڵام کە لە چاوەکانی ووردبۆوە ، هەستی کرد لوولەی تۆپو نووکی سونگی تیا بەدی ئەکات •

لەناخەوە ووتی : وەی لەوچاوانە •
چاوی راستی کەوتە فڕین •
ــ ئەمە ناو نییە ، خێرا ناوی خۆتو باوکتو باپیرت بڵێ •
ئای لەو دەنگە لە دوو کێرد ئەکەن یەکتری تیژبکەنەوە •
بەدەنگێکی هەوڵیدا نێر بێت وەلامی دایەوە :

ــ گەورەم •• بێ سوودە ! هەزار جار ناوی خۆمو باوو باپیرم بێنم ، هەتا نەڵێم حەمە سێ کەر کەس نامناسێتەوە •

ــ ئێرە شوێنی گاڵتەو سوحبەت نییە !

ــ گەورەم من ، واتە ئێمەدانان حەدی گاڵتەو سوحبەتمان نییە ، ئەوە بقەیە •

ــ ناوت • خێرا ناوت بڵێ !
ــ بەسەری تۆ گەورەم حەمە سێ کەر •

کە حاکم بەتووڕەییەوە تێی رووانییەوە ، هەستی کرد لوولەی تۆپەکان لەسەر سنگی وەستاون •

ــ گەورەم گاڵتە ناکەم • بڕوا بکەن بەراستمە • کفرم کردو سێ جار لەسەر یەک گوێدرێژی دێزم کڕی • ئیتر لەوساوە

ئـەم ناوەم بێ بڕاو ناوی باووباپیـرم وون بوو • بۆچی ئەبێ ناوی گوێدرێژ وەها جێی قێزو •••!

خێسە ساردەکەی حاکم ناوچەوانی سوواند •

– قوربان ناوی باوکم سەی کەڵەک بوو •

پۆلیسەکە بەجۆرێک تێیژەنی ئـەوە نەبوو قەپرغـەی نەشکێنێ •

– ناوی باپیریشم بێ جووت بوو •

– ناوەکانیان ، ناوەکانیان بڵێ •• ناویان چی بوو ؟

– گەورەم •• وابزانم ناوی باوکم حەمە بوو ، ناوی باپیریشم هـەر حەمە بووە •

– ناوەکانیان !

بەجۆرێک زریکانی وەیزانی هۆڵەکە ، زۆر نابات ئەڕمێ •

– قوربان من گوناهم چییە ؟ بەخێـریان زانیوە ، بە ئەقڵی ئەوان ئەبوو من پاشا دەرچوومایە ! بەڵام وەکو ئەبینی ••

– بۆچی گوێدرێژەکەت چووە سەر شەقامەکە •

– قوربان خۆت ئەیزانی کەر هەر کـەرە ، ئەگـەر وەها نەبوایە بۆچی ماڵ کاولە ئەچووە سەر قیرتاوەکە ؟ بەر غـەزەبی خوا کەوێت !

- گەوجە لەوشوێنەدا چووەتە سەر شەقامەکە کە بەئاشکرا نووسراوە (قەدەغەیە) •

- قوربان من تاوانم چییە ئەگەر ئەو نەخوێندەوار بێت •

حاکم داچڵەکیو ئەوە نەبوو پەتی سەنگینی بەربداتو پێبکەنێ ، بەڵام گورج خۆی گرتو نەڕانی •

- ئەمە یاکانە نییە •

- قوربان کەللەرەقەو بەگوێمی نەکرد • هەزار رەحمەت لەوەی ووتی : کەری دێز مردنی خۆیو زەرەری خاوەنەکەی ئەوێ • خوزگە ، ئەتزانی چەند خزمەتی ئەکەم ، لەم گوێدرێژە بەولاوە کەسیترم نەماوە ••• بڕوا بکە وەك منالێکی خۆم سەیری ئەکەم •

- واز لەم قسانە بهێنە •

- نەقیزەیەکی پیا ناکەم •

- واز لەم قسانەت نەهێنی هەر ئێستە توندی بەندیخانەت ئەکەم •

لەناکاو هەستیکرد دیوارەکەی بەردەمی ئەجوولیو دێتو دەچێ •

- قوربان بەم دوو چاوانەم دیم ئوتۆمۆبیل بەنازەوە بەسەر قیرتاوەکەدا ئەرۆیشتنو ئەیانشێلا •

قیرەکەی حاکم ئەوە نەبوو کەڕی نەکات •

– دەمت داخــە •

– بەم چاوانە دیم •

– گەوجە بەسەو دەمت داخە •

– بە هەقی خواو پێغەمبەر بە چاوی خۆم دیم ئوتۆتۆبیلێکی لە بووک چوو بەسەر قیرتاوەکەدا تێپەڕیو قیرەکەی هەڵکەند • بڕۆن سەیری جێ تایەکانی بکەن •

– باسی گوێدرێژەکەت بـکە •

– گــەورەم بۆ ئەبێ هــەر باسی گوێدرێژەکـەم بـکەم ؟ بەدەیەها بەسەریا ئەڕۆشتن ، ئیتر بۆچی هەر گوێدرێژەکەم •••!

– وادیارە کەرەکە لە تۆ ئاقڵترە !

حــاکم بەئەوپەڕی تاقەتچوونەوە ئەمــەی ووتو دەستی هەڵبڕی مێشێکی لە خۆی دەرکرد •

– دەمخۆش قوربان ، من هەر لەمێژەوە ئەقڵم ناتەواو بووە ، دەمێکە ئەقڵم نەماوە • جا ئەقڵم بۆ چییە ؟

حــاکم لەوە ئەچــوو تــەواو قارس بووبێت ، خێســەیەکی ئاگراوی بۆ ناردو بەونیــازەی کۆتایی بــەو کــەربازارییە بهێنێ پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ درێژ کرد • هەر ئەوساتەش حەمــە دەمی وەکو لاستێک کشابوو ، لەوەئەچوو بیەوێ ناودەرووننێـکی

کڵپـاوی یەق‌بداتەوە • بەڵام پۆلیسەکـەی تەنیشتی بەجۆرێک ئانیشکی‌دا بە کەمـــەریا ووڕی‌کرد • حاکمیش بەدەم پەنجـــە درێژکردنەوە ووتی :

ـ مەحکەمە بریاری‌دا هەفتەیەک حەپس بکرێت ، یان دە دینـار جەزا بدەیت • ئەگـەر نەکرا هەفتەیەک کەرەکەت زەوت بکرێت •

ـ قوربان خوا ئاگادارە یەک فلسم نییە • خۆشت ئـەزانی گوندەکەم ••

ماڵو مناڵەکـــەم • • ئەزانی هەموویان •• هـــەتا کچـە بچووکەکەشم کە ••••!

ویستی بڵێ ، ئەوەی لە پەری ئەکرد • بەڵام نەڕەکەی حاکم ووشەکانی لە گەروویدا خنکاند •

ـ دەمت‌داخەو دەی خێرا بیبەن •

هەستی‌کرد هەردەکـــان بە هـــەموو قورساییانەوە نیشتنە سەرشانی‌و هەناسەی سووار بوو • رێـگا پڕ چاڵەکانی هـــاتەوە بەرچاو ، گوندەکەی ، خێزانەکەی وەک بسووتێن بۆچرووکیان هات بەلووتیا • دوواجار گوێدرێژەکەی هاتەوە یاد •

ـ باشە قوربان •• باشە •• یەک فلسم نییە • • ئەگـــەر حەپسم‌بکەن گوێدرێژەکەم •• تەنیا کەسەکەم لەبرسانا ئەمرێت••

نەیسا باشتر وایە ئەو بگرن • بەس لەبیرتان نەچێ کاو جۆی بدەنێ •• بێکەسە •• تووخوا ئاگاتان لێی بێت •

ویستی چەند جارێک ووشەی (ئاگاتان لێی بێت) دووبارە بکاتەوە • بەڵام هەستی کرد هەر خۆیو پۆلیسەکە ماونەتەوە • دیوارە رەقەکانی دادگاکە بێشەرمانە هاوارو دادخوازییەکەیان هەڵمژی •

**کانوونی دووهەمی ١٩٨١**

# سـۆل

له ماڵەوە هاتەدەرێ • دەرگاکەی زۆر بەهێواشی داخست • وەك لەوە بترسێ زرمەی دەرگا داخستنی قایم یەکێك داچڵەکێنێ • دەرگاکـەی باش تاقی‌کردەوە کـە دڵنیا بوو باش داخراوە ، بەسەر هەموو پەنجەرەکاندا گەڕا • کە دی هەموویان تەواو داخراون ، ئەوسا رووەو ئۆتۆمۆبیلەکەی رۆیشت • زۆر شت هەبوون هەمیشە مایـەی ترس‌و دڵلەرزین بوو لای ، بـەس ئەوساتە لەوە ئەترسـا ئوتۆمۆبیلە شڕەکەی تەشقەڵەیەکی پێ‌بکات • بە پاڵ‌پێوەنان راهاتبوو، بە پاڵ نەبوایە ئیشی نەئەکرد • مایەی ئازارو شەرمەزاری هەمیشەیی بوو • هـەر ئەوەندەی دەرئەکەوت کوڕ گەل‌و منداڵانی گـەڕەك خۆیان بۆ پاڵ‌پێوەنان ئامادە ئەکرد • بەدەم پاڵ‌نانیشەوە قسەی خۆیان ئەکردو نوکتەبازی‌یان ئەکرد •

– لێیان ناگرم • کـەم کەس ماوە ، ئەوی راستی بێت ، هـەر کەس نەماوە بێزی بێت سواری ئوتۆمۆبیلێکی وەها ببێت •

ئەمەی بە داخو زووخاوێکی تاڵەوەو ووتو لەسەری رۆیشت :

– بەس هـەر ئەمڕۆی ماوە ، مـەرج بێ بیفرۆشم • دەست بکەم بە گیرفانی دۆستو دوژمنداو دانەیەکی تازەو باشتر بکڕم •

شەقامەکەش وەکو جاران جمەی ئەهات • گیڤەی ئوتۆمۆبیلی خێراو زرمەی هۆرنی بەرز گـەڵای درەختـە زەبەلاحەکانیان ئەهێنایە لەرزین •

ئۆتۆمۆبیلەکـە خێـرا کەوتـە ئیش ، لەخۆشیا ئەوە نەبوو شامەرگ نەبێت • حەزیکرد دابەزێتو تێروپڕ ماچی بکات •

– جاریوا هەیە ئاسنی بێگیان لە مرۆڤی خاوەن گیـان بـە بەزەییو پیاوترە •

ئەمەی بەوورتەوە ووت ، وەک لەوە سڵبکاتەوە بەرگوێی یەکێک بـکەوێت •

– خەریکم ئەبم بە وشکە فەیلەسووف •

شـەرم دایـگرت • یەک دوو جـار ئاوڕی دایـەوەو زەردەخەنەیەک لێـوە باریـکەکانی کشاند • زیاتر لەوە ئەچوو بەخۆی پێبـکەنێ • رۆژ لە ئاوابووندا بوو ، تیشکە لاوازەکەی لەسەر سنگی چەقابوو • بۆ یەکەمجار لە ژیانیا هەستیکرد ئـەو دەردی ترسو سڵکردنەوەیەی هـەرگیز دایئەگرت خەریـکە ئەڕەوێتەو بـگرە بۆ ماوەیەک هەستیکرد خەریکە ئەبێتە پووشێک

فووی لێبکەیت ئەفڕێ بەئاسمانا •

– بۆ نا ! بۆچی خەم بخۆم ؟ بۆچی بترسم ؟ پارچە زەوییەکم نییە بەتەمابم خانووی لەسەر بکەم • پارەم لە بانکا نەخەوتووە • بیست‌وپێنج ساڵە دۆستی گیانی بەگیانی خامەم • بیست‌وپێنج ساڵە ، هەموو ساڵێک دووانزە جار دەست بۆ ئەم مشتە دووچەیەم پانئەکەمەوە • بیست‌وپێنج ساڵە هەموو رۆژ ئەڵێم سبەینێ باشتر ئەبێت • هەموو مانگێک وائەزانم مانگی داهاتوو خنەیەک بزەیەکی تێدایە ، هەموو ساڵێک چاوەڕوانی ئەوەم ساڵی داهاتوو زۆڵە شەماڵێکی پێوە بێ •• بەس •••!

لەم کاتەدا یەک دانە هۆرنی حەبەنتەری بەرز بەجۆرێک دایچڵەکاند ئەوە نەبوو سەری نەدا بە بن‌میچی ئوتۆموبیلەکەدا • ئوتۆموبیلێکی شۆخ وەک تێسکەی تفەنگ بەلایدا تێپەری ، لاوێکی هەرزەکار بەنازەوە سوکانەکەی گرتبوو • ئاوڕێکی خێرای لێدایەوە ، لێوی لەگەڵ دەستێکیا ئەجووڵاند ، چاوەکانیشی بەتوورەییەوە زەق‌کردبوو • دیاربوو جنێوی ئەدا • رقێکی کتوپڕ دای‌گرت • رووی سوور هەڵگەڕا • شانازی کردن بە خامەو نووسین دەروونی داگرت •

– راستە ئۆتۆمۆبیلەکەی من پەککەوتەیەو لە چل تێناپەڕێت ، بەس بۆ جنێو ئەدەیت؟ ئەگەر وابێ ، بە ریشی باوکت ، دەی بە ریشی خۆت‌و باوکت •

هەستی کرد کەمێك دامرکایەوە . بەڵام ڕۆژەکەی زۆر گەرم بوو گەرمایێك بوو بۆ خۆی . ئاو بەرووبا ئەهاتە خواریّو چاویلکەکەی لەسەر لووتی ئەخزاند . بە دەستێك لێی ئەخوڕیو بە دەستەکەی تریشی پەیتا پەیتا رووی چاویلکەکەی ئەسڕی .

– هەر ئەوەم ماوە وەك جامی ئوتۆمبیل دوو فلچەش بۆ ئەم چاویلکەیەم دابنێم .

تووکی سەری یەك پارچە بووبوو بە ئاو . هەوڵیدا بە دەسمەسڕەکەی ووشکی بکاتەوە بەڵام دەسمەسڕەکە بوو بە ئاو .

– بۆ گەرمای وەها ئەبێ سەر سفر بتاشرێ .

ئەمەی بە تووڕەییەوە ووتو هەرچەند ئەشیدی چۆن خوا پێداوەکان پەنجەرەی ئوتۆمبیلەکانیان قەپات کردووە ، ئەوەندەی تر دەمار ئەیگرتو ئارەقی ئەڕشت .

ئا لەم کاتەدا مامۆستا شیروان لەناکاو هەستی کرد وێنەی سەعە کەچەڵ لە قوڵترین شوێنی یادیدا هاتەدەرێو لە بەردەمیا قوت بۆوە .

دەمێك بوو نەیدیبوو . قوتابخانەی سەرەتایی تەواونەکرد . کەچەڵی وەك خۆی نەبوو . ئەگەر بە تاقی تەنیا ناوی لە لیستەی کەچەڵاندا بنووسرایە بەس بوو ئاسمان بکاتە سایقەی ساماڵ . ئای ...! ئیستەش لەبیریەتی ، هەروەکو دوێنی رووی دابێ ،

بەهاران هەرچەند ئارەزووی سەیران کردنێکیان هەستایە ، بۆ ئەوەی بارانێکی ناکا سەیرانەکەیان لێ تێك نەدات ، ناوی کەچەڵەکانیان لە لیستەیەکدا ئەنووسی‌و لە حەوشە فڕێیان ئەدا•ناوی سەعە کەچەڵ هەرگیز یەکەم ناو بوو • قورئان بەهەقت هەموو جار بەدڵی خۆیان سەیرانیان ئەکرد •

ئوتۆموبیلەکە تەکانێکی‌دا • ئەمیش دڵی داخورپاو سەعـەو باران‌و سەیرانی لەبیرچووەوە • « نا •• مەکە •• دەستم دامێنت مەکەو پەنـگم پێ‌مەدە • » •

ئوتۆمۆبیلەکە وەکو بەزەیی پیادا هاتبێتەوە ، پاش یەك دوو نزگەرە کەوتەوە باری خۆی • ئاهێکی پیا هاتەوەو دیسان چووەوە سەر سەعە کەچەڵ :

ـ ئا •• بەڵێ ، دوێنێ سەعە کەچەڵی دی • سەعە کەچەڵ نەبوو ، بەڵـکو کاك سەعیدێـك بوو کەری نـێر نـەی ئەکێشا • بەرێکەوت لە مەخزەنێك چاوی پێی‌کەوت • شوێنەواری ســـەرە کەچەڵەکەی هەر نەمابوو ، بە شەرەشەق ناسییەوە • سەرو قژەکەی لە هی لاوێکی چواردە چرتر بوو• تەنیا لاجانگەکانی ماش‌و برنج بوون ، ئەوەش چونکە مۆدەکەی وەها بوو • کراسە نایابەکـەی تا ناوکی داچەقاندبوو ، ملوانکەیەکی زێری پیا هاتبووە خوارێ • ختووکەی ناوکی ئەدا • دوو پەنجەی بە دوو موستیلە رازاندبۆوە ، گەوهەرەکانیان ئەوەندە گەورە بوون لە ناوچەوانی گامێشت بدایە

وڕی ئەکرد • هەروەکو دوێنێ لەیەك دابڕابن گورج ئەمی ناسیەوە• بە جۆرێك دەستی کردە ملی وبەخۆیەوە نووساند لەوە ئەچوو ئەگەر برای راستەقینە نەبن ئەوە برای شیرین • کەوتە ماچ کردنو لستنەوەیو لەگەڵیشیا ئەیووت :

- ئێ •• کاکی نووسەر • ئاگام لێتە •• نووسینەکانت ئەخوێنمەوە ، ئامادەم هەموو نووسینێکت لەسەر حیسابی خۆم بڵاو بکەمەوە •

پێم بڵێ ئەوە چی ئەکەیت لێرە ؟

« دەك بەدرۆ دڕێیت • تۆو خوێندنەوە • لەمو لەوی بیستووە • ئەگەر درۆی نەفرۆشتایە وەها نەئەبووە یەکشەوە »• ئەمەی بەسەردا هات • کەمی مابوو بێتە سەر زمانیو بیدرکێنێ • بەڵام خۆی گرت •

- چی ئەکەم ؟ جا ئەمە توو سەری خۆت پرسیاری ئەوێت؟ بەئەنقەست ناوی سەری هێنا • بەڵام ئەو سوور هەڵنەگەڕا ، کەمو زۆر تێکنەچوو • « کەواتە لەجامبازیدا بووەتە شای وەستایانو ئابڕووی تکاوە »• دیسانەوە ئەمەی بەسەردا هاتو ئەمجارەش خۆی گرتو ووتی :

- هاتووم بزانم گۆشتی میری هەیە •

- گوشتی میری ؟ نەکەی •• باوکم مەکەو ئەو گۆشتە

هی خواردن نیە • بە سەری تۆ دڵم نایە بە پشیلەو سەگەکانی بەردەرگاشی بدەم • کێ ئەڵێ گۆشتی کەر نیە ؟ تۆش وەکو مـن بـکە ، لاشەیەکی تەواو بکڕەو ئیتر سەری خۆت مەیەشێنە •

ئەمـەی ووتو بە نازێکی ژنانەوە دەستێکی بەسەریا هێنا • خێراش قۆلی کرد بەقۆلیاو بەرەو دەرەوەی مەخزەنەکە بردی •

– فەرموو بۆ کوێ ئەتەوێ بتگەیەنم •

– سوپاس • ئەو بارگیرە سەقەتەم هەیە ، بەسمە ، کاری خۆمی پێ مەیسەر ئەکەم •

بەجۆرێک رووانیە بارگیرە سەقەتەکە ، وەیزانی زۆر نابات ئەکەوێتە رشانەوە •

– وەرە ، دەی وەرە سووار بەو ئیرکۆندیشنی ئەم تۆیۆتایەم تاقیبکەرەوە • نەکەرۆژێـکە بۆ خـۆی ، چواردە هـەزارم بۆ رۆژێکی وەها گەرم پێداوە •

کـە دی لەشوێن خۆی نابزوێو دەمی نەکردەوە ، لەسـەری رۆیشت و هەتا ئەهات قۆلی زیاتر ئەگوشی :

– مەرسیدسێـکی دووسـەدوو هەشتام هـەیە ، بەس ئیرکوندیشنەکەی ناگانە هی تۆیۆتاکە ، دەرەقەتی ئەم گـەرمایە نایەت ، ئیتر ناچار تۆیۆتاکەم کڕی •

– مەرسیدسەکەت بە چەند فرۆشتەوە ؟

ئەم پرسیارەی کرد ، هەر لەبەرئەوەی ئەیویست شتێک بڵێ •

- بیفرۆشمەوە ؟ قا •• قا •• های •• قا •• قا •

قاقای ئەو پێکەنینە ناسازە ، لەوە ئەچوو هەزار بەردی دابێت بە زەڕینی گوێدرێژدا •

- ها •• های •• بیفرۆشمەوە ؟ بۆچی بیفرۆشمەوە ؟ لــە ماڵەوە دامناوە •

- دەی برا پیرۆزت بێت • هیوامە قەت ئارەق نەکەیتــەوە ، ئارەقێکی وەها لەسەرتەوە نەتکێ و بەرووتا نەیەتە خوارێ • ئەمجارە سەعە ، بە واقی وڕماوەوە لەجێی خۆی چەقی •

لەناکاو یەک هۆڕنی هۆقەلی ئەوەنەبوو پێستی پێ نەدڕێ • نیرنێکی درێژی لە شەمەنەفەر چوو وەک تریسکە بەلایا تێپەڕی • ئەرۆشتو ئەروشتو بڕانەوەی بۆ نــەبوو • لەتاوا هــەر ئەوەی پێ کرا چووە ســەر شۆسەکە • ســەیر ئەوە بوو ئوتۆمۆبیلەکەی نەکوژایەوە • هەستێکی شادمانیو شانازی دایگرت • حــەزی کرد دابەزێتو ماچێــکی بــکات • بگرە بۆ ماوەیەک بیری لەوە کردەوە نەیفرۆشێت •

« هــەتا ئاسنی رەقو تەقیش لەوانەیە پاش دۆستایەتییەکی درێژ ببێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی •مرۆڤ هەستی تەنیاییو بێ کەسی وەها لا توندو تیژ بووە ، ئامادەیە ئاسنیشی خۆش بوێ ، ئای لــەم

شارستانەتی‌یە بێ‌بەزەییە ...! » .

کە گەیشتە پیشانگاکانی ئوتۆمۆبیل کڕین‌و فرۆشتن ، وەستا . بە پیاسە هات‌و کەوتە گەڕان . پاش ماوەیەکی کورت بۆی دەرکەوت پارەی ئوتۆمۆبیل کڕین نییە . گەنگ‌ترین ئوتۆمۆبیل کوجا مەرحەبای لەگەڵ گیرفانی ئەودا ئەکرد . وەک کوێرێک بێت‌و چاویان بێ‌دابێتەوە ، لەناست ئەو هەموو نیۆنانە بە شەوارە کەوت . هەتا پێی‌کرا گورج گەڕایەوە . لەناکاو دەستێک نیشتە سەر شانی .

داچڵەکی‌و بەسڵەوە ئاوڕی دایەوە . حەمە مشکە لەلای راستییەوە وەک ئەستێرەیەکی وون‌بوو قنچ وەستابوو . زوو ناسییەوە ، لێشاوی بیرەوەری رژایە سەرییەوە . « ئەوەندەی لە مشک ناشیرین‌تر بوو ، دە ئەوەندەش زۆڵ‌و کەڵەک‌بازتر بوو » .

ئەم وێنەیە وەک فلیمێک بەخێرایی بە بەرچاویا هات‌و چوو .

— هاتووم ئوتۆمۆبیلێک لەوەی خۆم باشتر بکڕم .

کەمێک وەستا ، کە دی حەمە مشکە بێ‌دەنگە تەواوی کرد .

— وادیارە بە دەستی بەتاڵ ئەگەڕێمەوە .

— بەس من بە دەستی بەتاڵ ناگەڕێمەوە .

چاوێکی نا بەدڵی هەڵتەکاندو تەواوی‌کرد :

— زۆر بەدڵم نییە . بەس چی ئەکەیت ؟ ناچار کڕیم .

ئەمەی ووت‌و دەستی بۆ مەرسیدسێک درێژ کردو لەسەری رۆیشت :

- کاکە چی بکەم • دایکی منالآن پێی لێ کردووەتە کەوش و لـــە دەرسیدس کەمتـری ناوێ • بەدەستی بەتالیش بـگەڕێمەوە شاربەدەرم ئەکات •

چاوێـکی خەفەتاوی لێڵ بووی لەسەرەوەتا خوار بە حەمـــە مشکەدا هێناو ووتی :

- بووره ئەبێ بڕۆم •

لەســەر شەقامــە سەرەکییەکەی بەشی یەکێ دوو هەفتــەی تەنیاییــەکێ دایـگرت ، ئازارەکەی کەلەکـــەی هێنایە ئێش • لەبەرخۆیەوە ئەیووت : « ئەوەی بیزانم و ئاگام لێی بێت حەمە مشکە تا ئەم ساتە دووچەخورێکە ، مووچەکەی بەشی یەکێ دوو هەفتــەی ئەم رۆژانە ناکات •• ئێ •• ئێ •!

مانگێ بەئاسمانەوە ئەدرەوشایەوە ، تیشکەکەی لەو ئاسمانــە پاکـە بێ گەردەدا خۆی بە رۆژ نەئەگۆڕییەوە ، بەڵام لەناو بریقــەو تیشکی نیونەکانی پیشانگاکاندا شەرمی لە خۆی ئەکرد •

مامۆستا شیروان ، لەسەر بلۆکێکی تاقانەی وێڵی سەرشەقامەکە دانیشت • ئەژنۆی وەکێ تەلی کـەمانێک ئەهـــەژی • باسی دەروونیشی هـەر مەکـە • بە بێ تاقەتییەوە چاوی هەڵبڕی سەیرێکی نیونەکـانی کرد • هـەستی کرد لـەوە ئەچن بە قوردێلەی رەش پێچرابن • رووناکییەکەیان هـەتا ئەهـــات کزئەبوو • جـــۆرە سەرخۆشییەکێ هـەموو گیـانی تەنیو بیرکردنەوەو دەمارەکـانی

لەشیان سست کرد • وەیزانی لە ماڵەوەیەو سەرخەوێک ئەشکێنێ •
لەناکاو هەستی کرد شتێك بەرشانی ئەکەوێت • ئاوڕی دایەوە •
پیاوێکی ریش ماش‌و برنج بەهێواشی دەستی ئەدا بەشانیاو
بێ‌ووچانیش ئەڵێ :

– سۆل •• سۆل •• سۆل بکڕە •

ویستی بەڕوویا هەڵشاخێت‌و تێر جنێوی بکات • بەڵام کە
رووە چرچە پڕ ئازارەکەی دی دڵی نەرم بوو •

– سۆل ؟ من سۆلم ناوێ •

ڤیرسیچمانە پێوەی نووسا • سۆلەکانی پیشان ئەداو لەگەڵیشیا
خێرا خێرا ئەیووت :

– بەرۆژ فەڕاشم ، بەش ناکات ، هەر بەش ناکات • مناڵیشم
زۆرە ، بۆیە ئێواران سۆل ئەفرۆشم •

تووڕەییەکەی تەنییەوە •

– باشە •• سۆلێکم بدەرێ • بە چەندە ؟

– بە دووانزە پەنجایی ؟

– دووانزە پەنجایی ؟

بە حەپەساوییەوە تێی‌رووانی • بۆچی پەنجایی ماوە هەتا
یەک‌و دوو و دووانزەی مابێت ؟ بەراستی سەیرە •

– راوەستە •• نەختێک راوەستە تا بۆت بخەمە زەرفێکەوە •

سۆلەکـــانی بە رووتی گرتو خستیە بنهەنـــگڵیو بەرەو ئوتۆمۆبیلەکەی بەهەڵەداوان رۆیشت •

لە رێـگا وێنەی سۆڵفرۆشەکە بە بەرچاویا ئەهاتو ئەچوو • دەروونی خرۆشاوی هەڕەشەی لە گیانی هیلاکبوو ئەکرد •

لەماڵەوە خێزانی ووتی : یانە •• قەت شتی وەهـام نەدیوەو نەبیستووە ، بەخێر چویت ئوتۆموبیل بـکڕیت کەچی بە سۆلێکەوە بۆم گەڕایتەوە • هیچ نەبێ لەپێی بکە بزانم بەپێت ئەکات •

کـە لەپێی کرد ، نیو بست لە پێی گەورەتر بوو • ئەوسـا بۆی دەرکەوت بۆچی وەها بە هەرزان پێیفرۆشت • ئازارو داخێـــکی بێشومار گیانی گوشی • خێزانە ژیرەکەی گورج ووتی :

– فەڕاشێکی هەژاردان هەیە ، پێی ئەوەندە زلە لەوە ئەکـات تاشەبەردی بەسەردا هاتبێ • ئەم سۆلە مەگەر هەر بە پێی ئـــەو بـکات • بڕوا بکە کە بیدەمێ دڵی ئەوەندە خۆش ئەبێ لەوە ئەکات گەنجی فەرهادی دۆزیبێتەوە •

تاریـکی لەدەرەوە ئەوەندە تەڵخ بوو تەنـــگی بـە چـراو گڵۆپەکانی ژوورەوە هەڵچنیبوو بەرادەیەک رووناکی نەیئەتواند• هەر ئەوەی بێ کرا دەست بەرێو سویچەکان دابخاتو ماڵەکـەی تاریک پۆش بـکات •

١٩٨٣/٦/٢٢

# نامەیـەکی کورت

برای خۆشەویستم کاک هاورێ رۆژباش •

پێویست ناکات دوو سێ دێڕ بە چاکو چۆنیو سڵاوو مـــاچ کردنی ئەمو ئەو پڕبکەمەوە • ئەم جۆرە نووسینە زیادانە ـ کە زۆر جار بلۆفو دوورووییشیان تێدایە ـ ئەبێ لابدرێن •

دەمێکە نامەت نییە • لەوە ئەکات تۆش لە هەموو شتێک بێزار بوو بیت ، هـەتا لە ووشـــەش تاقـــەتت چووبێت • گلـــەییشت نایەتەسەر • لەوباوەڕەدام تۆش کونجی قەناعەتت گرتووە ، دەرگاو پەنجەرەت لەسەر خۆت داخستووە ، بەڵام خەڵکی ، بیروباوڕیان ، قسەی باشو خراپیان لەگـەڵ تەپوتۆزدا ئەگـەنە سەرتو ئەچن بەگەرووتاو ئەتخەنە کۆکەکۆکو چاوەکانت پڕئەکەن لە ئاو •

وەنەبێ منیش لە تۆ باشتـــر بم • بەس ئەوەیە لەم رۆژانـــەدا رووداوێکی سەیر •• زۆر سەیر قەوما • بە چاوی خۆم دیم ، بۆ

هـاوەیەک دنیـای لەبیر بردمەوە • بریارمدا بۆتی بنووسم • لـە دڵی خۆمدا ووتم بە نووسینی ئەم نامەیە چەند سەعاتێک خۆم لـەم جیهانە بەقوڕ گیراوە ، شێتو هـارو داڵوێرانە دوور ئەخەمەوە ، خۆ ئەگـەر توانیم تۆش بۆ داوەیەک داپچڕێنم ، ئەوە لاموابێت رەوایە ئافەرینێکی سـاوام بۆ بنێری •

بەس تـکایە کەمێک دان بە خۆتا بـگرەو لێم راوەستە • هەر ئیستە شتێکی خۆشم هاتەوە یاد • ترسام لەوەی پشت گوێی بخـەمو لەبیرم بچێتەوە ، بۆیە وا دەستوبرد بۆتی ئەنووسم •

لەمرۆژانەدا کـاک نەژادم دی • لاموابێ تۆش چـاک ئەیناسیت کۆنە برادەری قوتابخانەی ناوەندمـان بوو • وێنـەی ئەوجۆرە هـاوڕێیانەش هەرگیز لە سووچێـکی یاددا ئەمێنێتەوە • چونـکە داوەی ئەو تەمەنەیە مرۆڤ لەخۆیەوە ئەکەوێتە هەڵبەرکێ • بەڵام بە شەرەشەق ناسیمەوە • گوێی راستی بەجۆرێک ئاوساو و ئەتووت تۆپی هەوریان تێ ئاخنیوە • چاوەکـانی یەک پارچـە گۆماوی خوێنێک بوون بۆخۆیان • وەمزانی بەو بەیانییە خـۆی کەیل کردووە • بەڵام وەک بزانم حەز لە خواردنەوە ناکـات • وەختی خۆی برادەران لەبەر ئەو «ناتەواوییە» گاڵتەیان پێ ئەکرد • دەمی بەجۆرێک خوار بووبوو سەگ بەزەیی پیـادا ئەهـاتەوە ، ئەوەندە بەزەحمەت ئەیکردەوە لەوە ئەچـوو لـە هـەردوو لاوە لالغاوەی بەزۆر بۆ رابکێشن •

– ئەبینی ؟

پاش هەوڵدانێکی زۆر تەنیا ئەمەی پێ ووترا •

– ئەبینم ، تۆ بڵێی ئەوەندە کوێرو مزمەعیل بم ئەم رووە سەرەو ژێربووەت نەبینم ؟ چییە ؟ لەوە ئەچێ کفرت کردبێت ماشایەخان دەستیان لێ وەشاندبێت •

بەوەی باش بوو تاوێک هەستی بەزەیی لە دەنگما دیار بوو ، بۆیە توورە نەبوو ، گورج دەستی خستە سەر رووومەتی و دەمی کرایەوەو خێرا ووتی :

– هەزار رەحمەت لە مەشایخان • جنیویشیان پێبدەیت بەم جەستەیەت نابەن •

دەستێکی نا بە رووومەتیاو دەستەکەی تریشی بۆ بەرزکردەوە وەکو بیەوێ بڵێ رێگام بدە تەواوی بکەم •

– بەکورتی چوومە لای پزیشکی دان • باشترە بڵێم چوومە لای دانسازێک •

ئەمەی ووت و دەستی بەرەو شوێنێکی ژوور سەری هەڵبڕی • چاوم بەرزکردەوە • ناوی پزیشکێکی دانم دی ، سێ چوار شەهادەی لەگەڵدا نووسرابوو •

– پزیشکێکی ناودارە •

بەئازارەوە سەری بۆ ڕاوەشاندم •

- بەڵێ • ژوورەکەی هێندە قەڵەباڵغە ناپەرژێتە سەر هەمووان •

لەسەرخۆو بەترسەوە دەستی خستە سەر شوێنە ئاوساوەکەو لەسەری رۆیشت :

- لەگەڵ دانە سەقەتەکە ، واتە کلۆرەکەدا یەک دوو دانی تریشی هەڵکێشا• کە هەستم بە کارەساتەکە کرد شاڵاوم بۆ برد:

- ئەوە چیت کرد ؟

- ئەگەر ئەوانەشم هەڵنەکێشابایە ، ئەبوو نیوەی کاکیلەتم لە دووارۆژدا بڕیایە • دەی گوێ مەدەرێ •

دەستێکی لاواندوەی بەسەرما هێناو تەواوی کرد •

- تاقمت بۆ ئەکەم •

هەر ئەمەم کەم بوو ، ئەی ئەگەر خێزانم ماچ کردو تاقمەکەم چەقیە ناو دەمی ئەوسا چی بکەم ؟ بەس لەوکاتەدا •••!

لێرەدا وەستا • دیاربوو زۆری وتبوو • کە هەستی کرد ناودەمی جێی خۆی گرتۆتەوە ، تەواوی کرد :

- بەس ئەوکاتە بیرم لەم شتێکی تر ئەکردەوە ! چەند ئەکەوێتە سەرم ؟ چەندم لێ ئەسێنێ ؟

بەوەی باش‌بوو خۆی پەلەی بوو ، بۆیە دۆستانە دەستێکی دا بەشانماو ووتی :

– خۆت بێ‌تاقەت مەکەو مەشڵەژێ • خاترت ئەگرم‌و بە دووسەد دینار ناقمێکت بۆ ئەکەم ئیسقانی پێ داگرێنەو خەمت نەبێ • مەرج بێ بتکەمەوە بە کوڕێکی چواردە ساڵ •

هەرچەند من زیاتر لێی ئەپاڕامەوە ئەو خێراتر بەرەو دەرگاکە پاڵی پێوە ئەنام • لە هەمووی ناخۆشتر •••!

جارێکی‌تر وەستاو دووایی لەسەری ڕۆیشت :

– پارەی هەڵکیشانی دانە ساغەکانیشی لێ سەندم •

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو ووتی :

– بڕیارم‌داوە بە پووکم بکەومە خواردن • کە سووا با دەری بهێنن • بەس با بەخۆڕایی بێت •

ویستم پێ‌بکەنم • بەلام تووخودا تۆش لە جێگای من بوویتایە پێکەنینت ئەهات ؟

جا کوڕی باش ، ویستم بەم‌نامەیەم کەمێک دڵت خۆش بکەم بەلام وادیارە بەم‌وێنە تەڵخانەمیزاجت تێک‌ئەدەم • ببوورە زیانەکە خۆی وەهای لێ‌هاتووە •

دەی با واز لەم جۆرە باسە ناخۆشانە بهێنم‌و بێمەوە سەر ئەو ڕووداوە سەیرەی بەڵێنم‌دا بۆتی بنووسم •

ڕووداوەکە بەم‌جۆرە بوو •

کاکە هاوڕێ : تکامە یەک ساتی‌تریش دان بەخۆتا بگرەو تووڕە مەبەو دەمار نەتگرێ • پێش ئەوەی ڕووداوەکەت بۆ بنووسم ، تکایە بە کاک شێرکۆ بڵێ ، ئەو کاک شێرکۆیەی وەختی خۆی ناوی جەواڵدڕەان لێ نابوو ، پێی‌بڵێ : «با دڵی خۆش بێت‌و لەمەودووا تێر بنوێت‌و خەوی لێ بکەوێت ، ( هاوڕێ خۆشەویستەکەی ) لە سایەی خواوە لە سەگ سواڵ ئەکات • بەڵێ •• ئەرێ بەخوا بەڵێ ، ئەو هونەرمەندە بەتوانایە ، ئەوەی لە شوێنێکی‌تر بووایە پەیکەری بۆ دروست ئەکراو ناوی ئەچووە سەر هەموو زمانێک‌و لەسەر دۆشەکی زێر پاڵ‌ئەکەوت ، لەم‌ڕۆژانەدا سەرێکم لێ دا • بینیم لیستەیەکی بەدەستەوەیە • کە لێم‌پرسی ئەو لیستەیە چییە ؟ ناوچەوانی هێنایەوە یەک ، لەجیاتی تووڕەیی ، ڕێز لەخۆگرتن‌و شانازی لێ ئەتکا • برۆی ڕاستی بەرزکردەوەو لەسەرخۆ ووتی :

– نیمە ، کاکە نیمەو دەستم کورتە • ئەبێ بەپێی ئەم لیستەیە ژیانی خۆم‌و ماڵ‌و مناڵ ڕێک‌بخەم • نابێ فلسێک لە سنووری ئەم لیستەیە زیاتر خەرج بکەین •

چاوێکم بە لیستەکەدا خشاند • تاسێک بردمییەوە • پەنجا دیناری بۆ خەرجی مانگێک دانابوو • بەڵی •• بۆ خۆی‌و ماڵ‌و مناڵ پەنجا دینارو هیچی‌تر • گەر بزانی لەسەر شەت ماسیەکی مام‌ناوەندی بە پەنجا دینارو زیاتر ئەفرۆشرێت تۆش وەک من تاس

ئەتبانەوە • گەلێك هەر لە ماوەی یەك سەعاتدا پارەی چوار پێنج ماسی فڕێ ئەدەنە شەتەوە • خوا ئاگادارە کاکی هونەرمەند بە کیلۆ میوە ئەکرێت ، ئەوەش بزانە ، باو باوی بە سنووقەو بە فەردەو بەرچنە کڕینە ، ئەگەر داوای یەك کیلۆ لە میوەفرۆش بکەیت بەجۆرێك سەیرت ئەکات ، لەوە ئەچێ مێش لە خۆی دەربکات • باسی ئەوانەش ناکەم •• ئەتووانن لەباتی کەرە سەموونەکانیان بە زێر چەور بکەن •

وادیاربوو ، کاکی هونەرمەند ئەم هەستو نەستەی لە رووما خوێندەوە ، بۆیە هاتو دەستێکی دا بەپشتما ، لەوە ئەچوو ئەو دڵخۆشیم بداتەوە • دە وەرە شەق مەبەهێشتا ئەو دڵخۆشی مـن بداتەوە •

- گوێ مەدەرێ ، مەبەستم لەم ژیانەدا ئەوەیە بە سەرو لووتێکی بەرزەوە بژیم و بنێژرێم • لەمە زیاتر هیچی ترم گەرەك نیە •

دەی با کاکی جەواڵدڕ دڵی خۆش بێت • ئەگەر ئەوەش بزانێ وا لە خانووەکەی دەرئەکرێتو ئەگەر خانوویەك بە چوار ئەوەندی کرێی خانووەکەی ئێستەی بدۆزێتەوە ئەبێ شوکرانە بکاتو ئێمەش ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە بکەوینە خۆمانو پیتاکی بۆ کۆبکەینەوە • بەس وەك ئەیناسین مردنی لەوە لا خۆشترە • ئەڵێم کاکی جەواڵدڕ کە بەمەی زانی لەخۆشیا باڵ ئەگرێتو ئەبێتە باڵۆن •

ئێ .. ئێ .. ! هەر بە خۆم ئەڵێمو ئەڵێمەوە ، واز لە پیاوەکە بهێنەو بەمجۆرە باسانە سەرو دڵی مەگرە ، بەس تکای لێبوردنمە ، منیش مرۆڤم ، لەشم گۆشتو ئێسکەو ئاسنو پۆڵا نیم . کـورە بەخوا ئاسنو پۆڵاش بووایە ورەی بەرئەدا .

هەر ئێستە دێمـە سـەر نووسینی باسـە خۆشەکـە . بەس پێش ئەوەی بۆتی بگێڕمەوە ئەم چەند دێڕەشت بۆ ئەنووسم .

تۆش گلەیی لە من مەکە ، منیش دەردیسەریو سەرئێشەم کـەم نییە . ئەوە سێ چوار سـاڵە چاوەڕوانـم ئوتۆمۆبیلی نـوێ وەربگرم . بەڵام هەر دیار نییە . ئوتۆمۆبیلە کۆنەکەشم پیر بووە ، وەك خۆم پەکی کەوتووە . ئەگەر خۆمتووشی هەزار دەردو نەخۆشی ببم سەر لە پزیشك نادەم . ئەوە بڤەیـە . بـەس ئوتۆمۆبیـلەکە قرخەیەکی لێوە بێت گورج ئەیگەیێنمە فیتەر . ئای لە فیتەر ؟ هەزار بەردیان داوە بە پشتی پزیشکەکاندا . لە یەك مانگدا سـەریان لێ بدەیت رووتو قووتت ئەکەنەوەو بەدەردی کاکـی هونەرمەنـدت ئەبەنو تووشی ئامادەکردنی لیستەت ئەکەن .

نا !. بەسە ... هەر ئێسـتە دێمە سەر نووسـینی رووداوە خۆشو سەیرەکە . رووداوەکە بەمجۆرە بوو .

تووبی خودا ، تو سەری منداڵەکانت یەك ساتی تریش راوەستە. رووداوێکی زۆر خۆشم بیرکەوتەوە ، بڕوا بکە لەوە بەتامترە کە نیازمە بۆتی بنووسم . وازبێنە با باسی بکەم .

لەم رۆژانەدا چووم سەرێکم لە( دال ) دا ، بێگومان باش ئەیناسیتو مەیانەتان هەیە • تەنیا بوو ، ئەوانیتر لەوێ نەبوون • هەر کە دیمی بەجۆرێك دەستی کردە ملمو تێروپڕ ماچی کردم لەوە ئەچوو دە پانزە ساڵ بێت بۆنی پێوە نەکردبم ، ئەوی راستی بێت ، چوار پێنج رۆژ لەوەوبەر بەیەکەوە بووین • لەوە ئاگاداریت ئەگەر دوژمنی باوەکوشتەشی بووبایە ئەوەی لەگەڵدا ئەکردم • چی ئەکەیت پیاوەکە دڵسافو ساویلکەیە • هەروەکو جاران قەڵەوو گۆشتنە • باش لستنەوەم ، دانیشتەوە ، ئەوسا دیم چۆن پشتێنەکەی لە چرچولۆچی ورگیا وونبووبوو • بەکورتی یەکێکە لەو کەسانەی قەت پشتێنەکەی لە کەمەری خۆیدا نەدیوەو قەتیش نایبینێ • ئەگەر نەخۆشییەکی سەختی ناکا لاوازی بکا ئەوە تێتراندنی یەك هەفتە ، یەك هەفتەو بەس ، ئەیکات بە مەڕی دابەستە •

دەی سەرت نەیەشێنم دووانزە جار ووتی ( چۆنی چاکی ) • بۆ یەکەم جار لەم ماوە درێژەدا بینیم لووتی بچووك نییە • بەس گوپەکانی ئەوەندە پڕو قەڵەون ، واتە ئەوەندە گووپنە لووتی بچووك ئەنوێنێ • هەر لە چاكو چۆنیەکەی بۆوە ، دەستیبرد لە چەکمەجەی مێزەکەیدا سێ گۆڤاری دەرهێنا • لە هەرسێکیانا بەوێنەو ووتارێکی دوورو درێژ لە سێ بەشدا بڵاوکرابوونەوە ، دڵم خۆش بوو [ ئەزانی لەم رۆژانەدا تاكو تەرا کەسان ماون دڵیان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ناسیاوو دۆستەکانیان خۆش بێت ] • لە کانگای دڵەوە پیرۆزباییم لێ کرد • ویستی بیانخاتەوە ناو

چەکمەجەکە ٠

- بۆچی ؟
ئەمم بە سەرسووڕمایەوە لێ پرسی !
بە روویەك ئازاری لێ ئەتکا وەلامی دامەوە :

- واز بێنە ٠ حەز ناکەم کابرا [ وەك ئەزانی کابرا لە هەمان دایەرەو هەر لەو ژوورەشدا ئیش ئەکات و ئەوکاتە لەوێ نەبوو ]٠ لەناکادا بێت و چاوی پێیان بکەوێت ٠ ئەزانی لەوانەیە لە رقدا شێت بێت و دوور نیە هەل بێنێ و لەناویان بەرێت ٠

تۆ خۆت کابرا باش ئەناسیت و ئەزانی لەگەڵ ( دال )دا ، دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێت ٠ هەمان نەخۆش و دەردە سەختەکەی ئەم میللەتە دڵوێرانەیە ٠ لە هەموو شوێنێکدا دووان دانوویان بەیەکەوە ناکوڵێت ٠ ئاخ لەم دەردە سەختە ٠ واز بێنە با لەسەری نەڕۆم ٠ بۆچی ٠ بەخۆڕایی برینی هەردووکمان بکوڵێتەوە ٠

لەوکاتەدا هاوار هەستا ، تەلەفۆن ٠
تەلەفۆنی ژوورەکەیان وەك جاران هەمیشە عەمەلمەندە بوو ٠

(دال) خێرا هەستا و دەستێکی خستە سەرشانم ، لەوە ئەچوو نەیەڵێ هەستم ٠ لەگەڵیشیا ووتی :

_ هەر ئێستە دێمەوە ٠
خۆشی باش ئەیزانی ئەو( هەر ئێستەیە ) بەلای کەمەوە

نیوسەعات ئەبات • گۆڤارەکانیش بێ‌خاوەن لەسەر مێزەکە مابوونەوە• ئەمزانی کە ( دال ) هاتەوە ، بە نیوسەعات بەدەم قسەکردنـــەوە ئەمگەیێنێتە بەر دەرگای ژوورەکە • بە نیوسەعاتی‌تریش ڕەوانەی بەر دەرگای دەرەوەم ئەکات • ویستم سوود لەم هەلە ببینمو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە زوو خۆم دەرباز بکەم •

بەڵام حەزم ئەکرد ( کابرا ) چاوی بە گۆڤارەکان بکەوێت • دڵنیا بووم لەوەی بەندی دڵی ئەپچڕێ • لەبەرئەوە دانیشتمو لە دڵی خۆشما ئەموت : خوایە بینێری •

هێشتا نزاکەم تەواو نەکردبوو کە (کابرا) هات•دڵنیابووم لەوەی چاوەڕوانی هەلێك بوو (دال) بچێتەدەرێو زوو خۆی بگەیێنێتە لامو تێـروپڕ جنێـوی پێ‌بدات • وادیاربوو راســت بۆی‌چووبووم • هەر کە ( دال ) چووە دەرێ ، خێرا هاتە ژوورێ • سلاوێـــکی گەرمو گوڕی کرد • بەو سلاوە گەرمەی کە لەو نەئەوەشایەوە رێگای پاك کردەوە • پێش ئەوەی بکەوێتە قسە ، ئاوڕی دایەوەو گۆڤارەکانی لەسەر مێزەکە دی • وەك داڵی برسی پەلاماری دان • یەکەم دانەی سەرەوەی هەڵگرتو کردیەوە •

بێگومان ئەزانی ( دال ) ئەو گۆڤارانەی ئەوەندە پیشانی ئەمو ئەم داوەو لەوشوێنەی باسی خۆیان تیادایە هێندەی کردوونەتەوە ، هەر کە گۆڤارەکانت بکردبایەوە لەوشوێنانەدا ئەکرانەوە کە باسو هەواڵو وێنەی (دال)یان ، تێدا بوو • جا هەر ئەوەندەی یەکـەم

ژمارەی هەڵگرت خێرا لەوشوێنەدا کرایەوە کە باس ( دالی ) تێدابوو •

لەوە ئەچوو کارەبا گرتبێتی • رووی بەجۆرێك تێك چوو قەڵەم توانای وەسف کردنی نییە • ئەو خۆی وەك ئەزانی ، رووی لەوە ئەکات باوەڕنێکی دڵرەق باش بۆی هەڵگلۆفێت • ئاخێکی شاراوەی لێ هەستا • بڕوا بکە ئاخی هەزار دایکی جەرگ سووتاوی ئەهێنا • هەتا پێی کرا گۆڤارەکەی تووڕداو بەهەڵەداوان بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت بەرەو دەرگای ژوورەکە رای کرد •

دڵنیا بووم لەوەی خۆی پێ ناگیرێت و بۆ سەیر کردنی ژمارەکانی تر ئەگەڕێتەوە • ئەمجارەش راست بۆی چووم • پەککو لەم عەلاماتی زیرەکییە • کە زانی هێشتا ( دال ) لەوێ نییە ، گورج گەڕایەوە • یەکسەر بەرەو مێزەکە چوو ، لەوە ئەچوو هەر منی نەدیبێ • دەستی بردو ژمارەی دووهەمی هەڵگرت • ئەو ژمارەیەش لەو شوێنەدا کرایەوە کە باس و وێنەی ( دالی ) تێدابوو • یەجۆرێك گۆڤارەکەی تووڕدا وەزانی دووپشکی گرتووە • ئەمجارەش هیچی نەووت • بەس راکردنە خێراکەی بەرەو دەرگای ژوورەکە ، دەروونی تەواو خستە روو • لە دڵی خۆمدا ووتم : هێشتا ماوتە •

چاوم لێ بوو بە بەرپەنجەرەکەدا پیاسەی ئەکرد • پاش ماوەیەك کە دڵنیا بوو ( دال ) هەر دیار نییە ، خۆی کردەوە بە ژوورەکەداو بێ ئەوەی ئاوڕم لێ بداتەوە بەرەو مێزەکە غاری داو پری کرد بە

دوواژمارەی گۆڤارەکەدا • هەر کە کردییەوە ، وەك ولاخێکی هیلاك پرمەی لێ هەستا •

ـ لەم قسە قۆڕو پڕوپووچانە زیاتر هیچی‌تـرت نەدۆزییـەوە بیهێنی ؟

ئەمەی ووت‌و بە دەستێکی نیوە مردووەوە گۆڤارەکەی دانایەوە•

ـ هەر ئاگام لێی نییە !

لەسەرخۆو بە ئەوپەڕی ساردییەوە وەلامم دایەوە •

شلەژا ، دیاربوو ئەگـەڕا بۆ شتێك ئـەو چەوتییەی پێ پینـە بکات • دووایی هەر ئەمەی لە دەم هاتەدەرێ : « ئەزانی ئەمانـە قسەی قۆڕن ؟ »

هەستم‌کرد دەمار ئەمگرێ • بەلام هەر ئەوساتەش هەستم‌کرد بەزەییم بەوو بە ( دال )ی بە خۆم‌و بە ژوورەکەو بە هەموو شتێکدا دێتەوە پەیوەندی پێمانەوە هەبێت • ساردبوومەوە • تەریقیەکـــی زۆر سەرتا داوان دایگرتم • هەرئەوەم بێ‌کرا بلێم : نا ••؟

تووڕەیی هێندەی‌تر دەم‌وچاوی مۆن‌کرد • خێرا چووە دەرێ•

وا دیاربوو ( دال ) ، زەلامێکی لەسەر تەلەفۆنەکە بەگیر هێنابـێ‌و ئاگای لە گۆڤارەکانی‌و منی میوانی نەمابێ • هەستام‌و چوومە دەرێ •

دەی برالە با بێمە سەر ئەو رووداوە خۆشە سەیرەی بەلێنم‌دا

بۆتی بنووسم • بەس وا شەو پیر بوو چقەی دەرکرد ، منیش هیلاك بوومو تاسامو سەری تۆشم هێنایە ئێش • دەی با گیڕانەوەی ئـەو باسە خۆشە دڵفڕێنە هەڵبگرین بۆ نامەیەکی تر •

١٩٨٣/١٢/٨

ئەم چیرۆکە پێشکەش بێ بە برای نووسەرم
کاك موحەممەدی مەلا کەریم •

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| تامپۆن | ٣ |
| پێنج تابلۆی شیواو | ١٧ |
| هونەرمەند | ٣٦ |
| پەریی ناو جەنگەڵەکە | ٥٠ |
| ئێوارەیەک | ٦٣ |
| سەد فلسەکەی ئاسمان | ٧٤ |
| خەمنەخۆر | ٨٢ |
| گەشتەکەی ئەحمەدەفەندی | ٩٢ |
| گوێدرێژیش باسی هەیە | ١٠٥ |
| سۆل | ١١٨ |
| نامەیەکی کورت | ١٣٠ |



لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا

ژمارە ( ١١٠٧ )ی ساڵی ١٩٨٥ی دراوەتێ

دانەی بە (٨٠٠) فلسە

چاپخانەی (الحوادث) بەغدا ـ ١٩٨٥
ت ٤١٥٢٦٨٥